# دنیا لە کتێبێکدا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# دنیا لە کتێبێکدا

## ڕۆمان


**جەبار جەمال غەریب**



ناوی کتێب: دنیا لە کتێبێکدا – ڕۆمان
نووسینی:  جەبار جەمال غەریب
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە:  ١٦٤
چاپی یەکەم
دەرهێنانی هونەری:  بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان:  ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحمود
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٤٣١)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ
چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر– ٢٠٠٢

## 1

# بچووکترین نوێژکەر



من دەمزانی لەو شەڕەدا دەسەڵاتێکم نییە

تازه کەس خاوەنی هیچ نییە، هەمووی چەند کاتژمێرێکی دیکەیە و دەبێ زیرووح لەو شارەدا نەمێنێ، دەشێ ئەو شارە بەهەڵە ئاوەدان بووبێتەوە، هەستم دەکرد خانوو مزگەوت و قوتابخانەکان بەپێی خەڵکەکە هەنگاو دەنێن و شار جێدێڵن، مەرە پیرەکان وەک خەڵکەکە دوا ئاوڕی پڕ وڕی و گەمژەییان لە تەویلەکانیان دەدایەوە و بەڕێدەکەوتن، کەس هەستی بەو تۆزە نەدەکرد بەری ئاسمانی گرتبوو، هەناسەی تەنگ دەکردن، هەموو لە هەوڵی شتێکدا بوون، ئەوەتا خانووەکان دەتەپن و ماڵ دەسووتێ و ڕەحلە و کورسی قوتابخانەکان دەبنە خۆڵەمێش و پەڕەی قورئانەکان بەنیوە سووتاوی لەنێو دوکەڵ و ئاگردا بەرزدەبنەوە، هەموو شتەکان تێدەچن، کەچی خەڵکەکە لە هەوڵی شتێکدان کەس نازانێ چییە، کە وەئاگاهاتم منیش دەبێ لە هەوڵی شتێکدابم، بەپەلە چوومە مزگەوت و گوێم لێبوو، دەنگێک دەیگوت:

– پێ لەو پەڕە مووبارەکانە مەنێن، هەڵیانگرنەوە، ژن و ماڵتان لەبیر کەن و ئەو لاپەڕە پیرۆزانە جێمەهێڵن.

کەس نایبیستێ و هەموو سەرقاڵن، چوومە ژووری مزگەوت فەرش و کومباریان لوولدەکردن، تاقی کتێبەکان بەسەریەکدا ڕوخابوو، ئەو قورئانانەی جزوبەندیان پسابوو کەوتبوونە دەم با و دوایەش دەکەوتنە بەرپێی خەڵکەکە. گوێم لە هاوارێک بوو دەیگوت:

– ئەی بێ باوەڕینە ئەو پەڕانە لە بن پێتان هەڵگرنەوە.

دەنگێکی کە دەیگوت:

– بڕۆ لە هەوڵی منداڵەکانتدابە، لەو پەڕانە گەڕێ، ئەوانیش خاوەنیان هەیە بیانپارێزێ، تاوێکی دیکە نەک ئەو پەڕانە شار هەمووی دەسووتێ.

خاوەنی دەنگەکە، کە پیاوێکی پیر و ماندوو بوو، بەقامکە ئەستوور و زبرەکانی چەند پەڕێکی بەخشەخش کۆکردنەوە و پێش ئەوەی لە دەرگا ئاوابێ بەئەسپایی دەنێو تابووتێکی سەر ئاوەڵای نان، من بەدوای تاکە





کتێبێکدا دەگەڕام، دەمزانی مەلا ئەو کێبەی زۆر خۆشدەویست و ئەگەر مابا تەنها ئەو کتێبەی لەبن باڵی دەنا، دەبێ لە جێیەکی چاکی تاقەت کردبێ، لە پشت میمبەرەکە، دوو پلیکانە چوومە سەرێ و لە تاقێکی بڵندا کتێبەکەم دیت، دەستم برد تاوی دەمێ، باسکم قورس بوو، دەنگێک لە دوامەوە هاواری کرد:

– **ئەو کتێبە بەخەبەر مەهێنە!**

دەنگی مەلا بوو، بەڵام مەلا چەند ساڵە لەنێو خوڵێکی وەک خەنە ڕاکشاوە، دەستم کێشاوە و ئاوڕم دایەوە کەس هۆشی لە من نییە و سەرقاڵن، پلیکانەیەکی دیکە چوومە سەرێ، نەموێرا خێرا دەستی بۆ بەرم، تەماشایەکی بەرگەکەیم کرد، ڕەنگە کەسکە کاڵبووەکەی تۆز ونی کردبوو، دەنگەکە دیسانەوە گوتی:

– **با شوێن پەنجەی مەلا بەو کتێبەوە شەهیدبێ.**

هەوڵێکی زۆرم دا ئاوڕدەمەوە، بریسکەیەک یان ئەفسونێک لەسەر تۆزی بەرگی ڕەنگچووی ڕەنگی بردم، جگەری مژیم، ئەو تۆزە تۆزێکی ئاسایی نییە، تۆزی ڕزینی مێشک و ئێسکە، پێم سەیر بوو چۆن ئەو ساڵانە ئەو کتێبەیان ڕەش کردووە لە کاتێکدا عومرێک ژیانی مەلای ڕۆشنکردبۆوە، دڵنیابووم دەنگەکە لە دوامەوە شتێکم پێدەڵێ، کتێبەکە دەیویست بدوێ، بەڵام من لە بارێکدا نەبووم لەوان بگەم، زانیم خەڵکەکە خەریکی بەشکردنی کومبار و پانکە و بەرماڵی مزگەوتن، پەنجەرە و دەرگاکان کرابوونەوە و با گەمەی بەوێنە و ئایەتە پیرۆزەکانی سەر دیوار و هەست و نەستی خەڵکەکە دەکرد، پەڕە بەرێز و شکۆدارەکان، قورئانە خەمبار و کەساسەکان تەنها و تەنهاتر لە فرمێسکی هەتیو دەتکانە نێو هەوا، دەنگەکەی وەڵامی دەنگە زبرەکەی دابۆوە، وەختێک یەکێک لەو فەرشانەی دەیانساڵە نوێژی لەسەر دەکرێ و تێر دوعا و پاڕانەوەی لەسەر شان دانابوو، دوا ئاوڕی لە دار و دیواری نێو کەلاوەی مزگەوت دایەوە، بەنیگای مردوویەکەوە تەماشای پەڕە بڵاوەکانی کرد و بەقورگێکی پڕ

خەنجەرەوە، گوتی:

**– ڕاستە ئێمە بێکەسین، ئەمما ئەو پەڕانە کەسێکیان هەیە.**

خەڵکەکە لە وشەی بێکەس سڵەمینەوە و وەک چیلکە قرچەی شکانیان هات، بێ ئەوەی لێیان بڕوانم، دەمدیتن، نەک جل: گۆشت و پێستیان لەلەش داڕناوە و بەئێسکێکەوە لە قامیش وشکتر و لە ڕێواس ڕووتتر ڕاوەستاون.

هەر دەگەڵ ڕەوینەوەی دەنگەکە، گۆشت و پێستەکەیان هاتەوە بەر و جلەکانیان بەبەر هەڵکشاوە، بەتووندی و تووڕەیی دەدوان، وەک ئەوەی بیانەوێ بەو دەنگانە دیوار و ساپیتەی مزگەوتەکە هەڵدڕن و کەسێک کە کەسی بێکەسانە ئەو دەنگانە ببیستێ.

مێروولەیەکی هێندەی زەنگیانەیەک بەسەر تۆز و گەردی کتێبەکەدا دەڕوا، بەئاستەم، دەمهەوێ پەنجانم بجوولێنم، مێروولەکە وەلانێم، تۆزێکی وەک کل بەسەری پەنجەمەوە دەنووسێ و کۆخەیەکی تووند دەمگرێ و چاوم سوور دەبن، نەمدەزانی بەنێوچدا تێپەڕیم، ئەوانەی باڵیان گرتووم شێوەیان لەنێو تۆزی ڕەش و بۆخەی مێروولەدا شاردراوەتەوە، ئەوانە لە بەرزاییەکی نادیارەوە لە باڵم دەنەون و منیش بێ ئەوەی بتوانم ناڕازی بم خۆم داوەتە دەست، ئاسوودەم بەو خۆدانە دەستە، تەسلیم بوون بەو هێزەی دنیام لێ جیادەکاتەوە پاشایەتییە، نازانم چەند جاریان سنوورەکانی مەرگ لێداخستووم، ئەو سنوورانەی چەند ویستوومە وەک باشوو بیانبڕم بەڵام هەمیشە وەک جرج گەڕاومەوە، ئەوانەی باڵیان گرتووم شێوەیەکیان نەبوو بخوێندرێتەوە، هەناسەیەکیان نەبوو بژمێردرێ، ڕەنگێکیان نەبوو چاوی پێ بگیرێ، تاکە سیمایەک لە ڕوویاندا بیناسمەوە، ئەو سیما هاوڕێیانەی عومرێک لەگەڵم ژیان و نەیاندواندم، ئەو سیمایانەم دیوە، پێم ئاشنان، سەردەمێک زووتر وەختێک مەلا لە نوێژی بەیانیان ئایەتە درێژەکانی دەخوێند، دەمدی پیاوە پیرەکان ونەوزیان دەدا و، خەو سنگی ڕادەتەکاندن، من ئەو کاتە بچووکترین نوێژکەر بوم،





هەر زوو ئایەتەکانی خۆم تەواو دەکرد و دەکەوتمە نێو زوقمەکانی دەنگی مەلا، ئەو ئایەتانەی مەلا دەیخوێندن زۆر لە ئایەتە نووسراوەکانی نێو کتێب درێژتر بوون، ئەو ئایەتانە ئێمەیان بەسەر ئەو پردانەدا ڕەت دەکرد کە نەماندەزانی لە چ دروستکراون و لە کوێوە دەست پێدەکەن، لەوە دەچوو ئەو پردانە بەسەر مێرغوزاری دنیادا بۆ مەنجەنیقەکانی دۆزەخمان بەرن، من دەمویست ئەو پردانە کۆتاییان بێت و پیاوە پیرەکانیش بخەون، لەنێو دەنگی مەلا سیمای ئەو پیاوانەم دەدیت، ئەو سیمایانەی ئەوڕۆ لە پیلم نەویون، ئەو سیمایانە زۆر دوور بوون، تەنها من دەمدیتن و هەر منیش دەمزانی دەگەڵ دەنگەکانن، ئەو سیمایانە بەنێو ڕیزبەندی نوێژکەراندا تێدەپەڕین و بەقورسی دەستیان لەسەر شانم دەدا، لە نێوان هەناسەیەک و هەناسەیەکی دیکەدا بزر دەبوون، خێرا لە قەڵشە گەورەکانی دیوارەکان سەریان دەهێنایەوە دەر و، من خۆم هێندەی دیکە چوکەڵە دەکردەوە و دەمویست ئەو سیمایانەی ئەو دەنگە بڵاویان دەکاتەوە نەمبینن، بەڵام ئەوان بەچاوە قووڵ و بێ بنەکانیانەوە بۆم دەگەڕان، ئەو چاوە بێ بنانەی نەیاندەهێشت لە باڵا و لەشیان بڕوانم، ئەو ڕۆژە گوێم لێبوو، ئەو ڕۆژە بیست و حەوتی ڕەمەزان بوو، یەکێکیان گوتی:

**– لەژێر قورسی دەنگی مەلا بە دەساڵ دەنکە گەنمێک زیاد دەکەی.**

ئەو دەنگە هێند قورس و وشک بوو، وەک قوڕقوشم کەوتە نێو لیتاوی بوونم و هەناسەم، هێندەی دیکە چوکەڵە بوومەوە هەر ئەوە نەبوو بەفەرشەکەوە نەنووسێم. دەمزانی دەبێ لەنێو ئەو ئایەتانەدا دڵخۆش بم، جوانترین خەونیش بۆ دڵخۆشی لەبەر دەستمە، ئەوەتا بۆ خۆیان گوتیان "هێندەی دنکە گەنمێک زیاد دەکەم"، با بچووک بم و بەفەرشەکەوە نووسابم خۆ ڕووم لە زیادبوونە، ئەو سیمایانە دەنێو تاریکی بەیاندا دەجوولان و چاوە بێ بنەکانیان وەک کونی ئەو دیوارانە دەچوو ئەو سەریان دیار نەبێ، وەک ئەو کونە دیوارانە شتێک وەک وەهمی چاو لە قووڵاییی هەرە ڕەشیاندا دەبریسکاوە، هەندێ جار وەک شەونمی بن لێفە تریسکەی دەدا، لەو

کاتانەدا دەم و چاوی زەرد و سیسەڵەم گەش دەبۆوە و دەگەیشتمە سەر ئەوەی دوعاکانم بکەم، ئەوەتا کەسێک گوێی بۆ گرتووم، ئەو باق و بریسکانەی تەنها بۆ ئەوە هاتوون دڵم بدەنەوە و دوعاکانم بەرن، مەلا بەدەنگێک وەک بەردێک فڕێدەیە لیتاوێکەوە، دەنگێکی قەپ و هێواش و سنگبڕ هەڵیدەکوتایە سەر نوێژکەران، مەلا بەدەنگێکی پڕ پاڕانەوە بۆ خوا و سەدایەکی پڕ خەنجەر و هەڕەشە بۆ خەڵک ئایەتە درێژەکانی لە سنگی موبارەکیدا بەرەڵا دەکردن، منیش بە دووچاوی پڕ ترس و پڕ فرمێسک دەمدی سنگی مەلا وەک ئاوی کەوسەر شەپۆڵ دەدا و لەبەر تەوژمی پڕ کەفی ئاوەکە هەناسەم بۆ نادرێ و خەریکە قم بم، بەیانییەک وەئاگا نەهاتبام، ئەو سیمایانە بەحیرسی مامۆستایەک و بوغزی جەللادەوە لە باڵم دەنەوینوو، بێ ئەوەی ماوەم بدەن چاوم هەڵگلۆفم و ئەو ڕیفۆقانەیان لێبکەمەوە پێڵوەکانمی پێکەوە نووساندوون، دەمبەن و لە ڕیزی دوایە ڕامدەگرن، من نازانم چۆن دەستنوێژم هەڵگرتووە، ئەو ئاوە وەک شەختە بەڕوومەتمدا دێتە خوار و لە چەنەگەم دەتکێ، دڵم دەلەرزێ و سەرما وەک قانگە لاشک دەمێهنێ و دەمبا، سیمایەکان بەهەمان بوغزی جەللادەوە پێم دەڵێن.

– **هێندەی دەکرێ بلەرزە تا لە ئاگری دۆزەخ دووربی.**

من حەزم لەو لەرزینەیە و، حەز دەکەم بێ تواناترین و هیچترین کەس بم، کەس ڕوحم پێ نەکا و بکەومە بن پێی هەموان، بەو نیازەی دەستێک کە دەستی کەسی بێ کەسانە، قۆڵم بگرێ و دەست بەسەرم دابێنێ و بروانێتە چاوە پڕ فرمێسک و بێ هێزەکانم و بڵێ:

– **تۆ ئەو گەوهەرەی پیسی دنیات پێدەناسمەوە.**

من لەو قسانە تێناگەم و وەک چۆن لەو مەلایە حاڵی نەبووم هەموو قورئانی سەرلەبەر بەحونجە پێ خەتم کردم، بەڵام کانییەک لە سنگم هەڵدەقوڵێ، کانییەک هێند بەنەشئەدام دەپۆشێ، خۆشییەک وەک نەرمەگیا لەبەرە دەستم دەڕوێ، فرمێسکێک لە چاوم دێتە خوار





هەستدەکەم هەرچی توخمی ئادەم لە هەناومی ڕواندبوو دەگەڵی هاتەدەر و سەرئاوکەوت.

من ئەو سیمایانەم تەنها لە نوێژی بەیانیان دیوە، بەباڵی فش و سەری وەک بەردیانەوە بەنێو نوێژکەراندا دەهاتن و دەچوون، تەنها لەبەردەمی من دەوەستان و منیش بەچاوێکی پڕ ترس و شەرمەوە تێم دەڕوانین و ئەوان بەچاوێکی وەک ئاگرەوە دەیاندوانم وەک تیغ نیگا نەرمەکانی منیان دەبڕی و زمانی پاڕانەوەم لێ ون دەبوو، فرمێسکە هەرە گەورەکان و هەرە گەرمەکانی تەمەنم دەڕژان، ئەوانیش دەیانگوت:

– **تەنها ئەو فرمێسکانە بەفریات دێن.**

من لەو ڕۆژانە دەترسام کە ئەو فرمێسکانە بەفریام دێن، دەمویست بەدوای ئەو سیما مسانە بکەم و وەک سەگ لەبەر پێیان بتۆپم و چیدی چاوەڕێی نەهامەتییەکان نەکەم.

***

مجێوری مزگەوتەکە وەک بزانێ ئەوان پیلیان گرتووم و چەند پێ بەرزبوومەوە، دەستی دا ئەو بەڕەی لەسەر پلیکانەکان ڕاخرابوو کە من لەسەری وەستابووم، بێ ئەوەی سەرنجی من بدا، دەریکێشا و لوولی کرد، لەسەر ڕووکاری پلیکانە گڵەکانی میحرابەکە شوێن پێی مەلا دەدەرەوشاوە، مەلا ساڵێکیش پێش ئەوەی بچێ، نەیدەتوانی بچێتە سەر میحرابەکە، لە دوارۆژەکانیشی زۆرجار هەر بەنیگا داوای لێدەکردم لە باتیانی شتێک بۆ نوێژکەران بڵێم، سەرەتا شەرم و سووربوونەوە، دواتر دەنگ گڕکردن و شیڕاندن، ئەوجا ناسین، ناسینی دەموچاو مەلامیح، ناسینی هەستی پڕ تەسلیم بوون و پەنا، دەیان دەموچاو، دەیان ڕەسم و هێڵ، ئەو نوێژکەرانەی دەهاتن پیاوی جادە و کۆڵان و پشت مێز و بارەکان بوون، پیاوی زینا و دزین و فڕوفێڵ بوون، ئەو نوێژکەرانە پیاوی نوورانی و قورئان خوێن و دەست پاک بوون لەناو چوار دیواری مزگەوت هەموویان چاو پڕ باران و ڕیش تەڕ و دەست ئاواڵابوون، دەستەکان دەکرانەوە بۆ

ڕەحمەت و ڕزق، بۆ بەرەکەت و سامان، بۆ بەخت و یەخباڵ، دەستی لە ڕزیوی پیرەکان ئەو دەستانەی تەمەنێکیان لەگەڵ دەلەرزی، من لێرە لەناو مزگەوت **دەستم** ناسی، دەستەکان وەک باڵدار و مەل و دەسرەی فڕیو بەرزدەکرانەوە، من هەستم دەکرد دەستی ئەو شارە هەمووی دەپاڕێتەوە و شار لەسەر سواڵ دەژی، ئەو دەستانە ئەمانەتی خۆیان نەدەهێنا، دەمزانی هەر ئەو دەستانەن شار دەکوتن و ژن وێران دەکەون و خوێن دەڕێژن و بەرتیل وەردەگرن، ئەمانەتی ئەو دەستانە لوغمێک بوو لەنێو دوکان و شوێنی کار و نێو باخچە دەتەقی، ئەو ڕۆژەی هەستم کرد هەموویان خیانەت لە ئەمانەتی خۆیان دەکەن، دەنگم بلّند کرد و گوتم:

**– دین واتا ئەمانەت، خۆشەویست پێتان دەفەرمووی ئەمین بن، ئەو دەستانەی لە سنگێکی ناپاکەوە دێنە دەر هەمیشە لە دەرگای خوا بەبەتاڵی دەگەڕێنەوە، ئەوە دەستی ئەمینە پڕ دەبێ لە ڕەحمەت و بەرەکەتی خوا، پاک بن بەرامبەر فەرمانی خوا و بەرامبەر هاوسێ و بەرامبەر ژن و وڵات و خۆتان...**

من ئەو کاتە ترسابووم و خەونێک شڵەژاندبوومی، پێم گوتن.

– لە خەونمدا ئەو دنیا هیچ و پڕ ڕیا و فاحیشەیە کۆتایی هاتبوو، فەنابووبوو، ڕۆژ ڕۆژی خوابوو، ڕۆژی حیساب و ڕوو سووری بوو، لەو ڕۆژەدا سەربەست و ئازاد ببووم، بەدەست چەند فرمیشتەیەکی نوورانییەوە بووم، لە میزان تێپەڕیبووم، دەچوومە بەهەشت، وەختێک لەگەڵ پیاوانی خوا بەرەو هەبەشت دەڕۆیشتم، دەنگێکی گڕ وەکو ئاگر، لەلای چەپم هاواری لێ کردم.

– وەرە، وەرە، ئەمانەتەکەم بدەوە...

دیتم ناسیاوێکی کۆنم، کە دەمێکە کۆچی کردووە، لەنێو قەفەزێکی ئاسن، بەندکراوە، دانەکانی پێشێی درێژ و چاوی سوور بوون، ڕووت بوو، بێ پشت و پەنا بوو، ئەو پیاوە، بە ئەمانەت، تاکە درەهەمێکی دابوومێ، دواتر بێ دەنگم لێ کردبوو، ئەو ڕۆژەی مرد پەنجا فلسم نەبوو، دواتر لە





بیرم کرد، لە ڕۆژی خوا، لەنێو چوار دیوار ئاسن، بۆی هاوار دەکردم و دەیگوت:

– کوا ئەمانەتەکەم؟

پێش ئەوەی بتوانم وەڵامی دەمەوە یان بچمە لای، پەنجەیەکی، بەنینۆکی درێژەوە بۆ ڕاکێشام، پەنجەیەک وەک شیشی ئاگر، بەهەموو هێزی بەپشتیدا کردم، پشتم سووتا و نینۆکی چڵکن و پیسی لەسەر مەمکی چەپم هاتەدەر، تەنها ئەو ئازارەم لە ئازاری مەرگ ناخۆشتر دیوە، سنگم بۆ نوێژکەران ڕووت کرد و گوتم:

– وەرن ببینن، سەر مەمکی چەپم هێندەی ئەو پەنجا فلسیە ڕەش بووە لەو کابرایەم وەرگرتبوو، نەم دابۆوە.

دواتر ئەو خاڵە ڕەشەی سەرسنگم بووە هۆی پیرۆزی و خۆشەویستیم، من لەو خەوە ترسام و سڕی ئەو خاڵەشم تا ئێستا نەزانی.

لەزەتم لەو ترسە نهێنییە وەردەگرت بەسەر ڕووخسار و جوڵەیاندا دابەشم دەکرد، هەستم دەکرد لەگەڵ ئەو ترسە دەچمە نێو چاویان و ناتوانن بەرامبەربوونی من وەک غەریبێک لە جەستەی خۆیاندا هیچ بکەن، ئەو ڕۆژەی باسی مردنم بۆ کردن و گوتم:

– نابێ لە مردن ڕووتان گرژ کەن، ئەو دەردەی بەکەس چار ناکرێ مردن چاری دەکات، لە بیرتان نەچێ مردن دیاری خوایە بۆ بەندەکانی وەک چۆن ژیانیش دیارییە، چۆن بۆ لەزەتەبێ بەهایەکانی دنیا خۆشحاڵ و سەرگەرمن هەرواش و زیاتریش بۆ کاروانی مردن "تاکە حەقیقەت لە دنیادا" دەبێ خۆشحاڵ بن، چۆن پێشوازی ژیان دەکەن هەروا پێشوازی مردن بکەن، خراپترین پێشوازی مردن بەگریانە...

هاوارم کرد و بەگریانەوە گوتم:

– لە بیرتان چوو، لە بیرتان چوو بینایی چاوان چۆن باسی مردن دەکات... جارێکیان خۆشەویست، پێغەمبەری نازدار، بەسەر قەبرانێکدا تێپەڕی، دیتی ژنێک لە ژوور سەری قەبرێک دانیشتووە بەکوڵ دەگریا،

خۆشەویست بەلوتفی موبارەکی لێی پرسی:

«ئەوە بۆچی دەگری؟»

ئافرەتەکە گوتی:

«بۆو مردووە»

خۆشەویست فەرمووی:

«چت بوو؟»

ئافرەتەکە گوتی:

«نزیکترین کەسم بوو، خۆشەویستم بوو»

ڕەسوڵی نازدار فەرمووی:

**«حەقتە بگری، چونکە تۆ یەکێکت خۆشویستووە کە دەمرێ، حەقتە بگری، چونکە نزیکترین کەس لێتەوە قابیلی فەوتانە، تۆ دەبێ یەکێکت خۆش بوێ کە هەرگیز نامرێ، دەبێ نزیکترین کەسی ئینسان نەمرێ، خواتان خۆش بووێ، خوایەک کە هەرگیز نامرێ، خوایەک کە پشتان چۆڵ ناکا، جوانترین کار لەگەڵ مردوو ئەوەیە زوو تەسلیم خوای کەیەوە، بەزووترین کات بیشاریەوە».**

دیتم ڕووی مەلا وەک بەردێک بیەوێ بجووڵێ، گوتی:

– «ئەو قسانە لە کوێ فێربووی؟»

گوتم:

– «لەو کتێبە گەورەی تۆ؟»

گوتی:

– «من زیاتر باسی ژیانم بۆ کردووی نەک مردن».

منیش گوتم:

– «بەڵام ئێمە چەند ساڵێک زیندووین و هەزاران ساڵ مردووین».

ئەو گوتی:

– «ئەو هەزاران ساڵە بەتۆ ناگێڕدرێتەوە لەو چەند ساڵەی ژیان بدوێ».





منیش ڕەقتر لەوەی لێم چاوەڕوان دەکرا، گوتم:

– «خوا ئەمرم پێدەکا هەزاران ساڵەکە بگێڕمەوە».

کتێبەکەی لێک ناو گوتی:

**– «تۆ کارێکت بەو کتێبە نەماوە».**

دیاربوو مەلا، دواجار، بەلاقی تەڕەوە پێی لە پلیکانەکان نابوو، من ئاوی دەستنوێژەکەیم بەسەر گڵەکەوە دەدی، وەک وشک نەبووبێتەوە، هەر ئەو ڕۆژە مەلا بەتکاوە پێی گوتم:

– «ئازادی تۆ باسی هەزاران هەزار ساڵەکانی مردنمان دەکەی یان ئەو چەند ساڵەی تێیدا دەژین، ئازادی. بەڵام تکایە لە شاردنەوەی من پەلە مەکەن وەختا و وەخت بمهێڵنەوە».

ئەو داوایە لە من ناکرێ، دەشێ مەلا بۆ خۆی بەرەو مردن بڕوا، گوتم:

– «مامۆستا تۆ پیاوی ئەو دنیای دیکەی، خوێن و ئێسکت هەموو ئەو ئایەتە جوانانەی لێ نووسراوە کە لە نەفسی خوا ڕژاون».

مەلا بەڕەنگێک، مەلا بەهەست و نەبزەیەک کە ئی خۆی نەبوو، کە کەس پێیەوە نەدیبوو، گوتی:

– من حیکمەتەکانی ئەو کتێبە گەورەم هەموو پێ گوتی: بەڵام حیکمەتەکانی خۆم و مزگەوتم پێ نەگوتووی، سرڕ و نهێنی ئەو سیمایانەم پێ نەگوتووی شێوەیان دەسڕیەوە، ئەو سیمایانەی لەبن عەبا ڕەش و خەت خەتەکەم خۆیان دەشاردەوە و وەختێک هەموو نوێژکەر دەچوونە سوجدە دەهاتن لەسەر شانت دادەنیشتن و تۆ هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووی جارێکی دیکە سەرهەڵێنی و ئەو کێوەی سەر شانت بڵندکەی، بەڵام خوا بەدوا وشەی ئایەتەکانمدا هێزێکی بۆ دەناردی و وەک کێوێک بڵندکەی سەرت لە سوجدە بڵنددەکردەوە، تۆ ئەو نهێنیەت بەئێمە نەگوت، نهێنی سەر بڵندکردنەوەکەت نەدرکاند، منیش ئەو هێزەم کەشف نەکرد، تۆ ئەگەر ئەو هێزەت مابا کە لەو ئایەتانەت وەردەگرت، نهێنییەکان دەشکان و نەدەبوو منیش سێ جار بمرم».

ئەو دەنگە لە دەنگی مەلا نەدەچوو، ئەو ڕەنگە ڕەنگی مەلا نەبوو، **ئەو سیمایانەی لەبەرچاوی من لە دیوارەکان دەهاتنە دەرێ، چۆن چوونە نێو جوبەکەی مەلا، من هەمیشە وامدەزانی ئەو سیمایانە بێ پرسی مەلا و بەنهێنی وەنێوم دەکەون، ئەو سیمایانە جگە لە شێوەی پڕ سام و پڕ لوغزیان، پێیە ڕووتەکانیان، ئەو پێ قورسانەیان، هەتا وێت نەکەوتبان نەتدەزانی مسن، لەو کاتانەی سوجدەم دەبرد و لە ترس و موحیببەتی خوا دەگریام، هەستم دەکرد جگە لەلاشەیەکی بێ هێز و مردەڵە و پڕ پاڕانەوە و نابووتی ڕووحێک کە خۆی پێی بەخشیووم هیچی دیکەم نییە فیدای کەم، جەستەی شل و نەرمی من لە بن ئەو پێ مسانە وەک لیتا و دەپژا و بڵاودەبۆوە، لە بوونی خۆم زیاتر ئەو پێیانە جێیان لە ناخم داگیرکردبوو، نازانم بۆ بەهەموو دڵێکەوە ئارەزووم بوو ئەو سیما نادیار و پێ مسانە مەحفم کەنەوە و بمکەنە تۆز.** من وەختێک بەرامبەر خوا دەوەستام دەمزانی هیچ لەوە خۆشتر نییە، هەرچی زووە فیدای بی و ببیە تۆز، من لەو تەمەنەدا لە باخە بێ کۆتاییەکانی فرمێسک و ئیتاعەت زیاتر چیدیم نەبوو، نازانم بەچ هێزێک، نهێنییەکانم شکاندوە» یان بۆ دەبێ مەلا «سێ جار بمرێ».

مەلا لەو گێژاوەی دەرکێشام و گوتی:

– تۆ دوا کەسی دەرسم پێگوتووی، هێندەی وشەکانم فرمێسکم بۆ دەڕێژی؟»

دەمدی مردن لە پەنا مەلا چاوم لێدەنوقێنێ و هێند بەتەوس و پلار چاوم لێ دادەگرێ خەریکە ئەژنۆم بشکێ، وەک مەرایی بۆ مردن گوتم:

– «ئەدی لە بیرت نەماوە کە دەفەرموێ مردنم وەک ژیان بۆ کردوونە دیاری»

مەلا چاوێکی بۆو جێیە سوڕاند مەرگ خۆی لێ پەنا دابوو، گوتی:

– **«دیارییەکی گران! دیارییەک کە ڕەتناکرێتەوە».**

دەمویست مەلا لەوە ئاگادار کەمەوە کە ئەوەتا مەرگ لە پەنایەتی،





باهێندە غەیبەتی نەکا، بەڵام مەرگ بەسیمایەکی وەک بەردەوە، وەک بەردێک ئاگری گرتبێ تەماشای کردم و دوایەش وردە وردە وەک ئەوەی دڵنەواییم بکا بەهەمان تیژییەوە لێی ڕوانیم، ئایەتەکانی سینەم فریام نەکەوتن و بەمەلام گوت:

– قوربان، ئەوەی لە شیرینی مەرگدا غەرق بێ ناگەڕێتەوە».

نازانم مەلا گوێی لەو قسەیەم بوو یان نا، بەڵام سیمای مەرگ کەوتبۆ نێو هەوا، ڕەوەیەک کە نازانم بڵێم ڕەوەی چی، لە پێستی مەلا، لە ڕەنگ و هەناسەی جیا دەبوونەوە بەجێ پێیە بێ شوێنەکانی مەرگدا لە هەوادا ڕۆیشتن، دەڕۆیشتن و منیان لە بەتاڵییەکدا جێهێشت کە نەدەکرا باوەڕبکەی لەو بەتاڵیەدا پایەکان نارمێن و دیوارەکانی بەرنابنەوە، باوەڕ ناکرێ لەو بەتاڵیەدا بن میچکە نایەتە خوار، ئەو ڕەوەیەی لە مەلا هەڵدەستا نازانم بڵێم وەک ڕەنگی مێرووله زەردەکان دەچوو یان وەک تووکی زەردی ئەو حوشترەی ساڵێکی ڕەبەق مەیتی ئیمامی عەلی لەسەر پشتی بەبیاباندا گێڕا، ئەو رەوەیە وەک رەوەی ئومێدی مەرگ و زەعفەران بەنێو هەوای بەتاڵدا دەکشان و دیوارەکانیان دیوە دەردەکرد و تێدەپەڕێن، وا پێدەچوو، مەلا، تەنها جلەکانی لەوێ کەوتبن، دەنگێکی لێهات کە زیاتر لە شکانی هێلکە دەچوو، گرمەیەک دیوەکەی پڕ کرد و پەنجەرەکان تێکڕا شکان و بایەک دەرگا و پەنجەرەکانی سەدان جار پێکدادان، کەس نەبوو دەرگایەک پێوەدایان پەنجەرەیەک داخا، دەمزانی نوێژکەر بێن، مەلا وەک هیچ نەبووبێ هەڵدەستێت و پێش نوێژەکەیان بۆ دەکات، دەمویست زووتر هەستم و زووتر بانگ دەم، تا خەڵکەکە پێش وەخت بێن، دەستم برد سیواوکەکەی مەلا هەڵگرمەوە، لە باتی دەستەکانی من شتێک لەنێو جلەکانی مەلا دەجوولێت و سیواوکەکە هەڵدەگرێتەوە، من تا ئەو کاتە نەموێرابوو لە دەموچاوی مەلا بڕوانم، من تا ئەو کاتە نەمدەزانی لە چ ترساوم، من پیاوی نێو ڕاڕەوەکانی مەرگ، پیاوی نێو کتێبەکانی ترس و تۆقین، ڕەنگم بەردابوو، وەختێک دەمویست هەستمە پێ، شتێک لەنێو

جلکی مەلادا دەجوولاّ و وەک ئەوەی بیەوێ هەستێ، پێییەکانی من نەدەجوولاّن، وەک چۆن دەمزانی هەرچەند هاوارکەم لەو بەتاڵیەدا دەنگم ناگاتە چ جێیان، ئەو بەتاڵیە ناخی منیشی گرتبۆوە و بەسەریەکدا تەپاندبووی، تەنها بەوە دەمزانی نەمردووم کە دەبوو سێ جار مەرگی مەلا ببینم، دواتر ژاوەژاوێکم هاتەگوێ و بەپەلە وەک خۆم لە تەلسمی دۆزەخ ڕاپوسکێنم بەرەو دەرگا هەلاّتم، هەرچەند دڵنیابووم تەنها جلەکانمن هەستاونە پێ نەمدەوێرا ئاوڕدەمەوە تا بزانم چ لەدوام بەجێماوە. هەستم کرد لەناو جلەکانی مەلا شتێک هەستاپێ و بەهەمان تووندی بەدوام دەکەوت، خۆم بەدەرگادا دا و، پایەکانی بێلاّی مزگەوت لەبەر چاوم لەرزین.

لە هەیوانێ، چەند کەس باسکیان دەگرتم و وەک پەڕۆ بگرن خوار دەبوومەوە، ئەوان لەوە ترسان و زەرد هەڵگەڕاون، بەو حاڵەشەوە لەنێو خۆیان گرتم و ئاویان پێدا پژاندم، نەمدەزانی بۆ دەبێ ئەوان بەهاواری من بێن، ئەگەر مەلاش مردبێ من ئاوا ناپەشۆکێم، هێندەی بۆ بەپەرۆش نابم، هێندەم لەسەرە ئایەتە هەرە درێژەکانی بۆ خۆی فێری کردبووم سەدان جاری بۆ بخوێنم، ئەو ئایەتانەی ئەو لە پێش سپێدە تاریکەکان دەیخوێندن، ئەو وەختەی من بەڕوویەکی زەردی منداڵانە و ترس و لەرزەوە بەرامبەر سیما نورانی و بێڕەحمەکان وەک هەیکەلێکی تەپیوو بۆش ڕادەوەستام و ئەو ئایەتە درێژانەم دەوردەکردەوە، لە ڕیزی هەرە دوایەی نوێژکەران دەوەستام، سەدان دەستی قورس و ڕەش و شەیتانی، بەنینۆکی درێژەوە لەدوایەڕا پرچیان ڕادەکێشام و دەیانویست لە ڕیزم بێننە دەرێ و لە ئایەتەکانم بدزنەوە، بەلاّم **سیما ئاسن و پێ** مسەکان بۆ پێشەوەیان ڕادەکێشام و نێوچاوانیان لە هەموو سوجدە بردنێکدا داغ دەکردم، دەیانویست بەسوجدەیەوە بدروون، ئەو ڕۆژانە، من، بۆ هەمیشە ئیرادەی خۆم ون کرد و ئەو دوو دەستە بەتووندی و بێ ڕەحمانە ڕایاندەکێشام و منیش وەک سیپاڵێک لە نێوانیاندا دەهەژامەوە، **تاکە دڵخۆشیم ئەوەبوو ئیرادە و**





**حورمەتێکم نەمابوو بیدزن یان ئەتکی کەن و لە بن پێیانی نێن**. ئەو ڕۆژەی کە من درێژترین سورەتم لای مەلا تەواوکردبوو، بۆ ڕێزلێنانی من مەلا ڕۆژی دوای لەرەکاعەتی دووەمدا بەو بەیانییە تاریکە ئەو ئایەتەی خوێند، ئەو بەیانییە یەکێ بوو لەو بەیانیانەی بەئاگا نەهاتبووم و سیما نادیار و پێ مسەکان منیان وەک پەڕۆ کۆن لەنێو نوێنە کۆنەکانم دەرکێشا و لە دوا ڕیزیان ڕاگرتم، دەستە شەیتانییەکان سەرەتا زۆر ژنانە پشتەملیان خوراندم و خەریک بوو بتوێمەوە، پێیە قورسەکان پەنجەکانی پێمیان بەچیمەنتۆ لوسەکەوە پلیشاندەوە و ئازارێک دڵمی لە جێی خۆی هەڵقەند و بەپەراسووە باریک و وشەکەکانی سنگمی دادا و ئەگەر دەمم دانەخستبا دەردەپەڕی و لەشی نوێژکەرانی لە نوێژ دەبرد، گەڕامەوە نێو ڕاڕەوە پیرۆزەکانی ئایەتە درێژەکەی مەلا و شەرمم لەوە کرد کرمێکی باریک و بێهێزی وەک من لە بیری چێتەوە بەرامبەر کێ ڕاوەستاوە. نەمدەزانی چۆنم ئەو ئایەتە درێژە لەبەر کردووە، چەندجار لە خوێندنی بوومەوە کەچی مەلا بەدەنگێکی کەرخ لە سەرەتاکانی ڕانەدەگوزەرا، لەنێو ئەو تاریکییە پڕ زوقمەی بەیانی شەمشەمەکوێرە بەسەرماندا تێدەپەڕین و جار جار خۆیان بەپەنا گوێماندا دەدا، دەستە شەیتانییەکان بەهەموو هێزیان پرچیان ڕادەکێشام و دەیانویست بۆ شوێنێک کە ڕووناک و خۆش و پڕ پێکەنینە بم بەن، سیما نادیارەکان بەدەستە سپی و بێ شکڵەکانیان لە سینگم ڕۆهاتن و بێ ئەوەی خۆم بجولێنم قەفەزەی سنگم بەدەستیانەوە هاتوو وەک شیشەی بێ پەنجەرەی زیندان هەڵیانقەند، من دەمزانی لەو شەڕەدا دەسەلاّتێکم نییە، تەنها لەوە دڵگران بووم بۆ پێ مسەکان و دەستە شەیتانییەکان لە گژیەکرانایەن و من ئازادکەن، هەردووکیان ئازادییەکیان بۆ دەهێنام و سەرسامیان دەکردم بەلاّم ئەنجام من بەبەندی هەردووکیان مامەوە.

***

2

## شارێک لە شەرابدا دەخنکێ



سوشێن دەترسا لەشی ئاگری ئەو ئەسپانە

بیکەنە هەڵم

هێشتا لە بێلای مزگەوتێ بووم و هێشتا ژاوەژاوم دەهاتە گوێ و هێشتا پایە چیمەنتۆکان دەلەرینەوە. هێشتا نەمدەزانی لە دوامەوە چی بەجێماوە. ئەو پیاوەی دەستی چەپی گرتبووم، دەموچاوی وەک گەلامێوی نیوە وشکی سەرەتای پاییز دەچوو کە دڵۆپە بارانی تۆزاوی دایپۆشیبێ، ڕەگە دەماری لاملی هێندەی سۆندەیەکی ئەستوور هەڵاوسابێ، خوێن تێیدا فڕکەی بوو، من نەمدەوێرا لێی بڕوانم و ئەویش توند بەخۆیەوە کوشیبووم، من ئەو پیاوەم پێشتر دیبوو، پێم سەیر بوو لەو شارە چووکەڵەدا بەچەند ساڵێک هێندە بیر بووە و ئاگام لێی نەبووە، یان دەشێ بەو چەند سەعاتە هێندە پیر بووبێ، دەنا ئەو ڕەنگ و ڕووە بەسەرکەسدا تێناپەڕێ، ئەوەی دەستی ڕاستی گرتبووم ڕووی خۆی لێدەشاردمەوە و دەستەکانمی وەک پەڕۆ کۆن دەکوشین، لاجانگی قەڵشێکی تێدابوو وەک سەدخەنجەریان لێدابێ، لە حەوشەی مزگەوت، خەڵکێکی زۆری لێ بوو، بەڵام دیمەنی تابووت و دارە مەیتە هەڵچنراوەکانی پەنا دیواری ئاودەستەکان زۆر نزیک و زیاتر لە خۆیان گەورەتر دەهاتنە بەرچاو، من هەمیشە دوور لەو تەختە قورس و سێبەرە ڕەشانە دەڕۆیشم، پشتم تێدەکردن، هەموو خەڵکەکەش هەر وایان دەکرد، دوای نوێژی خەوتنان هەوڵمدەدا زوو لەگەڵ ئەوانی دیکە بڕۆم و لە پشت خەڵکەکەوە خۆم لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دارەمەیتانە بدزمەوە.

وەختێک مەلا تێیدەگەیاندم، نەڕۆم تا ئەو وێردەکانی تەواو دەکات، وەک ئەو ڕیحانانەی کەر میزی پێداکردبن سیس و تەنگە نەفەس دەبووم، خەڵکەکە، کە زۆر حەزم دەکرد لە گەڵیان بڕۆم، دەڕۆیشتن و مەلا لەنێو میحرابەکە گۆرەویەکانی دەپێ دەکردن، ئەو گۆرەویە ئەسپ نیشانانەی گوایە سەرەتا نیلی بوون و ئێستا ڕەنگی مەلایان گرتووە، کەسیش زەن ناکا ڕۆژێک لە ڕۆژان بدرێن یان مەلا گۆرەویەکی دیکە لە پێ کا، ئەو دەمانەی تازەم دەست بەدەرس خوێندێ کردبوو، هەفتەی جارێک ئەو گۆرەویانەم بۆ دەشت، بۆنی گڵی کۆن و بۆگەنی پێڵاوی لاستیک و کرێژی ڕەقەوەبوویان لێدەهات و من لێی بێزار نەبووم چونکە دەمزانی ئەو





عیلمەی فێری بم لەو بۆنە هەڵدەقوڵێ، سەرەتا هەستم دەکرد بۆن گڵی دوای بارانی لێدێت دواتر بۆگەنەکە گێژی دەکردم و چاوم دەنووقاند، دواتر کە گەورەتر بووم یەقم دەهاتێ و دەڕشامەوە، هەر ئەو شەوەی ڕاگیری کردبووم، سیواوکەکەی دەرهێنا و لە دەمیدا گێڕایوو هەر بەو دەستانەی بۆن و ڕەنگی مۆری گۆرەوییەکانی گرتبوو ئیشکی کردەوە و بۆی ڕادەشتم و گوتی:

– «تا خۆم ڕێکدەخەمەوە لە دەمتیدا بگێڕە».

زۆر جاری دیکەی وا گوتبوو، ئەو دەم حەزم دەکرد سیواوکە تەڕ و پارا و خۆشکراوەکەی مامۆستام کە بۆنی وەک مسکی دەمی ئەوی لێدەهات لە دەممدا بگێڕم، ئێستا ئەو بۆنە زۆر نەفەسگر و دەماغکوژە، چەند ساڵ لەوەوبەر حاجی زەرگە بۆی لە حیجازێ هێنابوو، پێش ئەوەی بخارێ دەبوو هەموو نیوەڕۆیەک تا مەلا سەرخەوێک دەشکێنێ سیواوکەکە لە دەممدا بگێڕم و خۆش و تەڕی کەم، هەر کە وەئاگا دەهات بەچاوی نوقاوەوە، سیواوکەکەی لێ وەردەگرتم و سیواوکی دەکرد، دواتر هەر بەوە دەستانەی ڕەنگی مۆڕ و بۆنی گڵی کۆنی مردوویان لێ دەهات، سیواوکەکەی دەکوشی و لیکاوی زەرد و لینجاوی بۆن کێمی لێ دەچۆڕا، دەباخەڵی دەناوە. پەلەم بوو هیچ نەبێ پێش مجێورەکە بڕۆین، ئەویش بێزار بوو، گوتی:

– دەرگاکان لە دوای خۆتانەوە داخەن.

دەترسام قەڵشی دیوارەکان مەلا قووت دەن، هێند هێواش دەجوولا دەنێو سێبەرەکاندا ون دەبوو، بەهەنگاوی بڵاو و هێواش لێم نزیک بۆوە، نە پرژامە سەر ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە ئەوە یان نا، هاتینە دەر و حەوشی مزگەوتەکە نزیکە ڕووناک و داربەڕو و کەپری مێوەکان لای ئاودەستەکانی تاریک کردبوو، هەستم کرد دارمەیتەکان دەجووڵێن وەک چۆن نووستویەک یان نەخۆشێک بەگران تەنیشت دەگۆڕێ، لای دەستە چەپی مەلا دەڕۆیشم و ئەوم خستبۆ لای دارەمەیتەکان، وەک هەستیان بەئێمە کردبێ جووڵەیان لە خۆ بڕی، وەک دار و تەختەبێ هەست بوون، لە ڕاستی تابووتەکان مەلا

وەک بەسەد کەس ڕایکێشن بەرەو ئاودەستەکان چوو وەک بەشمشێرێکی لە مووس باریکتر سەد لەتم کا گوتی:

– ئەوە دێمەوە.

سوور دەمزانی ئەو دارەمەیتانە لە هەلێکی وا دەگەڕان، دەستم لێ بووەشێنن، کوێر و زەلیلم کەن، پشتم لەوان کرد و بەنێو درزی کەپری مێوەکەدا دەمڕوانییە مانگ، بەڵام ئەو مانگە گەش و جوانە نەیتوانی بەشێکی هەرە چوکەڵەی مێشکم داگیر بکات و هەستم دەکرد دارەمەیتەکەی هەرە سەرەوەیان زۆر بەپارێز لاقە وەک قامیش ئیشک و باریکەکانی شۆڕکردنەوە و دەیویست تا دەکرێ شۆڕیان کاتەوە و بەهێمنی لەسەر عەرزەکەیان دانێ، نەمزانی چۆن ئەو لوولاکە باریک و بێ ڕەنگانە ئەو هەمەوو مووەی چۆن لێهاتووە، لەپی دەستەکانی بەمەحکەمی لەسەر لێواری تابووتەکە دانابوو، قامکەکانی بەپێستێکی وەک جەلاتین بەڵام پڕ گنج و کەلێن، شۆڕببوونەوە، نینۆکەکانی هێندەی بلێیی درێژ بوون، دیاربوو هەر بجولێم یان غاردەم بێ ئەوەی لە شوێنی خۆی بجوولێ نینۆکەکانی لە شانم گیر دەکات، من هەر پشتم لەوان بوو دەمویست مانگ زنجیرێکم بۆ شۆڕکاتەوە سەرکەوم، بەڵام ئەوان وەک هەستیان بەو بیرە منداڵانەی من کردبێ، لەبەرخۆیانەوە و لەناو خۆیاندا پێکەنین و بەو حاڵەش تابووتەکان جووڵەیان تێکەوت هەستم بەهەموو جووڵەیەکیان دەکرد و دەمویست زووتر مەلا بگەڕێتەوە و پێش ئەوەی، ئەوەی سەرەوەیان بێتە خوارێ، سەری کەمێک خوار کردەوە تا بزانێ زۆری ماوە پێیەکانی بگەنە زەوی، چاوەکانی بێ بریسک و شۆق بوون، تا بنی دنیا قووڵ، تیشکێکی ڕەشیان لێدەهاتەدەر، هەوڵم دا بیناسمەوە و لێی بپاڕێمەوە، دیتم هەرچەند نەمدەتوانی ئاوڕیان دەمەوە سەر، ئەوەی ژێرەوە حەوسەلەی نەما و تەختەکەی سەر خۆی بڵندکرد و هەموو ئەوانی دیکەی بەردانەوە و مەلا دۆخین بەدەستەوە دەرپەڕی و گوتی:

– ئەو هەرایە چییە؟





بەهەموو هێزی خۆم، خۆم بەکۆڵەکەی کەپرەکەدا دابوو، نێوچاوانم هەڵتۆقی بوو، مەلا کە تابووت و دارەمەیتەکانی دیتن، هەریەکە لەلایەک کەوتوون، گوتی:

– دەسکاریت نەکردبان خوێنیان هەر پێوەیە.

قسەم نەکرد و ڕێی دەرێم گرت، نەک بلێ بابیان خەینەوە سەریەک، مەلا بەدوامدا بەدەرکەوت و دەرگای داخست، زانیم ئێستا بەپەلە تێکەوە دەدەن، وەک بەمن پێبکەنن، هاتبوونە دەر و بەدەنگی بەرز بانگی یەکدیان دەکرد، مەلا گوتی:

– لەگەڵ منتە؟

گوتم:

– نەخێر دوعام دەکرد.

بەیانی زانیم نێوچاوانم هەڵتۆقیوە، قژم بۆ پێشەوە داهێنا تا بیشارمەوە، نیوەڕۆ کە مەلا سەرنجی دام، گوتی:

**– بۆچی قژت وەک قەحپان هێناوەتە سەرچاوت.**

دەربارەی قەحپە هەر هێندەم دەزانی کە ئەویش ڕەعیەتی خۆی هەیە و خەڵک بەترس و خۆشەویستی و لوغزەوە باسی دەکەن، بۆیە قسەم نەکرد و وەختێک ئەوانەی لەوێ بوون پێکەنین، لە ناخمدا بەردێک یان هێلکەیەک تەقی و دڵۆپە ئاوێک ڕژایە سەر بیابانی تەمەنم، نازانم دڵۆپەی شەرم بوو ڕژا یان پیاوەتی، هێزی ئەوەم نەبوو خۆم ڕاپوسکێنم، نازانم بۆچی پیاوەکان هێندە توند منیان گرتبوو، دەمدی حەوشەی مزگەوت هەڵمی لێ هەڵدەستێ و دوو مەنجەڵی گەورەی زنجیر داریان لەسەر ئاگر داناوە، ئاوەکە دەکوڵاو بڵقی گەورە گەورەی دەکرد، پێش ئەوەی ڕەنگێک بگرن دەتەقینەوە، زۆر چالاکانە خەریکی ئاگرەکە بوون وەک ئەوەی داوەتیان هەبێ، یەکیان قۆڵی خۆی تا باسکی هەڵکردبوو بەجامی گەورە گەورە ئاوی بەسەروچاوی مەلا دادەکرد، دەیشت، هەرچەند نەموێرا یان بۆم نەکرا لەسەر دارەمەیتەکە تەماشای کەم بەڵام دەمزانی تورەگەیەک پێستی چرچ و

ئێسکی قامیشە، دەمدی لە پەنا پێچکی دارەمەیتەکە گۆڕەویە بێ ڕەنگ و ئاخنرا و بەبۆنەکانی لەوێ کەوتوون، دارسیواکە سوعودییەکەشی لەسەر لێواری تاتەکان دانرابوو، دانەکانم ئاڵ بوون و هەزاران مێروولە بەزارم وەربوون، ئەو مێروولانەی بەبۆنی سیواوکەکەدا دەهاتن، کونە لووتیان پڕ کردم و دەستم بەپژمین کرد، ئێستا ڕۆژی دەیان جار دەپژمم. زیاتر باوەڕم بەو بەسەرهاتە کرد، ئەو بەسەرهاتەی لای خەڵکی بۆتە ئەفسانەی مێروولە و ڕۆژانە باسی دەکەن، بێ ئەوەی بیر لە ڕاستی مەسەلەکە بکەنەوە، ئەو دەمەی مێروولە حوکمی دنیایان دەکرد و پاشا زیرەک و باڵا بەرز و تووندەکانیان زۆر ناچار نەبوونایە پێیان نەدەخستە سەر زەوی، هەمیشە بەسەدان پیاوە مێروولەی توکمە و باڵابەرز تەختەکانیان هەڵدەگرتن و دەیانگوازتنەوە، ئەو پاشا ئەفسانەییانە هیچ دەسەڵات و سەربازیان نەبووە، تەنها بەوردەکارییەکی لە ڕادەبەدەر وەک تەونی جاڵجاڵۆکە کاری مەملەکەتەکەیان ڕێکخستووە، توانای بیری ئەو پاشایانە نەبا دنیاکەیان یەک ڕۆژ بەپێوە نەدەبوو دنیاش ئەو هەموو نێرە مێروولەی تێدا جێگا نەدەبۆوە، لە سەردەمی پاشای هەرە ناسراویان، زمسار تیمنداس «یا دەشێ ناوێکی نزیک لەوە بووبێ». ژیان دەگاتە پۆپەی، هەموو دنیاش بەوە سەرسام دەکات کە دەڵێ:

– لە ڕۆژی زەماوەندم لەگەڵ «سوشین شمناس» **هەموو دنیا لە هەنارێکدا جێگا دەکەمەوە.**

وەک خەون ئەوم لەبیر مابوو، ئەو دێرە لە پەراوێزی یەکەم لاپەڕەی کتێبەکەی مەلا نووسرابوو، کە دەیخوێندەوە دەیگوت:

**– ئەو هەنارە ڕاکوشم شارێک لە شەڕابدا دەخنکێ.**

خەڵکی هەموو دەیانزانی پاشا زمسار سەردەمێکە ئەو دیاریە دەڕازێنێتەوە، سوشین لەنێو ئەو دیاریە ڕا دەهاتە نێو دنیا، گوایا ئەو دیاریە وەک باران دەبارێ و ناگاتە زەوی، بەڵام دەبێ یەکەم کەس شمناس –باوکی سوشین و پیری حیکمەتی جوانی– دەرگاکەی بکاتەوە، تا





سوشین جارێکی دیکە بەکراسێکی تەنک وەک پەلکی هەنار، دوو بسک بەهەمان ڕەنگ و نیگای ئاو پێبخاتە سەر «ساسن» –کە دەشێ مەبەستیان زەوی بووبێ– تەنها ساسن توانیویەتی نەهێڵێ کەسێک لە سەری دابەزێ، یان لێی جیابێتەوە، سوشین لە تەمەنی باڵقیدا دەگاتە ساسن و پێی دەڵێ:

– چەند دڵۆپە خوێنێکمان هەن دەبێ ڕایانگرێ.

ساسن تەنها گوفتەکەی پێخۆش نەبووە، دەڵێ:

– بە «با»یان بسپێرە.

سوشین لەگەڵ هەموو گوفتێک پەڕێک یان توێیەکی لێهەڵدەبوو، توێیەکی دەتواوە، زمسازی پاشا بێ ئەوەی کەس بزانێ ئەو توێیانەی هەڵدەگرتەوە، تیمنداسی باوکی پاشا عومرێک پێشتر هەواڵی ئەوەی دابوویە، ئەو مەخلووقەی ئەو توێیانەی لێ هەڵدەبێ، ناوکەکە «گەرمەکی تیشکی لوئلوئە.» تیمنداسی پاشای گەورە هەموو ئەو شتانەی دەربارەی سوشین لە چەرمێک نووسی بوو لە ناوێ لە تاجەکەی قایم کردبوو، بەزمانێک تەنها زمساری کوڕی دەیتوانی وەیخوێنێ، ئەوەشی وەختێک نووسی کە زانی پاشای دنیایە و پاشای مەملەکەتی خۆی نییە و بەجێدێڵێ، وەختێک کە زانی سوشین لە کەوانەکانی دنیا دەرنەکەوتووە، تازە پێیڕاناگا، زمسار دوای مەرگی بابی بەشەش مانگ یەکەم پەڕەی هەڵوەریوی سوشینی دیتەوە، ئەو پەڕە بۆنێکی دەئاخنیە بەردەوە شەقی دەبرد، ئەو بۆنە بیرەوەری چەند نەوەی دەبڕی و ئێسک و پروسکی پیاوە پیر و کەنەفتەکانی لەنێو گۆڕی تەنگ و قووڵ وەخرتەخرت دەکەوتن و لە جیاتی ئەوەی تەقەیان لێهەستێ کە پێک دەکەوتن تۆزێکیان لەسەر بڵند دەبوو. بەو تۆزە سوشین دەپژمی و تەنگەنەفەس دەبوو، دەچووە ژوورێ و دەرگا و پەنجەرەی لەسەرخۆ دادەخست، توڕەییەک تێکەڵ ئەو بۆنە کۆنەی تۆزی ئێسقانەکان دەبوو، پیاوەکان زەکەریان هەڵداوسا و ژنەکانیان وەک نەخۆشێک دەیانلاواندنەوە و ئەسەفی پڕ لەزەتی ئەو ڕۆژانەیان لە دەمی

دەزا کە مێردەکانیان ڕایانکوشیون و گرم و هۆڕیان وەهەموو لەشی خستوون، سوشین بێ ئەوەی کەلاکی ئەو پیاوانە نارەحەتیکەن کە لە پەنا دیوار و سەر ڕێی کەوتوون وەک هەمیشە دەڵێ:

**- وەبای ئەوینیش تێدەپەڕێ.**

بەڵام ئەو جارە لە وەڵامی ساسندا، ساسن سەر زەوییەک بووە، بەڵام هەموو گەلحۆیەک نەیتوانیوە بەئارەزوو لەسەری هەڵتۆقێ، سوشین ئەو جارە پێی گوت:

- دەتەوێ گوڵەکانی خوێنی ئێمە لە هەوادا بپشکوێن.

ساسن بەحیکمەتی پیرێکەوە دەڵێ:

- بەشی خۆمان گوڵی سپیمان پێدا ڕژاوە.

گوڵە سوورەکانی نێو هەوا، کە زیاتر لەوەی پێویست بێ لەسەر ڕانەکانی بوکێنی مابوونەوە، ئەو گوڵە سوورانە نەک مرۆیی گەمژە و پڕ شەهوەت ئەسپە پتە و باڵدرێژەکانی نێو دەریا هەرە قوولەکانی گەمارۆدا و مێشکی ئاگردان، ئاو ئەگەر پێشتر لە لەزەتی ئەو حەیوانانە خۆشی دەنۆشی، ئێستا دەترسا و وەک مانگ لە نێویدا سەر بڕابێ زەرد زەرد ببوو، **دەترسا لەشی ئاگری ئەو ئەسپانە بیکەنە هەڵم**، ئەو ئەسپانە بۆ یەکەمجار فێربوون ملیان لە ئاو بێننە دەر و لە نیو ستوونی خۆر و ئاڵقە ڕزیوەکانی شەوەزەنگدا بۆنی ئەو گوڵە سورانە هەڵمژن، دەریا لە وەکوڵ هاتنی دەگریا، دەریا لە لەزەتێکدا دەگریا کە دەیزانی دەیکوژێ، گوڵە خوێنەکان بەسەر دەریادا تێدەپەڕین، دڵشاد بوون کەوتوونە دەم با، پەلکیان هێندەی فەرشێک پان دەبوو، بۆنێک وەک تۆفان لەو فەرشانەوە بەسەر دەریادا دەکشا، ئەسپە ئاگرەکان هێندە نەبوو بەسەر دەریادا نەفڕن، بەسەدانیان بەدوای ماینێکی شێئاڵ دەکەوتن و لە دووری دەریا ماینی تاین کە فەزگ دەبوو چنگی وەشاخی دەدا، ئەو ئەسپە لە خودا ترس و بەرازانە دوو پێی وەک قوڕقوشمیان داونە سەر پشتی و سەریان لە مێرگەکانی بەهەشت و چاویان لە ئاگرە ڕەشەکانی دۆزەخدا غەرق دەبێ، هەموویان یەک لە دوای یەک





سواری ئەو ماینە شێئاڵەی دەبن و لافاوێک لە بن ماینەی هەڵدەڕژێ، لافاوێکی بەخوڕ و سەر بەکەف، ئەسپەکانی پێدا دێنەوە دەریا و ماینەکەش دەبێتە بەردێکی شینی دەمار سپی و سەروچاوەی لەبن هەڵدەقوڵێ، سوشین گاڵتەی بەو پیاوە ساویلکانە دێ بەمانگ و ساڵ بەرامبەر پەڕینی ئەو ئەسپانە ڕادەوەستن و لیکاویان دەگاتە بن پێیان، ئەو پیاوانە بەرامبەر ئەو بۆن و کەف و کوڵە پیر دەبن، بەڕیشێکی سپی و چاوی قووڵ و پشتی کومەوە دێنەوە ناو شار و بەو نیازەی ژنەکانیانبەبۆنی فسان قانگ دەن. ئەو پیاوانە لە شەڕی تەمەن و پۆپەی لەزەتەوە هاتبوونەوە، بۆوە دەگریان کە تەمەنیان چی وای بەبەرەوە نەماوە کە باسی جوانی ئەسپەکان و شەهیدبوون یان بەکۆتەڵ بوونی ماینە شێئاڵەکە بکەن، دەگریان و دەیانگوت:

**«خۆزگە لەگەڵ ماینەکە بووباینە بەرد»**

وەختێک ئەسپەکان بەڕەوە بەرەو دەریا دەگەڕانەوە و جێ سمیان گەزێک زەوی دەدڕێ، ئەو پیاوانە دەیانگوت:

- ئێمە تەنها بۆ چرکەیەک وەستاین.

- تەنها بۆ تاوێک، تاوێک کە پیاوی تێدا پیر دەبێ.

- تاوێک، تا ئەسپەکان کە بۆنی گوڵە خوێنەکان شێتی کردبوون چۆن وەک بورکان خۆ هەڵدەدەنە سەر ماینەکە.

- ئێمە هەر بەڕاستی بۆ چرکەیەک تەماشامان کردن، نازانین ئەو شەو و ڕۆژانە چۆن تێپەڕین و تەمەن چۆنی ئەو شارە پیر کرد.

ئەو پیاوە ساویلکە و پێست ڕزیوانە، دەگریان و هاواریان دەکرد کە شارێکی وا پیر، شارێکی وا ڕزیو و پەککەوتە چۆن لەو زەمان و لەزەتە دەگات، دەیانزانی ئەو شارە تەنها و تەنها تاکە گوێیەکی هەیە، ئەو گوێیەش تەنها موناجاتەکانی مردنی پێدا دەچێ، **سوشین بێ ئەوەی تەماشای ئەو شارە بکات یان بەزەیی بەو پیاوە خەرفاوانەدا بێتەوە بەخۆی و تاکە کورسییەک لە شێوەی نێرگزدا دەچێتە کەنار دەریا، کراسەکەی**

**ڕەنگی ئاو دەگرێ، دەریاش وەک کەروێشک لەبەر پێی نووستووە، هێمنییەک شەیتانی لەودیو ڕاوەستاوە، هەموو دەزانن کە شەیتان بۆ دزێوکردنی ئەو شتە جوانانەیە کە هەرگیز لەبەر چاو ناکەون،** سوشین گاڵتەی بەو پیاوانە دەکرد بەساڵ لەسەر ڕێگای ڕادەوەستان کە بۆنێکی تازە پشکوتووی هەڵمژن، بەدیار ئەسپەکانەوە دەگریان، ئێستا هەرچەندە چاوەکانی نووقاندبوون هەستی دەکرد لەزەتێکی شێدار پاژنەی پێڵاوەکانی دەخورێنێ، بێ ئەوەی پەلە بکا بنی پێڵاوەکانی دەلێسێتەوە، ئەو لەزەتە شێدارە نمێکی لینجی تێهەڵدەسوێ، لە کەلێنی چاوانیدا دەبینێ گوڵە سوورەکانی دەم با، وەک باران بەسەر دەریادا دێن و نایگەنێ، لەو هێمنییەدا **کە تەنها شەیتان لەو دیویەوە ڕاوەستابوو**، شتێکی دەدی لە بن توێی ئاو دەجمی، لەو هێمنییەدا شەیتان هەناسەی دەدا، لە ڕووکاری ئاوێ دوکەڵێک، نا، هەڵمێک وەک ئەوەی لە کونە لووتی فش و گەورەی ئەسپەکان بڵند دەبێ لە ڕۆژە هەرە ساردەکان چڕتر و تەڵختر، وەک دوکەڵ بەهەوەسێکی سیحربازانەوە، بەهەوەسێکی پڕ مەکرەوە بڵند دەبێ و گوڵە خوێنەکانی نێو هەوای ختوکە دەدا، سوشین گاڵتەی بەختوکە دەهات، سوشین گاڵتەی بەو ژنانە دەهات لەبن ختوکە دەکەوتن و خۆیان ڕادەژاند، چۆن ژن لەنێو ختوکەدا دەمرێ؟ چۆن ئەو کچە تورت و شەنگانە بۆ ختوکە چۆک دادەدەن، ئێستاش دەیتوانی ختوکەی سەر دەریا لەبیر کا، بەڵام ئەو لەزەتە شێتەی پاژنەی پێڵاوەکانی ختوکەدەدا لە بن نە دەهات، لەوە تۆقیوە ئەو ختوکە بگاتە بنەپێی، دەتوانێ پێڵاوەکانی فڕێدا، بەڵام پێستی پێی بەنووکە دەرزییەک دەچۆڕێتەوە، دەیدی لە بن توێی ئاو هەزار ئەسپ، لووس و سەد ڕەنگ، ڕەشیان، شێ ئاڵیان، قاپ سپیان، ڕەنگێکی ئاگری بەسەردا ڕژاوە، ئەو ڕەنگی ئاگرە دەبێ لە چاویان کەوتبێتەوە، ئاگریان خەریکە یەکدی دەسووتێنێ، کەس نازانێ چۆن خۆیان لەبن توێی ئاو ڕاگرتووە و سەر وەدەرنانێن.

سوشین وەک لە پشت شووشەیەکی لێڵەوە بڕوانێتە **لەشی کوتراوی پیاوێک**، پیاوێک هەموو لەشی خۆی **بەڕەنگەکانی ژن** کوتابێ، ئەو پیاوە لەش کوتراو و سەد ڕەنگە شەوێک، ئەمما چ شەوێک! ئەو شەوانەی **تەنها شەیتان تێیدا بەخەبەرە**، جا ئەو پیاوە لە شێوەی خەوێک بەسەر سوشیندا هەڵکشابوو، تازە زەردەی بەیان ویستبووی ئەو خەونە لە خۆی کاتەوە، خەوێک لاق و دەستی گرتبوو، ئەو خەوە وەک تەونێکی لینج لێی ئاڵابوو، هەستی کرد ئەو تەونەبێ ئەوەی بیر لە پەلەقاژەی ئەو بکاتەوە بەزمانێک دەیلێسێتەوە، بەچاوێک تەماشای دەکا، بەدەستێک دەیکوشێ نەدەگیرێن و نەلێشی دەبنەوە، شوێنی پەنجەکان وەک کوژەکە لەسەر لەشی نەدیتراوی دەبریسکێنەوە، بۆ بەیانی کە گوڵە سوورەکانی سەر ڕانی دیت، گریا. گریانێک کە پەنایەکی نەبوو سەری پێوەنێ، لەسەر کورسییە نێرگزەکەی کەنار دەریا دەیدی ئەو گوڵە خوێنانەی کەوتوونە دەم با، بەسەر دەریادا دەڕژێن بێ ئەوەی بیگەنێ، دەیتوانی هەموو ئەوانە فەرامۆش کا، بەڵام ئەو ختوکەی بنی پێڵاوەکانی داگرتبوو ئەوی دەبڕیەوە، ئەسپەکان بێ پەروا ئاگریان لێ هەڵدەبوو، ئاگرێک بەڕەنگی خاڵ و وێنە کوتراوەکانی سەرجەستەی خەونەکەی، سەرجەستەی کابرای کوتراو، لەناکاو ختووکەکە پەڕیبۆ لەشی، ختوکەیەک لێی نەدەبۆوە، سوشین ئەسپەکانی دەدی، ئەسپەکان دیاربوون وەک لەودیوی تەمێک بن قەپاڵیان لێکدی گیرکرد و بەزەکەریان شڵپەیان لەئاو هەڵدەستاند، ئەو پیاوەی هەموو لەشی کوترابوو، تەنها ئەو پیاوە لە کتێب و وێردەکانی مەلا وەدەرنرابوو، مەلا هاواری دەکرد و دەیگوت:

**– چاوێک ئەو پیاوە ببینێ، بۆ ئەبەد لەنێو پشکۆکانی دۆزەخ دەتەقێتەوە، دەستێک بیگرێ و لەشێک بەرێکەوێ و هەناسەیەک بەسەریدا ڕژێ، هیچ ئایەتێک شەفاعەتی بۆ ناکا و هیچ گڵێک نایگرێتە خۆی.**

ئەو پیاوە سەد ڕەنگەی دەدی، بەسەر پشتی لووسی ئەسپەکاندا دەڕوا، سەیرە ناخلیسکێ، سوشین پێی وایە هەموو ئەسپەکان پیاوێکی ئاوایان لێدێتەدەر، ئەویش بۆ یەکەمجار، لە تەمەنیدا، ناجوولێ و هەست دەکا کورسییە نێرگزەکەی دەتوێتەوە، پیاوەکە بێ ئەوەی زەردەی بێتێ دەستێکی

وەک ئاسن دەگەیەنێتە بن هەنگڵی و بەهەمان توندییەوە بەخۆیەوە دەکوشێ، ئەو پیاوە ڕووتە نە چیرۆک دەگێڕێتەوە و نە بۆ لەزەتی ئەسپەکان دەگریا، سوشین هەست دەکا وەک پارچە گۆشتێکی نەرم بەدیواری سنگی سوورەوە بوویەوە نووساوە، لەگەڵ ڕاژان و هاتووچوونیدا چەرە دوکەڵێکی لەسەر بڵند دەبێ و هەڵمێک گەمارۆیان دەدا، سوشین نازانێ چ ڕابردوو، نازانێ چۆن لەنێو توندی ماسولکەکانی ڕانی و دوکەڵی خۆیدا ماوە و نەمردووە، تیمنداس ئەوانەی لەو پەڕە نەنووسیبوو کە لە دیوی ناوێی تاجەکەی دابوو، مەلا گوتبووی.

**«ئەو پەڕەی ئەوانەی لێ دەنووسرێ دەبێتە خۆڵەمێش و زمانەکەی دەیگێڕێتەوە دەبێتە سیپاڵ».**

سوشین هەست دەکا سنگ و بەرۆک و بەرزگ و ڕانەکانی بەلەشی ئاسنی ئەو پیاوە ڕووتە داغ بوون، هەستدەکا پشتی، سمت و لاڕانەکانی ئەو جێیەی دەستە مەنگەنەکانی ئەو پیاوە لەش کوتراوەی وێکەوتووە تولاوەتەوە و خەریکە شی دەبێتەوە، هەر ئەو دەم هەستی کرد بۆ چەند ساتێک کەوتە نێو هەوا و لەنێو گێژاوێکی دوکەڵ هەڵسوڕا، ئەو بڵقە گەورانەی وەک کەفە سابوون لەسەر جەستەی دەتەقینەوە، ڕووحیان دەردەکێشا و هەناسەیان دەبڕی، ئەو پیاوە ئاگرە، ئەو پیاوە بەڕەنگی ژنان ڕەنگ کراوە، نەفەسێکی هێندە درێژی هەیە، هێند درێژ وەک مارێکی تێر بەنێو کونی دار بەڕوویەکدا بێتەدەر سێ هێندەی خۆی تەسکتربێ.

سوشین لەنێو ئەو گێژاوە سوورەدا بۆ ساتێک هێندەی هەموو تەمەنی خۆشحاڵ و هێمن بوو، خۆشحاڵییەک هەرچەندە بەنەعلەتی دەکرد نەیدەتوانی لێی ژوان بێتەوە، دواتر ئەسپەکانی دیت لە بنی دەریا وەک ئەو کەڵەپیاوانەی دوای عومرێک لەنێو ژندا مردن، لە پەنا مزگەوت وەرکەوتوون کاوێژ دەکەن.

سوشین وەک تەمەنی خۆی ون کردبێ بەدوای ئەو ختوکەدا دەگەڕێ لەبن پێڵاوەکانی بڕابوونەوە، دەیەوێ یادی ئەو پیاوە پڕ سیحرانە بکاتەوە هەموو ڕۆژێ لەبەر دەرگاکەی دەکەوتن و لێکیان بەلالغاواندا دەهاتە خوار،





ئەو پیاوانە چیرۆکی لە بن نەهاتووی مایینەکەیان بەنۆرە بۆ یەکتر دەگێڕایەوە، هەر کەس نۆرەی با دەیویست نۆرەکەی هەرگیز بەسەر نەچێ و هەر وشەیەکی هەزار جار دەگوتەوە، هەندێک بەندی ئەو چیرۆکەیان، پێکەوە دەگوتەوە،

«کە خۆی هەڵداسەر، جا کە خۆی هەڵدا سەر، هەر کە خۆی هەڵدا سەر،...» پێش ئەوەی دەمیان بەیەکجاری وشک بێ، دەیگوت:

«مایینەکە نەوی بوو، نەوی بوو، ئەمما نەوی...»

سوشین بیری ئەو ژنانەی دەکرد، لەو دیو دەرگای ئەستوور و کونبڕەکان گوێیان بەدرزەکانەوە دەنا، تا چەند وشەیەکی حیکایەتی نەبڕاوەی ئەسپەکان هەڵمژن، سوشین لەو ڕۆژەوە، هەموو ئەو توێیانەی لە دەنگی دەوەرین سوور بوون، سوڕێک ئاڵ بەڵام لە بەبن دوکەڵدا شاردرابێتەوە، زمسار پاشا جارێک بەو ڕەنگە ئاڵە شاگەشکە و جارێکی دی بەڕەنگی دوکەڵ دەهری دەبێ، بەپێی نووسراوەکەی تیمنداس دەبوو دوا پەلکی وەریوی سوشین سوڕێکی ئاڵ بێ و نەک سوڕێکی نێو دوکەڵ، ئەو هەزاران مێروولەیەی بە لووتمدا تێدەپەڕین، بەزمانێک کاغەزەکەی تیمنداس بۆ یەکتر دەخوێننەوە و ئاخیان بۆ و ڕۆژانە هەڵدەکێشا کە زمساز دنیای ئەوانی ژێر و ژوو کرد، وەک مەلایەک نەیتوانی خەونە پڕ لەزەتەکانی سوشن ببینێ و ڕۆژ بەڕۆژ بچووک و بچووکتر بۆوە، هەستم کرد ئەو مێروولانە بۆنی دوکەڵ لە کەپوومدا جێدێڵن ئەو بۆنی دوکەڵە هەناسەی بەتەواوی تەنگ کردم و چیدی نەمتوانی بڕوانم، پێڵوەکانم داخران، کورسیە نێرگزەکەی سوشین کەوتبۆ نێو ئاو، خەریک بوو دەتوایەوە، سوشین بێ پەروا گوڵە خوێنەکانی نێو هەوای کۆدەکردەوە و لە کۆشی دەکردن کۆشی پڕ دەبوو، لێیەوە دەڕژا، دەیویست بگەڕێتەوە شارەکەی خۆی و ئەو پیاوانەی لەنێو کۆڵان و بن داری شۆستەکان چاوەڕێیان دەکرد، هەریەکە و گوڵە خوێنێکیان بەیەخەوە کات، ئەو پیاوە پڕ سوعبەتانە تەنها گەڵا زەردەکانیان لەسەر شان و مل دەگیرساوە و بۆنی گریانیان دەکرد، ئەو شارەی ژنە جوانەکانی دەکوشت تا پیاوەکان گۆرانیان بۆ بڵێن، ئەو شارە گەمژەیەکە هەمیشە ڕیخەڵۆ بۆگەنیوەکانی یەق دەکاتەوە، تاکە سەلیقەی

سیحری ئەوەیە کە جوانیان چرچ کات و تەمەن پیر کات، سوشین دەیزانی ئەو پیاوە بێ سێبەرانەی دەموچاویان لەو گەڵا مێوانە دەچوو هەتاوی تەمووز وشکی کردبن تەنها بەوە خۆشحاڵ دەبن لەزەتی ئەسپەکان بگێڕنەوە، دەیزانی ئەو پێستی خەمەی تەمەنی لێستاندوون هێند ئەستوورە تازە بەحەزی هەموو ژنانی دنیا دانامڵرێو و ئەوان لەزەت لەو بۆنی گریانە دەکەن لە رەنگیان بڵند دەبێ، سوشین دەیزانی ئەو پیاوانە شەهیدی ڕاستەقینەن و تازە لەوەژوان نابنەوە، سوشین نازانێ ئەگەر «ساسن» ئەو دڵۆپە خوێنانەی دەبن خۆڵی نابا و هەڵینەڕشتبانە نێو هەوای ئەو ختوکە لە بن پێڵاوی ئەو وەرێدەکەوت، ئەو گوڵە سورانە لەنێو هەوادا بەسەر دەریادا دەڕژان، نەیدەزانی ئەگەر ئەو دڵۆپە خوێنانەی عازەبی، ئەو گوڵە خوێنانە بن گڵ نرابان یان هەرە نەبان ئەو هەموو ئەسپە دەپەڕینە سەر مایەکی و مایەنەش لە جیاتی ئەوەی بتۆ پێ و لێک بێتەوە، ببێتە بەردێک و لە جێی گوانانی کانی هەڵتۆقێ، سوشین نەیدەزانی داخۆ ئەو هەموو ئەسپە لەبن دەریا چاوەڕێی چیان دەکرد و خۆیان لە چ مات دابوو، ئەوەی سەرسامی کردبوو، نەیدەزانی داخۆ بۆنی هەناسەی ئەو ئەسپە ئاویانە بۆ هێندە لەو دوکەڵە دەچێ شەوێک لە شەوان خەریک بوو تێیدا بخنکێ، دەمەدی مەلا لە دوکەڵدا هاوار دەکات و زەنم دەکرد شار لە دوکەڵدا دەخنکێ.

***

3

## شەیتانی زینا یان سوشین



سوشین دەستی لە جوانی و دەرگاکان هەڵنەدەگرت

ئەو شەوەی کابرای لەش کوتراو بەرەنگی ژنان بەدەستێک لە بن باڵی چەپی ڕۆهات و ئەو نەیزانی بۆ دەبێ ڕووح بۆ و دەردە لە کوێی ژندا جێی خۆ بکاتەوە، نەیزانی چ هێزێکە وا بە شەوقەوە لەناو گێژاوێکی دوکەڵ و تەم تومان لەشی بۆگەنی پیاو دەیگلێنێ و تەنگە نەفەسی دەکات، سوشین تازە ئەو ڕەونەقانەی بۆ دەخوێندرایەوە لە چاوی پیاو دەڕژان و ئەو جوڵەی لە پەنجەی دەوەری و ئەو بۆنەی لە پێستی دەهات.

دوای تەمەنێک لەسەرەڕۆیی و دوای تەمەنێک لە شەرم و دوای تەمەنێک لە کبریا، سوشین ئەورۆ بەنێو **دارستانێکدا دەڕۆیی تازە دەرگاکانی کردبوونەوە، عومرێک ئاخنراو بەسەرکەشی لەو دەرگا پڕ شکۆیانە ڕاما و ڕوومەتی لە قەدیفە چیمەن ئاساکەی ڕووی خشاند،** ئەو تەنها جارێک گوێی بۆ دەنگی پیاوێکی کامل و پڕ ترس گرتبوو، وتبووی.

– لە جوانی ئەو دەرگایانەدا تەمەنی تۆ وشک دەبێ.

ئەو پیاوە کە دواتر بە «**شەیتانی زینا**» ناسراو، مەلا دەیگوت ئەوەی ناوی ئەوی بەدەمدا بێ زمانی وشک دەبێ و دانەکانی هەڵدەوەرێ، ئەو پیاوە، کە ڕۆژێک ناوەکەیان بۆ دووبارە نەکرایەوە، بەچاوە پڕ زیناکانی خاڵێکی وەک هەنگوین زەرد و وەک ئاونگ شەفاف لە تەختی سنگی کرد، خاڵێک لەودیو جلەکان و لەودیو شوشە و پەنجەرەکان و لەودیو دیوارەکان دەرەوشایەوە.

سوشین دەستی لە جوانی دەرگاکان هەڵنەگرت و نامەی گەڵاکانی نەخوێندەوە، ئەو هەموو جواناوەی نەدی لە کچ و ژنەکانی بەردەستی دەڕژا وەختێک گوێیان لە چیرۆکی نەبڕاوەی پیاوەکان دەگرت و لەو هەموو هاوارە نەگەیشت وەختێک گوێیان لێ دەبوو، پیاوە کامڵەکان هەزارەم جار بەئاوازێکی پڕ ئاو و هەناسەیەکی تواوەوە دەیانگوت:

«مایینەکە نەوی بوو، ئەم مانەوی»

پێش ئەوەی ژنەکان یان ئەو کچانەی کوڵوکی مەمکیان وەریبوو، هەناسەیان بێتەوەبەر، یەک نەوا دەیانگوتەوە.





«ئەمما نەوی!...»

سوشین ئەو دەم نەیدەزانی لەو دیو دیواری ئەستووری شەرمی ژنەکان ئەو دەنگانە، ئەو دەنگە گڕ و پیاوانە دەکەونە چ گۆمێکی قووڵی لەزەت. ئەودەم نەیدەزانی ئەو دیوارانە چ ئەستوورن، ئەو دیوارانە چ پڕ سیحر و پڕ کوناهن.

نا، ئەودەم نەیدەزانی ئەو دیوارانە چ پڕ بوختان و چ نەگریسن، سوشین نەیدەزانی لەو دیو ئەو دیوارانەوە گۆمی لەزەت، چ شڵێپ و هۆڕێکیەتی، ئاه چ قووڵە گۆمی لەزەت، گۆمی لەزەت لەو دیو دیوارەکانی شەرمەوە دەکوڵێ، سوشین نازانێ چۆنی هەست بەو هەموو کارەساتی دەموچاوی کچەکان و بێوەژنەکانی بەردەست و هاوسێی نەکردبوو، وەختێک گوێیان لێ دەبوو، ئەو پیاوانەی دەمارەکانی ملیان وەک قەدی دارمێو دەردەپەڕی و بەدەنگێک لە چرپەی باران و بۆنێک لەگڵ هەزار جار دەیانگوت:

– «لە زگیدا سەد پێچی کردبوو، ئەمما چ پێچ!!»

سوشین ئەودەم نەیدەدی چۆن گۆشتی تورتی ئەو کچە سەرکەشانەی شتێک لە لووت بەرزی ئەویان دزی بوو، شل دەبێ و پێیان قورس و سمتیان نەوی، نەوی، ئەمما نەوی...

ئەودەم سوشین تەنها ڕەنگە پڕ شکۆکانی دەرگاکانی دەدی و دەستی لێدەخشاندن، سوشین دەیویست سەد ساڵ پێشتر، ئەو پیاوە لەش کوتراوەی بەرەنگی ژنان،، لەکەمەری ڕۆهاتبایە و لەنێو دنیایەک دوکەڵ بیخنکاندبا، **سوشین هەست دەکات بەبزمارێک، بزمارێک وەک قەدی دارمێوو ڕەگی دنیا بەو پیاوەوە داکوتداوە**، سەری دەکەوێتە نێو گەرداوی دوکەڵ و لەشی لافاوی کەف، دەبوو پێش ئەوەی ئەو دەرگایانە دەست لێک بەردەن، بیکردبانەوە، ئەودەم دەیتوانی دارستانەکانی تەمەن بەسەوزی ببینێ، ئەودەم دەیتوانی بەهەردوو مستی لە سنگی ئەو پیاوە لەش کوتراوەدا، دەیتوانی لەنێو دوکەڵ پەل بهاوێ.

درەنگ، زۆر درەنگ بەسیحری ئەو **دەرگایانەی زانیبوو، تازە ناتوانێ**

**دەموچاوی ئەو پیاوانەی وەک هەزاران گەڵامێووی بەر هەتاوی تەمووز ڕەق و ئێشک ببوون وە ڕەونەقخاتەوە، تازە ناتوانێ ئەو تاقە گوڵانەی کوڕەکان بۆیان ڕاداشتبوو وەرگرێ، ئەو تاقە گوڵەباخانەی هەر بەڕەنگی خۆیانەوە ڕەق ببوون،** ئێستا کە دەرگایەکان بەڕەنگی خۆیانەوە ڕزین و تەپین، سوشین ناتوانێ ئەو دارستانی موحیببەتە ببینێ و نەگریا، ئەو دارستانە بەبێ ئەوەی ژوانێک ببینێ زەرد هەڵگەڕاوە، بەنێویدا تێدەپەڕی و خرمەی گەڵا لە بن پێی دەهات، قرژاڵ و بۆق بە دیار کانی وشکەوە ڕەقببوون، مارمێلکەکان هەر بەقەدی قەڵشیووی دارەکانەوە ڕەقهەڵاتوون، سوشین دەیەوێ دەرگاکان بەردەباران بکا، ئەو دەرگا ڕماوانەی کە سەردەمێک بەڕەنگ و ڕونەقەوە دارستانەکانی تەمەنیان شاردبۆوە، چ ترسێک لە دواساتەکانی دارستانی تەمەنیدایە، سوشین نەیدەزانی ئەوە دەرگای دارستانەکانی تەمەنی کچانە، ئەو دارستانە ئێشک بووە چ ترسناکە، سێبەرێکی لێ نییە بەسەریدا بکشێ، تەرمی وشکبووی خەونە سەد ڕەنگەکانی کچان، ئەو کچانەی بەنهێنی و لە ڕاڕەوە پەنهانەکانی ئارەزوویان ئەو خەونە سادە و پڕ لە زەتانەیان لەو دیو جلی ویقارەوە حەشاردابوو، ئەو خەونانە بێ ئەوەی بتوانن گلێیەک جێهێڵن بەبێ سەنگی و وەک لاشەی سێبەرێک کەوتبوونە سەر گەڵا وشک بووەکان، ئەو دارستانەی تەمەن تێیدا تێپەڕیبوو، بایەکی لێنەبوو گوڵێک بلەرێنێتەوە، ئاوێکی لێنەمابوو هەناسە تەڕ کات، تەیرە سەد ڕەنگەکانی خەون، چۆلەکە بزۆزەکانی مراهیقی لەسەر لقە بێ ڕووحەکان ڕەقببوونەوە، یان کەوتبوونە نێو تەباری گەڵا رژاوەکان، ئەو گەڵا هیشک بوانەی دەتگوت دەموچاوی پیاوە کامڵ و پیرەکانی سەر جادە و کۆڵانەکانن، پەپوولەی حەزە ناسکەکان بێ ئەوەی باڵێیاندا دەپوان و دەبوونە تۆز، ڕەنگە پڕ سیحر و بەرەونەقەکانیان شێدەبوونەوە، **سوشین بەتەرمی ماسیەکان دەزانێ جۆگەلەکان بەکوێدا تێپەڕیون، خرمەی ئێسکەکانیان لە بن پێی هەر لە خرمەی دڵی ئەو کوڕە گەنجانە دەچوو لەودیو دیواری شێداری ماڵەکەی**





**چاوەڕێیان دەکرد**، سوشین ئەودەم هەستی بەپیربوونی ئەو کوڕانە نەدەکرد، هەستی نەدەکرد ئەو کوڕانە وەک دارکاژی دارستانەکانی خەون، ئەو داستانەی هەستی بەبوونی نەکردبوو، ئەو دارستانەی ئێستا لە وشکبوونی سەرسامە، نەیدەزانی ڕەگی ئەو کوڕە دارکاژانە لە خەونەکانی ئەو دایە، ئەو خەونانەی هەرگیز ئاونەدران، سوشین گاڵتەی بەوە دەهات کە ئەو کوڕانە دوای لاپەڕە بەسەرچووەکانی خەونەکانی ئەو دەکەوتن، ئەو لاپەڕانەی فڕێیدەدان و وەک سووتو دەکەوتنە دەم با.

سوشین لەسەر بەردێکی سپی پان و گەورە دانیشت کە دیار بوو لە ڕۆژانی هەرەتی دارستانەکە لە ناوەندی دەریابووە و هەزاران شەپۆل لەسەری پارچە پارچە بوون و قەوزەی ئاو کەلەکەیان ختوکە داوە، ئەو بەردە کە هێشتا بۆنی ئاوی لێدەهات، هەرچەندە توێخێکی سەری خەریک بوو دەبوو خۆڵ، سوشین ڕادەکشێت و تەماشای ئاسمان دەکات، حەز دەکات لە هەموو لایانڕا شەپۆڵ بارانی کەن و کەف و پرژەی ئاو بەسەریدا ببارێت.

ئەو دەمانەی شەپۆل لە هەموو لایانڕا لەو بەردەی دەدا و تۆز و کەف و سێڵاوی ئاو لە هەوا سەمایان دەکرد و دەڕژانەوە سەر ئەو بەردە سپیە، دەیانویست گۆشتی نەرم و ماسولکەی تورتی تێر ئاو کەن و بەسەر خۆشییەکی هەرزەکارانە و حیکمەتی ئەفلاتوونەوە لەسەری بگەوزن و دڵۆپەکانیان پڕ کەن لە بۆنێک، ئەو دڵۆپە ئاوانەی لە تەنهایدا تەقین و لە تەنهایدا مەحف بوونەوە، سوشین کە پێدەچوو بەنێو ئەو بەردەی لەسەری پاڵکەوتووە ڕۆچێ، سوشین کە پێدەچوو ئەو بەردە چاوەڕێی ئەو بکا، یان پێدەچوو بۆ خۆی ئەو بەردەبێ، چاوەکانی وەک دوو پارچە شووشەی شکاو، وەک دوو مووروووی نێو خۆڵەمێش کەوتبوونە نێو ڕابردوویەک تەنها تەمەن و بەس، تەنها تەمەن و غرور گێڕەیان کردبوو، تەنها تەمەن بەشی خۆی بەسیحری پیرێژنێکی مەکربازەوە لێستاندبۆوە، تەنها تەمەن لەنێو ڕەنگە پڕ فێڵەکانی دەرگاکاندا مردبوو، سوشین ئەودەم نەیدەزانی ئەو دەرگایانە هێندە سادە دەکرێنەوە، هەر نەشی دەزانی ئەوانە دەرگان و

دەرگای دارستانەکانی تەمەنی ئەون، ئەو تەنها ویقارِی ڕەنگەکانی دەدی، ئەو ویقارەی نە لە ژیان و نە لە مردندا بوونێکیان نییە.

سوشین دەیویست ئەو هەموو تەیرەی لەو باخەدا کەوتوون، ئەو هەموو تەیرە مردووەی تاوێکی دیکە گەڵا دایاندەپۆشێ، سوشین دەیزانی جارێکی دیکە نەک تەیرێکی سەد ڕەنگ، ئەو تەیرە بێڕەنگانەی کەوتووشن بەسەر سەریدا تێناپەڕن، بەشی دندوک سوورکردنێک لە خوێنی ئەو گوڵە سوورانە نابەن هەوایان پڕ کردبوو، سوشین تازە هەستی بەوە کردبوو گەنجەکانی سەر ڕێگای ئەوانەی **تەمەنێکیان پێ کەم بوو بۆ چاوەڕوانی**، بۆ ڕەنگ زەرد و سیسن.

هەموو ڕەنگە جوانەکان، ڕەنگی ئاو، کولۆکەکانی هەوەڵی بەهارێ و ڕەونەقی بێ تاریفی گەڵا هەر چکۆڵەکانی دار هەنار و کۆلکە زێڕینەی بن باڵی تەیرەکان و ڕەنگە فڕیوەکانی پەپوولە و هەموو ئەو ڕەنگانە لەودیو دەرگا پڕ سیحر و پڕ و پوچەکانەوە بەندبوون، بەندبوون لەگەڵ تەمەنێک کە ناگەڕێتەوە و تێپەڕیوە، گەنجەکانی نێو جادە و کۆڵانەکان چاوەڕێ بوون سوشین دەستیان بگرێ و ئەگەر خوا بکا پەنجەکانی نەوەرن، ئەو وەرینانەی ئەوڕۆ شتێک نەبوو «با» بیانبا، شتێک نەبوو زمسار هەڵیانگرێتەوە، تیمنداس ئەو بەندەی بەزمانە پڕ سیحرییەکەی نەنووسیبوو، سوشین لەسەر بەردەکە دەپوا، دەپوا، دەپوا و تێکەڵ تاشە بەردە پواوەکان دەبوو، وەک ئەو مێرووە چووک دەبۆوە بەسەر تەپوتۆز و خۆڵی سەر کتێبەکەی مەلا ڕمبازێنی بوو.

گەرچی زمسار پیاوەی کوتراوی بەڕەنگی ژنان نەناسی، گەرچی لەزەتی نێو هالاّ ودوکەڵی نەناسی، زمسار بۆنی گوڵە سوورەکانی دەریا و خەونە درێژخایانەکانی پیاوەکان، بولبولە وشک بووەکان و ئاوە بەهەڵم بووەکانی لە خۆڵ و بەردی پواو دەکرد، زمسار پاشا لە دوا پەیامیدا بڕیاری دا نەتەوەی بەنێو مێروو بەنێو خۆڵدا شۆڕبنەوە، شۆڕبوونەوە و لەنێو توێیەکانی خۆڵدا بزر بوون، **ئەوەش سزای نەتەوەیەک بوو شاژنانیان**






**ڕێگای داوە پیاوێکی لەش کوتراو و دوکەڵ هێن بێتە خەونی، پاشا تاجەکەی بەدنکە گەنمێک و شاژن جوانییەکانی بەقالۆنچەیەکی مردوودا.**

سوشین وەک پەیکەرێک لە مەڕمەڕ، بەڵام مەڕمەڕێکی پواو، لەنێو پەپوولە وشک بووەکان و کەروێشکە ڕەق هەڵاتووەکان و لەنێو وڵاتی گەڵای زەرد و ڕزیو ڕاکشا، ئەوانە هەموو دەبوونە خۆڵ و تێکەڵ یەکدی دەبوون، زمساری خاوەن تاج و شکۆ بۆنی سوشینی تەنها لە خۆڵ دەکرد، فرمانی دا هەتا هەتایە بەدوای ئەو بۆنەدا خۆڵ بگەڕێن.

***

4

# سەردەمی فتوحات



دەروازەکانی شار

بۆنی خۆڵ و شوێن پێی ئەو مێروولە زەردە لەسەر کتێبی سەر تاقەکە هەناسەیان تەنگ کردم، بەخۆم گوت:

**– تازە ئەو شارە ژێر و ژوور دەبێ، ئەو کتێبە هەڵگرە و برۆ.**

دواتر گوتم:

**– با وەک شاری مێروو بێ ئەسەر نەبێ.**

دەنگێک گڕتر لە دەنگی پیاوە پێ مسەکان، گوتی:

**– کە تۆ ناتوانی شارێک لەگەڵ خۆت بەری، کتێبێکت بۆ چییە؟**

دەنگێکی لە ناکاو ڕایچڵەکاندم و گوتی:

**– لە بیرت نەچێ دەبێ مردنی سێیەمم ببینی.**

نەمتوانی لەوە زیاتر بەرگەی گومان و ڕاستییەکانی دەنگەکان بگرم، هەستم بەسووکی کێشم دەکرد، نەمدەزانی لەسەر پلیکانەکانی نێو میحرابەکەم یان دەستە نادیارەکان بەرزم دەکەنەوە، مەلا بەهەمان هەیکەلی باریک و بەهەمان شەقاوی بڵاو و بەهەمان عەبای ڕەش و میل میلەوە دەگەڕا، پەڕە زەرد و بۆن توند و پیرۆزەکانی بەسپایی و بەئەمانەتەوە هەڵدەگرتەوە و بێ پەروا دەیویست پێشی ئەو بایە بگرێ پەنجەرەکانی ڕادەوەشاند و پەڕەکانی دەبرد، **ئەو بایەش زەنگی لێکترازان و زەنگی ئەجەل بوو**، ئەو بایەش زەنگی وێرانی شار و شکانی بووکەشووشەکانی منداڵیمان بوو، لێکترازانی پەڕەکان و سڕینەوەی وشەکان، سەربازەکانی مەرگ و فەرمانی وێرانکردنی شار گەیشتنە بەردەرگا و مەلا سنگی یەکەم کەسیانی گرتوو، بەسەریدا شیڕاندی.

– سەردەمی فتوحات بەسەرچوو، **ئێمە موسڵمانین**.

کابرای سەرباز بەدەنگێک لە بڕبڕەی باپیرانییەوە بێ گوتی:

**– ئێوە دەبێ هەموو ڕۆژێ موسڵمان بکرێنەوە.**

بەباوەڕی ئەو خوایەی لە دڵی هەڵدەقوولا، پەڕە زەردەکانی بۆ ڕاداشت، گوتی:

– ئێمە بەو تاوانانەوە گیراوین.

کابرای سەرباز شانی لە بن چەند ئەستێرەیەکی مردوودا دەلەرزی، بێ





ئەوەی پەڕە زەردەکان بناسێتەوە، هەیبەتێکی بێ پشت و پەنای لەودیو دەنگی مەلاوە دەدی، دەسڵەمیەوە. سەربازەکانی دواوەی قوڵاغ ببوون، لەوە بێزار بوون کە پەلاماری مزگەوتیان داوە، هیچ لەزەتکی تێدا نییە، کابرای سەرشان پڕ ئەستێرە پڕی دایە پەڕە زەردەکان و مەلا بێ ئەوەی بەریاندا، هاواری کرد.

– دەستیان لێنەدەی.

کابرا توندتر پەڕەکانی ڕاکێشان و دڕاندنی، مەلا وەک ڕووحی لەو پەڕانە دابێ کەوت، دەستی بەو پەڕە دڕاو زەرد و بێهزانەوە ڕەق ببوو، بەدەنگێکی پڕ حوزن و تەسلیم بوون، گوتی:

**– واز لەو پەڕانە بێنن و وەرن من سەد لەت کەن.**

دیسانەوە «با» پەنجەرەکانی پێکدادان و ئەو شووشانەی هێشتا بەساغی مابوون هاڕڕەیان هات، سەربارەکان وەک بەسەر فەرشێک کەون بۆ پێڵاو سڕینەوە دانرابێ بەسەر مەلا کەوتن و بەسەریدا تێپەڕین.

ئەو پێ مسانەی سەردەمێک لە دەنگی مەلا و قەڵشیی دیواری مزگەوت دەهاتنە دەر و قامکە باریکەکانی منداڵیمیان پان دەکردەوە، مەلایان شێلاوپانیان کردەوە. بێ ئەوەی ئاگایان لێ بێ، مەلا لە شێوەی مارێکدا لەنێو جوبە و عەبای بن پێی سەربازان، وە جووڵە کەوت و چووە نێو فەرشێکی لوولکراوەوە، ویستم دابەزم و ئەو تاکە فەرشە بخەمە سەرشانم و بڕۆم، بڕۆم میحنەتی مزگەوتێک و سڕی کتێبێک وەک مێروولەکان بۆ گل بەجێبێلم. تەنها بەوەدا دەمزانی ئێمەش گڵێن کە لەگەڵ هەموو شکانەکانمان نەهاڕە و نەوردبوونی شووشەمان لێهەڵناستێ. وەک گڵ دەتەپینە سەریەک و وەک گڵ هەناسەمان کپ و وەک گڵ بێ نموودین.

کۆمەڵە گەنجێک کە دیاربوو ڕۆنی قژیان لەنێو شارێکی وێران بەتۆز داپۆشرابوو، ڕەنگی قژیان سپی دەچۆوە، وەک پوورە زەردەواڵەیەکی گڕ تێبەربوو، وەژووری مزگەوتێ کەوتن و سەربازەکان بۆ خۆ دزینەوە لە پەڕە زەردە دڕاوەکان و هاڕەی شووشە پەنجەرەکان و سەرشێتی «با» ڕێیان بەگەنجە سەر بەرۆن و سەر سپیەکان گرتبوو، دیاربوو پێیان دەگوتن:

– ئێوە دیوارەکانتان زنجیرکردوە، ئێوە دەرگا و پەنجەرەکانتان بەستۆتەوە تا نەڕۆن.

گەنجەکان وەک لێوەکانیان بەو ڕۆنەی لە سەریان داوە پێکەوە نووسابێ، وەک دەمیان پڕ بووبێ لە خۆڵ، دەنگیان لێ نەهاتوو، جوولەیان نەکرد، هەر بەنووکی چەکەکانیان لە پاڵ دیواریان ڕیزکردن و نیشانەیان لێگرتن، کابرای گەورەیان گوتی:

– ئێستا بدوێن با دیوارەکان بکەونە جوولە، با دەرگاکان بکرێنەوە.

گەنجەکان دیوارێکیان نەدەدی نەلەرزێ و دەرگایەکیان نەدەدی نەشکابێ، سەربازەکان چەکەکانیان هێنا سەر پێ و گەنجە باریک و بێ ڕەنگەکەیان بۆ یەکەم جار ترسی لوولەی تفەنگی دی و دیتی لەنێو تاریکیدا لوولەکە پەیامی بەگوێد دەچرپێنێ. **ترس** پێی دەڵێ:

**– من ئەو ئاگرەنیم پێش ئەوەی بت سوتێنم ئاگادارت کەمەوە، من دوای ئەوەی دەتبڕم هەستم پێ دەکەی، من و تۆ تیژ تێدەپەڕین، تۆ بەتەمەن و من بەتۆدا.**

گەنجەکە پەیامێکی نەبوو بەلوولەی ترسی بڵێ، ئەو ترسی دەناسی، جارێک ترس پێی گوتبوو:

**– هێندەم لێ نزیک مەبە، با ئولفەتم پێوە نەگری.**

گەنجەکە ئەو ڕۆژە سەرسەختانە پێی گوتبوو:

**– من ئولفەت بەژیانەوە ناگرم بەو هەمموو درۆیانەیەوە.**

لوولەی ترس ڕووخسارێکی نەبوو گوێ بگرێ، ڕەنگێکی نەبوو بیبینی، تەنها دەنگێکی وەک گرمە و شریخەیەکی کتوپڕی هەبوو، ئەو گەنجە باریکە ئاوڕی دایەوە سەر برا موو زەرد و چاو شینەکەی، ئەویش وەک گوڵدانێکی شووشە چاوەڕێی هاڕەی خۆی بوو، لە پشت چاوە شینەکان نە کچە جیرانە تازە باڵقەکەیان، نە دەرس و مەکتەب، نە شووشەی بۆنەکان و نە وێنە ڕەنگاوڕەنگە ڕووتەکانی کچە هەرە تەڕەکانی میسر. ئەوان لە چاوی یەکدیان نە دەڕوانی، نیگایان ترسێک بوو، لە لوولە بەسامتر، کەوتبانە بەر نیگای یەکدی بێ گوللەدەرمان، ئەوەی ناوەندیان گەنجێکی





قەڵەو، وەک ئەوەی ترسی لوولەکانی نەدیبێ، بەڕوویەکی هێمن و چاوێکی ڕوونەوە دەیڕوانی، ئاسمانێکی ڕوون و هەتاوێکی نیوە گەرم دیبردەوە، سەر گۆمە مەندەکانی زانکۆ، **ترسێک نەبوو لە بۆنی کچ دووری خاتەوە**، خەتایەک نەبوو لە شەوە درێژەکانی بتۆرێنێ، بەخۆی و نیگایەکی پڕ تەلیسمەوە، حەزێکی کوڕانەی دەبەشیەوە و کچان بۆ پێدەکەنین، ئەو دەدوا، پێش ئەوەی دەنگی بڕژێتە نێو هەوا. لوولەی ترسەکان بەدەنگ دێن و ئەوان بۆ هەمیشە بەدیواری قوڕ و پڕکای مزگەوتەکەوە دەدورێ، ئەوان لە شێوەی ئەو ئەسپانەدا کە هونەرمەندەکان هەر بەکەیف لەکاتی دەست وەشان و ئەمباز بووندا دەیانکێشن، بەدیوارەوە نووسان.

***

دای چەند کاتژمێرێکی دیکە شار چۆڵدەکرێ و نابێ من هێندە بەپێست و جلی ئەو گەنجانەوە خەریک بم کە بەدیوارەکەوە هەڵواسراون، کتێبێک، کە لەو بەردە قورسترە ئیمام عەلی هەتا ئەژنۆی خۆی هێنا، کتێبێک کە سیحری دروست بوون و ڕمانی ئەو شارەی تێدا نووسراوە، لە بیر بەرمەوە. ئەوان چەند گەنجێکن و دەشێ وەک کارگ لە هەموو چرکەیەکدا لەسەر بەردی ڕەق و کەلێنی دیوار و بەرەدەستی ژنان هەڵتۆقێن. ئەو گەنجانە سەردەمێکی زۆر هەموو کاتی ئەو شارەیان لە سندوقێکی سینەمایی کردبوو، کە تاکە سەماکەرێکی تێدابوو. بەخۆیان و ئەو سندوقە سیحرییەوە وەک با بەگڤەگڤ بەنێو کۆڵان و جادەکاندا تێدەپەڕین. تێدەپەڕین و دڵی پیرە پیاو و منداڵ و بێوەژنە خۆکشتووەکانی ئەودیو دیوارە بڵند و بێ کەلێنەکانی ڕادەتلەکاند و ساتەکانی شاریان لەنێو ئەو سندووقە قوفڵ دەدا، کەس بۆی نەبوو دەرزی یان دنکە شقارتە لەو کونە ڕۆکا.

ئەو شارەی ئێمە حیکایەتێکی هێند دوور و درێژی لەگەڵ کون هەیە، ئەو کونەی لە زەوی بوو کە دەچییە ناوی شارەکانی بن زەوی دەست پێدەکات، ئەو شارانە نەماڵ و دوکانی، نە پاشا و کانیاوی لەو وڵاتەی ئێمە ناچێ، چیرۆکی ئەو کونەی لە ئاسمانیش بووە تەنها لە شارەکەی منەوە دەست پێدەکات. حیکایەتی ئەو شارە ئاوەدانانەی سنووریان نییە، هەموو

سیحری ئەو شارانە لە ژوورەکانی دایە، ژوورەکان یەکە یەکە، دەکەیەوە. تەنها ناتوانی تاقە یەکێکیان بکەیەوە، ئەو گەنجانەی تاوێک پێشتر ڕژانە سەر دیوار، بەدیار قوفڵی دەرگای ئەو ژووره وە خەویان لێکەوت، هەر لە خەوەکانیاندا بەکونی دەرگاکەدا چوونە ژوورێ، ئەو ژووره بەتاقی ڕەنگاوڕەنگیەوە، بەبۆنی فێنک و پڕ ڕەونەقیەوە، بەنمەی باران و ڕەنگی کریستاڵی تەرزەیەوە، ئەو ژوورانە پڕ بوون لەو کچانەی پێستیان وەک تووکی کەروێشک مەوجی دەدا، لە وێش تاکە کچێکیان لێ حەرام بوو، ئەو تاکە کچە لە قەفەزێکی شووشەی سوور سووردا، سوورێکی بێ وێنە خەوتبوو، خاڵێکی وەنەوشەیی لەڕانی چەپی بوو، کوڕەکان کچەکەیان نەدیوەوە لە خاڵەکەدا ون دەبن، ئەوان دەیانزانی دەستیان بگاتە ئەو خاڵە کچە وەخەبەر دێ، بەڵام **قەفەزی شووشە قوفڵی نییە بیکەیەوە**، کونی نییە. گەنجەکان وەک مێش بەشووشە سوورەکەوە دەنووسێن، دەبینن ئەو کچە دەروازەی شارێکە لەنێو شووشە، دەبێ بەو دەوازەدا تێپەڕن، ئەو دەروازە، دەبێ نهێنییەکانی شاری شووشەی پێدا تێپەڕێ. **لەشی ئەو کچە شاری شووشەیە، قەیسەری و بازاڕ لەسەر سنگیەوە درێژ دەبێتەوە، پشتی یاریگای خلیسکێنە، بن باڵی مێرگی بۆن و یانەی مسکە، باڵەکانی ڕێگای شووشە لێلەکان و چاوەکانی کۆشکە شووشە بەندەکانی پایتەختن،** گەنجەکانی ئەو وڵاتە شووشەیە دەگەڕێن و بەشەرمەوە دەست لە ڕووکاری هەموو ئەو شووشانە دەدەن، لێرەش تەنها تاقێک، تاقی بوراق، تەنها هێلکەیەکی کریستاڵ نابێ بکرێتەوە، بەگەنجەکان دەڵێن:

– بڕۆن لەو وڵاتەدا بگەڕێن، ئازادن، تەنها ئەو تاقە، تەنها ئەو بوراقە کریستاڵە لە ئێوە حەرامە. نەکەن بیکەنەوە، نەکەن دەستی لێدەن.

ئەو کوڕە گەنجانەی ڕژانە سەر دیوار، ئەو وڵاتەی لە پێشیان کرابوو نایبینن و بەدیار ئەو بوراقە کریستاڵیە حەرامەوە دادەنیشن. کچێک بەخۆی و کۆگای بۆن و مەمکی لەزەت و پڕ فێڵیەوە، ڕاکشاوە. ئەو گەنجانە تەنها لەو تاقە کریستاڵیە دەگەڕێن. جادوویەک کە لە بەحری دەمی شووشەییەوە سەر هەڵدەدات، بەو گەنجانە دەڵێ:

– ئەو هێلکە بەتاڵە. وەرن سیحری ژنتان فێرکەم. گەنجەکان دەڵێن:





– ئێمە بەدەستی کچەوە گیرۆدەین، **کچێک شارێکە لە شووشە**.

جادووبازەکە دەڵێ:

– کچ کامڵ نییە!

ئەو گەنجانەی کەوتنە سەر دیوار ناتوانن لەوە زیاتر بم خەڵەتێنن. لەنێو ئەو کاتە زێڕەی لەبەردەستمە، کە چەند سەعاتی دیکەیە. غافڵگیرم کەن. ئەو شارە لەسەر نەخشە و لەسەر ژیان ڕەشدەکرێتەوە. من دەبێ ئەو کتێبە هەڵگرم و بڕۆم، **من دڵنیابووم لەهەر شوێنێ ئەو کتێبە بکەمەوە شارەکەم بەبێ ئەوەی گەڵایەک کەم کا دێتەوە وجوود،** لەو کاتەدا دێتەوە وجود کە قەرەجەکان بەخۆیان و بێژنگ و لانک و کەرەسپی و گەردن بەزەنگوڵەکانیان و دەریایەک بۆنی ژن و سەماکەر و جنسەوە بەنێوەندی شاردا ڕەت دەبن، ماکەرێکی ئەو قەرەجانە هێندەی سەد تیاترۆخاتە دەماری پیاو دەجولێنێ، قەرەجەکان ئەوەیان باش دەزانی و بۆیە هەمیشە ڕەوەماکەرێکیان لەگەڵ خۆیان بەنێو شار وەردەکرد.

هەر لەو دەمەدا شار دێتەوە وجود، ئەو گەنجانە بەپەلەن بگەنە تاوڵەکانیان و بەبیانووی شەڕە کەڵەشێرەوە چاو ببڕنە لەش و لاری کچە عەیارەکانیان، چاوی گەنجەکان لە مزراحی بەنێویانگی قەرەجەکان خێراتر دەسووڕێ، تەنها مزراحی ئەو قەرەجانەیە ڤینگەیەکی لێ دێ وەک ئەوەی بەسەر دەریادا بفڕێ.

دەموچاوی پڕ جنسی کچ و ژنە بەڕواڵەت بێ موبەلاتەکانیان ئەو گەنجانە دەخاتە سەر ئاگر. ئەو گەنجانە ئازادن سەر بەیەکە یەکەی تاوڵەکاندا بکەن، قەفەزە گەورەکان و کەوە خرتەکانیان تەماشا کەن و گەمە بەتاژییە بەڵەکەکانیان بکەن و سەگە زەبەلاحەکانیان بەشەڕ دەن و هەڵۆکانیان تووڕە کەن، بەڵێ هەر لەو دەمەدا شار دێتەوە وجود، بەڵێ ئەو گەنجانە دەتوانن کچە لاق درێژ و لچ ئەستوور و گۆشتن و بەتاو سووتاوەکانیان لە باوەش کەن و مەمکە ئەسمەر و لووسەکانیان بفلیقێننەوە، لەبن ژنە بەژن زەراف و خۆنەشۆرەکانیان بکەون و وەک سەگ بستێک زمانیان دەرکێشن.

بەڵێ دەتوانن، تەنها و تەنها تاکە تاوڵێک لێیان حەرامە، نابێ سەر

بەو تاوڵەدا بکەن و دەستی لێدەن. هەموو دەبینین لەسەر تاوڵەکە وێنەی کچێکی یان ژنێکی ڕووت چنراوە، وێنەی کچەکەیان یان ژنەی سەر تاوڵەکە بەمووی مەرەزی سوور چنراوە، لەسەر هەردوو ڕان و سنگی وێنەی سێ مار کێشراوە هەرسێکیان شۆڕکراونەوە و لە ناوەندی لەشی هەرسێ سەر پێکدەگەن، ئەو مارانە لەشیان بەپوولەکە ماسی ڕەونەقدار داپۆشراوە، ئەو مارەی لە نێوان هەردوو مەمکیەوە شۆڕبۆتەوە زەردە و، دووەکەی سەر ڕانیشی کە بەرەو سەر هەڵدەکشێن ڕەشن، هەرسێکیان سەریان لە ئاستێک پێکدەگات - کە من نازانم کوێیە- ڕەنگی سەریان سوورێکی بەبریقەیە و وردە وردە توخ دوای ڕەش دەبێت. سەری ئەو مارانە لە بن ئاپۆڕەی پەپوولەی وردی زەرد بەئاستەم دەبینرێ.

ئەو گەنجانە کچ و تاوڵ و قەرەجەکان و کەیفەیان نابینن و لەسەری ئەو سێ مارە ورد دەبنەوە، سەریان هێندە تێکەڵە وەک یەک بن، هەرسێکیان یەک دەمیان هەیە، دەمێک کە سیحری هەموو دەنیا نایکاتەوە. دیارە لەو تاوڵەدا کچێک کە هەموو لەشی بەڕەنگ کوتراوە، خەواڵو و خەندان چاوەڕێیە، گەنجەکانی ئەو شارە دوای ئەوەی قەرەج و ئەتوارەکانی بەنەعلەت دەکەن و پێکەوە دەچنە نوێژ و سەرکز دەڕۆنەوە ماڵ. دواتر یەک یەک و دوو دوو، بەبن لێواری تاریکیدا، نیوەشەو، دێنەوە نێو تاوڵەکان و لۆکسی ڕووناک و گڕداری قەرەجەکان لێکدیان ئاشکرا دەکا و، سەرگەرمی خواردنەوە و هەناسە دەبن، ئەو گەنجانەی ڕژانە سەر دیوار بەدیار تاوڵی حەرامەوە دادەمێنن و لە کچە و مارەکانی سەر جەستەیدا ون دەبن، وەختێک بەئاگادێنەوە لەناو خوناوی بەیاندا ون بوون و قەرەجەکانیش بێجگە لە بۆگەنی میزی ماکەرەکان و بۆنی بن باڵی ژنە خۆنەشۆرەکانیان چیدیان بەجێ نەهێشتووە.

خوێنی ئەو گەنجانەی کای دیواری سوورکرد و تاوڵە حەرامەکان دەیانەوێ داگیرم کەن و کتێبێک کە بارتاقای دنیایە لەبیر کەم. وەختێک مەلا وەک مارمێلەیەک چووە نێو فەرشێکی لوولدراو، مێروولەیەک تەنگەفەسی کردم و پیاوەکانی چاوەڕێی سوشینیان دەکرد پیربوون، من دەمویست دەست درێژکەم و تۆزی سەر کتێبەکە بتەکێنم، دەنگێ کە





وێرانکردنی شارێکی پێ هیچ بوو، گوتی:

**- ئەو حەرفانە خڕکەوە لە مەلا کەوتن.**

من گوتم:

- لەنێو تۆزدا؟

ئەو گوتی:

- لە هەوادا!

بەو نیازەی ئەو حەرفانەی لە هەوا ون بوون، دەنێو ئەو کێبەیدا وەدۆزم، دەبێ ئەو کتێبەی لەگەڵ خۆ بەرم، بەبەرە دەست تۆزی سەر بەرگەکەیم لادەدا، شوێنی خەت و ڕایەڵی پەنجەکانم بەخۆڵەکەوە نەخش دەبوو، دواتر قسەی ئەو ژنە قەرەجە توند و گۆشتنە و کاملەم بیرکەوتەوە، شەوێک لە تاوڵێکی لاچەپدا لە ئامێزی نووستم، مێژووی جنسی ئەو ژنە لە مێژووی شارێک کەمتر نەبوو، ئەو تاوڵە حەرامەی وێنەی کچەکەی لەسەر چنرابوو، ئەو وێنەیەی کوڕە گەنجەکان بەدیاریەوە تاسان.

ئەو ژنە بەهەر شارێکدا تێپەڕیبا، **تاکە یەک پیاوی بەدڵدەکرد،** ئەو پیاوە وەک پاشا لەنێو نوێنە دانستە و نایابەکانیدا پێشوازی لێدەکرد و دواتر وەک پەڕۆیەک فڕێیدەدایە دەر، ئەو ژنە دەیویست تەنها لە باوەشیاندا بنوێت و بۆن بەپێستی دڕیانەوە کات و بەدیار ئاگرە نەبڕاوەکانی لەزەت دانیشێ، ئەو ژنە لە ئاگری لەزەتدا دەژیا و ژیان دوای ئەفسون و جادووی ئەو ئاگرە بۆ ئەو بێ بایەخ بوو، ئەو ژنە دەیتوانی تا ئەبەد لە ئاگری سنگی پیاوێکدا بنوێ، کاتێک ئەو پیاوە گەمژانە لەنێو ئەو ئاگرەدا فێیان دەهاتێ و بستێ زمانی بەگرێیان دەردەکێشا و دادەمرکان، ئەو ژنە ئاگرکوژە بەنووکی پێیەکانی ئەو پیاوە جوامێرانەی هەڵدەدا دەر، نەفرەتی لە پیاو دەکرد، بەو نیوەشەوە تەشتێک خەنەی هیندی کە پێیان دەگوت بوزایی دەگرتەوە، لە هەموو لەشی خۆی هەڵدەسوو، دەبوو بەئاوێکی گەرم ئەو خەنە بگرێتەوە، سێ ڕۆژان خۆی بەخەنەی بوزایی، کە بەتایبەت لە هندستانەوە لەگەڵ خۆی دەهێنا، سواغ دەدا، ئەو ڕۆژەی خۆی دەشواتەوە پیاوەکانی ئەو خێڵە، پیاوەکانی گوند و

شارەکانی نزیک بۆنی خەنە دەیگرتن، خەنە لە گەڵای دارەکان و چیمەنی ماڵەکان دەهاتە دەر، خەنە لە باڵ و دەنگ و جووڵەی باڵندە و چۆلەکەکانی دەڕژا، گەنجەکان بزە دەیگرتن و بەدزیەوە بەرەو تاوڵەکان دەڕۆیشتن، ژنان بەسەری بەخەنەوە کە گەڵایەکانی سەریان خەریکە ئیشک بنەوە، دێنە دەر و بەو نیازەی لە شاری بگەیەنن ئەوە بۆنی ئەوانە شاری قانگ داوە، نێرەکەرەکان ڕێشمەیان دەپسێنن و سەر لە دوویەک دەنێن، کەڵەبابە پشت مۆرەکان خۆیان گیڤ دەکەنەوە و بەکچان هەڵدەپڕژێن، بۆنی خەنە وەک لافاو لە بن ڕەگی دارەکان و مۆخی خەڵکی دێتە دەر، بۆنی خەنەی ئەو ژنە، شیلەدار و لینجە پیاوان قامکی تێدەخەن و دەیمژن، ئەو ژنە سێ ڕۆژ لە تاوڵەکەی خۆی نایەتە دەر و گەرمی پێست و هەناسەی خەنەکە وشک دەکاتەوە، پێستی ڕەنگ و بۆنی دەمژێ، مووی تێراو دەبێ لە خەنە، ئەو ژنە لە خەونەکانی خۆیدا پیاوێکی هەڵدەبژارد، پیاوەکان هەزاران تەون و دەهۆ، هەزاران فێڵ و جادوویان دەکرد، تەلسمی هێلکە و سیحری موو سووتانیان دەکرد، بەو نیازەی بچنە خەوی ئەو ژنە قەرەجە، خەوە دوور و درێژەکانی ئەو ژنە، خەوەکانی بەر باران، بارانی بەهارێک لەسەر جەستەی ڕووتی دەبووە هەڵم، ئەو شەوانەی باران خەنەی ڕەقبووی سەر جەستەی دەشواتەوە، ئەویش بەعەشقی ژنێکەوە پیاوێکی لە باران هەڵدەبژارد، **ئەو شەوە شار لەنێو قوڕی خەستی خەنەدا دەخلیسکاو**، وەک سەرخۆشێک بۆ دەرگای ماڵی قەرەج دەگەڕا، **بەڵام ماڵی قەرەج دەرگایەکی نییە لێی درێ**، قەرەج دڵێکی هەیە جێگای شاری تێدا نابێتەوە، دڵی قەرەج لە خەونێک زیاتر نابینێ، دڵی قەرەج جادوویەکە دەکرێ لە هەموو کەس بکرێ، شار بەسەرخۆشی لەنێو لیتاوی خەنەدا دەوەستێت و دەڵێ:

– ئەوەندە گەورە بووم سەری خۆم پێ هەڵناگیرێ، تاقە گەڵایەکم بدەرێ و هێلەکانی تەلەفۆن و فاکسم بۆ تۆ، دەوەرە لە بۆنی خەنەدا بمنێژە و هەموو عەترەکانم بۆ تۆ.

ژنە ئەو پیاوە لە خەونەکانیدا هەڵدەبژێرێ، وێنەی ئەو پیاوەی لە بارانە ژنە، لەسەر تاوڵەکەی دەکێشێ، ئەو دەمەی وێنەی خۆم بەهەمان دەموچاوی سادە و زەردەخەنەوە دیت شاگەشکە بووم، بەرێکەوتم و شار لە ڕێگا





پێیگوتم:

**– مەردبە! وەرە کچەکانی شارەکەمت پێشکەش بێ و ئەو تاوڵەم پێ ببەخشە.**

**من بێ ئەوەی بتوانم ئاوڕ لە شار دەمەوە، پێم گوت:**

**– ئەو کچانەی دەتوانی بیانبەخشی هی تۆ نین.**

**ئەو بەزمانی ئاغایەک بەڵام ئاغایەکی تەسلیم بوو، پێیگوتم:**

**– ئەی گەنجی کاڵفام، کە تۆ جورئەتی پیاوت نییە، مەچۆ تاوڵی ژنێکەوە دنیای بڕیوە.**

**دیسانەوە بێ ئەوەی بتوانم لێی بڕوانم گوتم:**

**– ئەی شاری نەگریس، با لەناو تاوڵەکەی ئەودا دنیا ببینم.**

**شار چۆکیدا داو، وەختێک دەستی کەوتبووە سەر زەوی و پرچی بەسەر ڕوویدا شۆڕ ببۆوە، بەنۆزەوە گوتی:**

**– تکایە، خەونەکانی منی بۆ باسکە.**


**ئاوڕم لە دەنگی و لە ڕمانی دایەوە و پێمگوت:**

**– ئەگەر خەونێکتان هەبووبێ!**

***

5

## شا لەبەر پێی ژنە قەرەجدا



وەک شابم و بەژێر ئاڵای وڵاتدا تێپەڕم

**وەک شابم و بەژێر ئالای ولاتدا تێپەڕم سەرم نەوی کرد و لە گوڵی ئەو فەرشە ڕامام کە دەبوو بەسەریدا بڕۆم، وەک پێ لە گۆلاوێک نێم ڕەنگەکانی دەشلەقین، دەمزانی شار هێندەی تراویلکەی ئەو ئاوە وەفای نییە، ئەو ئاوەش دەیویست بەبیابانەکانی خەوندا بم با، ژنێک کە تاکە دوورگەی ژیانە لە بیرم باتەوە، لەنێو ڕەنگەکانی ئەو فەرشە دانیشتم، بێ ئەوەی لە نقووم بوون بترسم، بێ ئەوەی لە سیحری ئەو ڕەنگانە بترسم قەرەجێک ڕۆی کردوونە بەرپێم، ئاخر دەکرێ ئەو ڕەنگانەش، وەک ڕەنگەکانی شار بمخەڵەتێنن، شار ئاسمانێکی شینی هەیە و هەوایەکی بۆگەن، شار شاشەیەکی سەد ڕەنگی هەیە و مرۆی تەپیوو، خۆم دایە دەست ڕەنگەکان و خۆم دایە دەست گوڵەکانی فەرشەکە و خۆم دایە دەست ژنە قەرەج، چ پڕ شیلەیە بەباوەڕەوە خۆت بدەیە دەست ژنێک.**

گومانە هار و دڕەکانم بەرەڕا کرد، لەناو باخەڵی ژنێکدا گومان چ سەمەرێکی هەیە، ئێرە، تەنها، حەقیقەتی دنیایە، دیتم ژنێک کە بەڕەنگی خەنە سوور ببوو، ئەو ڕەنگە بەپێستی وەک شووشەیدا دەهاتە خوار، ئەو ڕەنگە لە قامکەکانی، لە نینۆکەکانی، لە چیلچیلەی گوێی دەتکا، دەکەوتە سەر فەرشەکە و شەپۆلی دەدا، زانیم ئەگەر مرواربیەک هەبێ بەو ڕەنگە لە ئاوی هەموو دەریاکاندا ناشاردرێتەوە، ئەو ژنە لەسەر ڕوو ڕاکشابوو، ئەو ژنە وەک دوورگەیەکی جادوو دەدرەوشاوە، دەستم بەبەرەپێی داهێنا، قامکەکانی پێی بەتەزوویەکی نەبینراو پێکەوە دوان و، لە بەلەکیەوە بۆ پشتەڕان و سمت و شانە ڕووتەکانی بۆ دوورگەی مردن. هەستم کرد هەموو خانەکانی لەشی لە لەزەتێکدا دەژین، لەزەت و موچڕکەی هەموو ژنانی دنیا، یەکەم ڕاچەنینی کچان، ئەو لەزەت و ڕاچەنیانەی دنیا جێگایەکی نییە تێیدا بشارێتەوە.

وەختێک دەستم گەیشتە پشتەملی و لە قژیدا ون بوو، دەستەکانی گرتم و خۆی خستە سەر پشت، بێ ئەوەی تەماشام کات لە پەنا خۆی درێژ کردم، گوتی:





- بەسیحرێک هاتیە نێو مێرگی جادووم، نەمتوانی پێشوازیت نەکەم.

دەستی چەپمی بەلێوی خۆیدا هێنا و کە چاوی کەوتە سەر بەرەدەستم، بەسەرسوڕمانەوە، گوتی:

**- ئەو بەرە دەستە هی خۆتە؟**

کە نەمتوانی هیچ بڵێم ڕامام...، ...

بەلێوێکی خڕ و تووند و گۆشتن لەگەڵ پەنجەکانم دوا و گوتی:

- شاری ئێوە ڕێگایەکی باریکی هەیە، ڕێگایەکی هەڵواسراو، سەیرە ئەو دەستانە هی تۆن، ئەو پیاوە نورانیەی بەدەستە نەرمەکانی هەڕەشەی لێکردم و بەقامکە درێژەکانی مەمکەکانی فلیقاندمەوە و دووری فڕێدان، ئەو پیاوە نورانیە، لە خەوێکدا لە دووری ئاسمانەکان لەنێو هەڵمێکدا نووستبووم، هاتە لام. بەچاوێکی هەنگوینیەوە هاتە لام، هاتە لام و لە لەزەتێکدا وردی کردم کەس نەیگەیوەتێ، دوای ئەوەی وەک شیر، هێواش هێواش بەڵام تا دوا تنۆک بەسەرمدا ڕژا. هەستا پێ و بەویقاڕی جەلادێکەوە، پەنجەکانی بۆ درێژ کردم. کە دڵنیام ئەو پەنجانەی تۆ بوون، بەسەرم دا هاوار کرد و گوتی:

- تا تۆوی تۆ هەبێ هیچ پەیمانێک لە دنیادا نییە.

ژنە بەهەناسەیەک بۆن مسکی لێدەهات، هەر بەلێوە گۆشتنەکانی گوتی:

- ئەوە من نیم، پەیمانەکان لە مندا تێکدەشکێن، ئەوە من نیم پەیمانەکان لە مندا دێنە دی.

من حەزم دەکرد چاوەکانی داخا و پەنجەکانم بەلێوی خۆیدا بێنێ، چ کارم بەخوێندنەوەی ئەو هێلانە نەبوو، دەمدی مەمکەکانی وەک کڵاوی ئەو سەربازانەی دەچنە خزمەت شازادە، بەپەلەن یەکێک دانیگرێ، ئەو لەناکاو گوتی:

**- هێڵەکانی ئەو دەستانە بەسەرچوون.**

من دەمویست ئەو شەوە تاک و تەنیایە، ئەو شەوە تاقانەیە لە چەند هێلێکدا نەکوژم، ئەو زووتر بەئاگاهات و گوتی چاوەکانت بنوقێنە، با

تەسلیمی تاریکی بین.

چاوەکانمان نووقاند و تەسلیم بووین.

ئێمە تەسلیمی شتێک بووین کە تاریکی نەبوو، تەسلیمی شتێک بووین کە ڕەونەقی گوڵەکان نەبوو، کە ئاویلکەی سەر فەرشەکە نەبوو، ئێمە تەسلیمی شتێک بووین کە تەنها لەو تاوڵەدا هەبوو، ئەو شتە دوور بوو لە ڕەنگی خەنە و دوور بوو لە بۆنی خەنە، ئەو شتە تەنها لەو تاوڵەدا هەستی پێ دەکرێ، سەگیش لەو تاوڵەدا هەستی پێدەکات.

ئەو ژنە تەنها کلیلێکی پێبوو، کلیلی ئەو ژوورەی کە نابێ بکرێتەوە، کلیلی ئەو سندوقەی نابێ پێیدا تێپەڕی، لەو تاریکیەدا هەناسەیەکی درێژمان دا، هەناسەیەک وەک سەفەری بێ گەڕانەوە، ئێمە هەردووکمان سەفەرێکمان پێخۆش بوو گەڕانەوەی نەبێ، ئەو سەفەرە دوورانەی هەواش بۆنتی پێناگاتەوە، ئەو دەم شار بە چ تاسوقێکەوە سۆراخم دەکات، شار لە چاوەڕوانی مندا پیر دەبێ، لە دەروازەی شار پاسەوان دادەنێ، هەر کەس دەگات لێی دەپرسێ.

– ئەرێ کوڕێکی چاو هەنگوینی و ژنە قەرەجێکی پەتیارەتان نەدیوە.

ناونیشانی هەزاران قەرەج لە دەورازەی شار دەنووسن، بەڵام ئەو ژنە ناونووسراوانە نەپێیان بەخەنە سوور بوو، نە ڕەنگ لەسەر گوڵەکانی ژوورەکانیان ئاویلکەی کردووە. ئێستا شار پیر بووە و ناتوانێ لەگەڵ ژنێکدا بنوێ، بەخوێ و ڕیشی سپی و چاوی کز و دەستی لەرزۆکەوە لەزەت لەوە دەبینێ ناوی ئەو ژنە قەرەجانە وەخوێنێ، **ئەو شارە بێ وەفایە** هێندە یادی ژنە قەرەج دەکات خەریکە شەق بەرێ، ناوی من بۆیە دەپرسێ تا ژنە پێست خەنەییەکەم پێ بدۆزێتەوە. دەنا تەنها لە خەوێکی دوای نیوەڕۆیانیش یادی ئەو گەنجە چاو هەنگوینیە ناکات تەمەنی خۆی دایە کۆڵانەکانی، هەناسەی خۆی لە مزگەوتەکان بەجێهێشت، دەنگی خۆی سپاردە دەفەی تەکیەکانی و عەقڵی خۆی بەسەر تەختەڕەشەکاندا ڕشت، ئەو شارە دڵڕەقە ڕۆژێک بەپێ پان و قەڵشیوەکانی پێ لە مێرمنداڵێک





دەنێ، کە دەبینێ چاوەکانی هەنگوینین، بێ ئەوەی هەڵیگرێتەوە، دەڵێ:

– تۆش نهێنییەکانم فڕێدەدەیە نێو دەریای ژنێک.

ئەو مێرمنداڵە دەریای نەدیبوو، ئەو مێرمنداڵە شەپۆلی شێتی نەدیبوو، ئەو مێرمنداڵە تەنها و تەنها ژنی دیبوو، وەختێک بەسەر لانکەکەیدا داچەماونەوە و مەمکیان لە دەمی ناوە، وەختێک لەگەڵ برا گەورەکەی لەودیو چیغانەوە دەستبازییان دەکرد و لەشی یەکیان پڕ دەکرد لە عەرەقە، ژنی شێواو و پەلەو سنگ ڕووتیان دەدی، ئەو مێرمنداڵە بەستەزمانە تەنها لە کونی دەرگاکانەوە ژنی بەڕووتی دیوە، ڕاستە ئەو ژنە ڕووتانەی ئەو دیو دەرگاکان دەریابوون، دەریایەک بوون دنیا لە ناویدا شەپۆلی دەدا، ئەو مێرمنداڵە زانی ئەو پیاوە ڕیش سپییەی خەریک بوو پانی کاتەوە غەیب زانە، یەکەم سەفەری ئەو منداڵە، دوای ئەو پیاوە ڕیش سپییە کەوت، بەنێو لاقە درێژەکانیدا لە ناوی قەرەجەکانی سەر دەروازەی شار وردبۆوە، ژمارەی ئەو قەرەجانەی بەو شارەدا تێپەڕیبون، لە خەڵکی شارەکە زیاتر بوون، دیتی ئەو پیاوە ڕیش سپییە چۆن لەگەڵ ناوەکان ڕەونەق دێتەوە چاوەکانی، شار کاتێک دیتی منداڵێکیش تەماشای دەروازەی دەکات، بەدوای ناوی ژنەکاندا دەگەڕێ، هاواری کرد.

– بڕۆ نێو کۆڵانەکان و بڕۆ نێو کولانەی سەگەکان، هەی خیانەتکار.

***

دەستەکانم هەر بەدەست ئەو ژنە پێست سوورەوە بوون، هەوایەکی فێنک لە سنگی هەڵدەستا، ڕوانییە لێوەکانم، بەئاستەم لێوی بەبەرە دەستم داهێنا، بەو هێواشییەی هەست بەهێڵەکانی بکا، گوتی:

– **دڵنیام ئەو دەستانە هی تۆ نین، بەڵام هێڵەکانی دەبنە بەختی تۆ.**

بۆ یەکەم جار هەستم کرد نزیکترین بەشی لەشم، بەخۆم نامۆیە. ئەو دەستانەی کچانیان لە باوەش کرد، ئەو دەستانەی بەدنیایانەوە بەستمەوە، هی من نین. بەغەرق بوون لە چاوەکانیدا، گوتم:

– **دنیایەک کەهی من نییە، بەختێک کە هی من نییە لێمی دوورخەوە.**

ئەو گوتی:

**– تۆ بەقەدەرەکانی سبەینێ ناوێری وەرە لەو شەوەدا بمرە.**

لە پەنای ڕاکشام و ڕوومەتم بەسەر باسکە نەرمەکانی کرد و قژی کەوتە بەر هەناسەم، لێوەکانم، بەقسەی ئەو، وەک گوڵێک کرابوونەوە، جەستەی وەک تەندوورێک دەسووتا، شار هاتە بەرچاوم و گوتی:

– نەخەڵەتێی ئەوە دوورگەی جادووە.

**شار نەیدەزانی لەوەتەی هەم لە یاساکانی ئەو بێزارم، شەقامە بۆگەن و پیاوە زاڵم و وشکەکانی من دەکوژن، شار نەیدەزانی زاری چ بۆگەنێکی لێ دێ، ئەو بۆگەنەی چەندی غەمبار کردوم و چەند چرچی لە ڕووم کێشاوە، بەدوای دوورگەی جادوودا دەگەڕێم، جادوویەک خاوێنم کاتەوە لەو هەموو یاسا و نەریت و عاقڵەی شار داومیەی، من دەمەوێ جادوویەک چاوەکانم مەست کا و وەک منداڵێک سیحرم لێ بکا و بمدزێ و دوور دوور بمبا. ئەو یاسایانەی شار منیان شیش بەندکردبوو، ئەو ڕێڕەوانەی ڕووحیان کاس کردبووم و وجودیان سڕیبوومەوە.**

جادوو ناوێک بوو شار دایهێنابوو، ژنە لەلای خۆیەوە پەنجەی کرد بەگۆزەیەکی بچووکدا و هێنایەوە دەرێ و بەسەری نینۆکیدا شیلەیەک دڵۆپەی کردبوو، ڕووی تێکردم و گوتی:

– ئەوە شیلەی هەنجیر و کونجیە، گیراوە بەجادووی ژن، بیمژە بەپەنجەمەوە بیمژە، بەبێ ئەو کونجیە ئەو تاوڵە ڕووناک نابێتەوە.

من نەمدەویست ئەو تاوڵە ڕووناک بێتەوە، من نەمدەویست ئەو تاوڵە ببێتە کۆشک، تەنها دەمویست ئەو پەنجەیە بمژم. پەنجەیم مژی و وامزانی شیلەیەک لەگەڵ دنکە کونجی لە دەمارەکانییە دێتە نێو دەمم، تامێکی شیرین کە دوای هەموو مژینێک ئەسەری نەدەما و سەد ئەسەری جادووی جێدەهێشت.

ئەو ژنە وا پێمەوەنووسا بوو، یان پێکەوەنووساببووین زەن نەدەکرا لێک بینەوە، من دیتم دنیا دەریایەکە لە ژن و پێم لەبەری دەلەرزێ و دڵم لە





ناوی دەڕزێ. من دیتم دنیا دەریایەکە لە ژن و پێمدا دەڕژێ، دەڕژێ و نابڕێ، هەستم کرد ژنە دەرگایەکی کردەوە، دەرگای ئەو ژوورەی کە نابێ بکرێتەوە.

– هەموو پاڵەوانەکانم سی و نۆ ژووریان کردەوە، چلەمیان لێ حەرام بوو، ئەوە ژووری چلەمە.

حەزم کرد چاو بنوقێنم و نهێنی ژووری چلهەم بەتاڵ نەکەمەوە، ئەو گوتی:

– چاو بکەوە، تۆ پاڵەوانی ژووری چلەمی.

من گوتم:

– ببوورە، چاو ناکەمەوە، من پاڵەوان نیم، پاڵەوانەکانی وڵاتی ئێمە تاوڵەکان دەسووتێن و ژنەکان دابەش دەکەن.

ئەو گوتی:

– چاو بکەوە، تا تامێک لە بینین و فورسەتێک لە خۆشحاڵی بەریەوە.

– سەفەری من بێ گەڕانەوەیە، با لە جادووەکانی تۆدا، لە نێو بەردێکدا ڕاکێشم، بیری کەس ناکەم.

ئەو بۆ یەکەم جار تووند پێکەنی و هەستم بەتورتی مەمکەکانی کرد لە نێو مووەکانی سنگمدا. ئەو گوتی:

– هەی حەرامزادە... بمژە هەموو لەشم بمژە... دوا فورسەتە.

بەترسەوە گوتم:

– بەچیدا دەزانی؟

ئەو گوتی:

**– هێڵەکانی دەستت، مێژوویەک بەسەر ئەو دەستانەدا دەڕژێ؟**

بەوەدا زانیم ئەو ژنە قەرەجە جادوو بازە و بەڵام جادوویەک لەنێو ئێسقانەکانی مندا دەژی و لە دەممدا دەتوێتەوە، بەپێکەنینەوە، پێم گوت:

– من پاڵەوانی ژووری چلهەم نیم، ڕێگام دە پاڵەوانی چلهەم شەوت

بم.

ئەو زیاتر بەسەرمدا ڕژاو، لێوە پڕ و گۆشتنەکانی کردەوە و قسەیەکی کرد، بەڵام قسەکەی کەوتە نێو دەمم.

***

بەو هێڵ و دەستانەی کە دەشێ هی خۆم نەبن، وردە تۆزی سەر کتێبەکەم لادا، تۆزێکی ورد وا بەخەستی کەوتبۆ سەریەک وەک کێوێک ڕامالّی، هێڵەکانی دەستم لەسەر کتێبەکە نەخش ببوون، من فێرببووم، جارێکی دیکە ئەو هێڵانە بخوێنمەوە، بەڵام لام وابوو خوێندنەوەکان گەیشتوونە ئاکامێک کە نهێنییەک لەو دیویانەوە نەماوە، کتێبەکەم ناسییەوە هەمان کتێبە، دەیان جار لە بن هەنگڵم ناوە و لە دوای مەلا ڕۆیشتووم و بۆم بردۆتەوە ماڵێ، وەختێک هاوڵەکانم بەو کتێبە زل و قەڵغە بچووکەمەوە دەیاندیتم، مۆرەیان لێ دەکردم و زمانیان لێ دەردەهێنام، من خۆم بەوە ڕادەنا کە کتێبێکم بەدەستەوەیە ژیان و مانی هەموویانی تێدا نووسراوە. من هەرگیز نەمویرا جارێک ئەو کتێبە لە کیفکەکەی دەربێنم و تەماشایەکی لاپەڕە و دێر و وشەکانی بکەم و کەمێک لەو بۆنە سیحرییەی لەنێو بەندی هەڵدەستا هەڵمژم. من هەستم دەکرد شوێن قامکە بچووکەکانم لەسەر کتێبەکە بەجێدەمێنێ ئەو کاتانەی قامکەکانم بەهی خۆم دەزانی.

ئێستا هەر چەند پەنجەکانم دەبینم، دەموچاوی پیاوێکی ڕیش سپی و بەهەیکەلم دێتە بەرچاو، ئەو پیاوەی لە خەوێکی نێو هەوری قەرەجی تەمەندا پەیدا بوو، دوای ئەوە بەهەموو توانا و ویقار و حورمەتی خۆیەوە ژنەی ڕاکوشیو، وەک شیر بەکلکەی هەورێکدا هاتنە خوار، بەو دەستانەی کە بوونەتە قەدەری من، بەو دوو دەستە تەلیسماوی و بێ وەسفانەی مەمکی ژنە دەفلیقێنێتەوە دواتر وەک پرتەقاڵێک کە تا دوا دڵۆپی گوشرابێ فرێیدەدات.

ژنە، سەرەڕای ئەو خەونە پڕ ترس و کابووس و نەفەسبڕە، لە دەستەکانی





من نەترساو بە لێوە بێ تاریفەکانی خۆیدا دێنان، شوێن پەنجەکانی من لە دوو شوێن چوونە نێو مێژووی داستانی مرۆڤەوە یەکەمیان لەسەر بەرگی کتێبی مەلا و دووەمیان لەسەر لێوی ئەو ژنە قەرەجەی وێنەی منی لەسەر تاوڵەکەی بەخەنە کێشا بوو، ئەو کاتە نەمزانی لەو ژنە بپرسم داخۆ دەستەکانی ئێستام هەمان دەستەکانی منداڵیمن، تاکە هومێدم ئەوە بوو لە سەفەری بێ گەڕانەوەی ئەو ژنەدا هاوەڵی سەفەری بم، ئەو لە وەڵامدا دەیگوت:

– **تۆ تەنها دەتوانی هاوەڵی شەوێکم بی، ئەو شەوەی گەڕانەوەی نییە.**

من وەکو پشیلەیەک یان وەکو ئەو گیایەی پێی دەڵێن چنگە پشیلە خۆم بەسنگی پڕ و قوتیەوە دەنووساند و دەمگوت:

– **ئەو شەوەی دەستەکانی تێدا کەشف بوون، با ئەبەدی بن.**

ئەو دەیگوت:

– **ئەو پیاوە ڕیش سپییە تەنها دەستەکانی جوان بوون.**

هەستم کرد بۆ چرکەیەک تەمێکی سپی تاوڵەکەی داپۆشی و تەمێکی هێند خەست خەریک بوو تاوڵەکە شەق کات و سنگمان وەک سەنگ وێکدەکەوتن و هاڕەیان دەهات، ئەو ژنە لەنێو ئەو تەمەدا ڕێک دەهاتوو، هەستم دەکرد لەنێو دەریای کەفدا مەلە دەکات، دواتر خاو دەبۆوە و وەک منداڵێک خۆی بەسنگمەوە دەنووساند و ڕوومەتی لەنێو مووە درێژەکانی سنگمدا ون دەکرد، چاوەکانی دەنووقاند و لێوی بەگەردمەوە دەنا، ئەو ژنە پڕ ئەزموون و پڕ بۆنە وەک تەیرێک بێت تەنها لە توک **لەنێو دوکەڵێک** کە دیار نەبوو لە کوێی جەستەمان هەڵدەستێ دەهاتوو دەچوو، من لەو تەیرە تووکە ڕامابووم و ئەو دەیپروانیە ئەو خاڵە ڕەشەی گەردنم، لەو کاتەدا زۆر بەئاسانی هەڵم گرت و لەسەر کۆشکم دانا، ئەو کاتەی هەڵم گرتبوو یان لە باوەشم بوو هەوایەک لە سەرمدا بوو پێم **سەیر بوو نووح هەزار ساڵ ژیاوە و چیرۆکێکی ئاوای نییە**، هەستم دەکرد وەک تیر بەنێو ساڵەکاندا ڕۆدەچین و ئەو ساڵانە شتێکی تێدانییە شایانی ئەوە بێت بۆی بووەستین. من دەڵێم

هەزار ساڵ و تۆ بڵێ پێنج هەزار ساڵ تێپەڕی و باوەشێک کە چرکەیەک بوو تەواو نەبوو. وەک منداڵێک پێمەوە نووسا و وەک تازە باڵقێک تەریق بۆوە. شەرمی لەو لەزەتە دەکرد وەک ئەژدیها گەمارۆی دابوو، شەرمی لەو تنۆکە وردانە دەکرد لە کوڵمی دەتکان و حەزێکیان دەگێڕایەوە وەک خەنجەر تیژ و وەک زمان شیرین. ئەو بەمنی گوتبوو «**من ژنی لەزەتم**» دەیویست دەرم کات و سەفەری لەزەتی کۆتایی نەیات.

هەستم دەکرد لە بن پێستم، نزیک لە بن مووەکان، لینجاوێک شیلەیەک دەڕژا، دەڕژا و شوێنێک نەبوو بکەوێتە سەری، ئەو کاتەی سەری بەسنگم کردبوو، زۆر نەرم، کە هەستم بە جوڵانی لێوەکانی دەکرد لەنێو مووەکانی سنگمدا، گوتی:

**- ئەگەر دڵێکی وەک دەستت هەبا دنیا هی خۆت بوو.**

من گوتم:

**- دڵم قەرەجێکی تێدایە دنیا دێنێ.**

ئەو گوتی:

**- دڵی تۆ لە بن پێی ژناندا دەشکێ.**

من گوتم:

**- بۆ خۆت بیشکێنە! بیشکێنە! بیشکێنە!**

دەمەدی شووشەی دڵم درزی وردی دەدا و سەدای ئەو درزانە ڕێ بەڕێ دەڕۆیشتن، ئەو درزە باریکانە هەموو دڵمیان تەنی، هەستم ڕاگرت گوێم لە تەقین و شەقبوونی بێت، چاوەڕێ بووم سەد لەت بێت و ببرێتەوە، ئەو تیک و درزانە بوونە بەشێک لە موولوولە و دەماری خوێنم، **ژنان دێنە ناوی و پێی لێدەنێن**. بەو نینۆکە تیژانەیان چیرۆکە دۆڕاوەکانیان لەسەر دەنووسنەوە، لەسەری دەنووسنەوە و بۆشیان دەگرین منیش وەک دڵی منیش نەبێ ئەو چیرۆکانە ناخوێنمەوە، بەو باوەڕەی نهێنی خەڵکن نابێ من ئاگاداریان بم، من تا ئەو کاتە لە فەلسەفەی ئەو جامە نەگەیشتبووم کە گوتبووی بابشکێم و زرینگەم لێنەیا، ئەوەش خەیاڵی جامێکی زرینگاوە





بوو، بۆ شکان نەک جامێکی شکاو.

هەستم کرد دوا ساتەکانی ئەو قەرەجە جادوویەک لەنێو دەمار و خانە هەرە وردەکانی لەشم جێدێڵێ، جادوویەک لە پێستی سووری بەخەنەی بوزایی دەڕژا و گەنجینەتی منی هەوێن دەکرد، منیش دەچوومە بەر بارانی ئەو جادووە، دنیایەکی پڕ عەقڵ و پڕ مردن منی کوشتبوو، دنیایەکی پڕ ئایەتە درێژەکانی منداڵیم، ئەو پیاوە نیگا وەک مسانەی دەیانتواندمەوە، خانەیەکیان نەهێشتبۆوە تێیدا هەناسە بدەم، کونجێکیان نەهێشتبۆوە تێیدا بگریم، ئەو جادووە منی لە گەنجەتی خۆم بەخەبەر هێناو، پێی گوتم:

- هەرچەند ئەندامەکانی جەستەت، هەریەکە و هی کەسێکن بەڵام جادوویەک دەتوانێ خۆشبەختت کا، جادوویەک کۆتکاتەوە و جادوویەک بتژیەنێ.

تارمایی جادووەکانی هاتن و لە باوەشیان کردم، من بەڕووتی کەوتبووم و ژنە قەرەج بەخۆی و جادووەکانیەوە بەسەرمدا هەڵکشابوو. ژنە قەرەج لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا، بەیەکێ لە کوڕەکان گوتبوو.

- من جادووەکانی خۆم دایە گەنجێک بێ ئەوەی بیناسم و تەنها تۆ دەتوانی بەبۆن بیناسیەوە ئەو کوڕە گەنجە کە ئێستا کامڵە خاڵێکی ڕەشی وەک ئەوەی تۆی لە گەردنە.

ئەو کوڕە قەرەجە گوێی نەدابووە قسەی دایکی بەو نیازەی ئەو جادووانە بەتاڵ بوونەوە. بەڵام دەیویست پیاوێکی چل ساڵ ببینێ، خاڵێکی ڕەشی لە گەردن بێت.

***

من چیدی نەمتوانی بیر لەو ژنە و هێڵەکانی دەستم بکەمەوە، ئەو خۆڵ و تۆزەی لەسەر کیفی کتێبەکەم لادەدا بۆ هەمیشە هێڵەکانی دەستمیان هەڵگرتبوو، جارێک مەلا و جارێک سوشێن و کۆمەڵە لاوێک کە خۆیان دایە بەر گوللە و ئەو جارە قەرەجێک ناهێڵن من ئەو کتێبە تاودەمێ و بڕۆم، شار با وێران بێ و مزگەوتەکان بتەپن، **تازە من کتێبێم دۆزیوەتەوە**

**لە تەمەنی هەموو حیکایەتەکانی دنیا بەبایەخترە**، با شارێک بسووتێ خۆ من دەتوانم لە جێیەکی تاریک و نهێنی هەناسەیەک لە بۆنی ئەو کتێبە هەڵمژم، دەنگێک ڕایچڵەکاندم و دەیگوت:

– فەرش و بەرماڵی ئەو مزگەوتە مەبەن، هەمووی لێتان دەبێتە مار و حەزیا.

ویستم خێرا بێمە خوار و تاوێک ئەو کتێبە جێهێڵم و بچم تاودەمە ئەو فەرشەی مەلا لە شێوەی مارێکدا چووە ناوی، من ئەوە دووەم جارە دەبینم مەلا لە جوبە و عەبای خۆی دێتە دەر و جارێک وەک کۆمەڵە ئێسکێک و جارێک وەک مارێک، **مارێک** کە هەتا ئێستا هەست بەجوڵانەوە و کرژبوونی دەکەم لەناو فەرشەکەدا، دەکرا ماریش لە نێو ڕەونەقەکانی ئەو فەرشە بنوێ، ئەو فەرشە هەر هەمان ئەو فەرشە بوو، شەوێک، کە **حیکایەتی ئەو شەوە تەواو نابێ**، لەگەڵ ژنێکی پێست سوور بەخەنەی بوزایی لەسەری نووستین و خۆمان تەسلیم بەڕەنگەکانی کرد، شەوێک کە لەناو هەموو شەوانی دنیا، لەناو هەموو شەوانی خوا بەڕەنگێک نەقشکراوە، بەڕەنگێک ڕازاوەتەوە ون نابێ. پێش ئەوەی دەست بۆ فەرشەکە بەرم، کچێکی قەیرەی توونd، کە قژی بەستراوی وەک کلکی ماین بەپشتیدا شۆڕ کردبۆوە، تاوی دایە فەرشەکە و، گوتی:

**– نەزری خۆم بوو، ئەو فەرشەم دا بۆ مزگەتێ و ئێستاش دەیبەمەوە.**

گوتم:

**– لەناو ڕەنگەکانیدا دەخنکێی... بیدە بەمن تۆ ئەو فەرشە ناناسی.**

ئەو گوتی:

**– لە ژنێکم کڕیوە سوور بوو وەک ئاگر، ئەوەی ئەو ژنەی دیبێ لەو ڕەنگانەدا ناخنکێ.**

من گوتم:

**– بەڵام تۆ ئەو ڕەنگانەتدا بەمزگەوت.**

ئەو گوتی:





**– دوای ئەوە ڕەنگەکانی خۆم دانە خاک**

بەدەنگێک و جووڵە و فیشکەی مار گوتم:

**– ئەو فەرشە وەک مار وایە ئەوەی لەگەڵی بنوێ لەشی پڕ دەکا لە ژەهر.**

ئەو پێکەنی و گوتی:

**– وەختێک شارێک لەسەر تێکچوونە، باسی ژەهر دەکەی! با ژەهری ئەو فەرشە بمکوژێ، با ڕەنگەکانی شێتم کەن.**

زۆر عەیارانە تەماشای چاوەکانی کردم و ڕووی وەرگێڕا و گوتی:

**– ئەوەندەیان نوێژ و دوعا لەسەر کردووە ڕەنگەکانی داپۆشیووە.**

دیتم هەمان مار، ئەو مارەی لە جلەکانی مەلا هاتە دەر بەنێو قژە درێژەکەیدا وردە وردە لە بن جلەکانییەوە دەکشێ، مارێکی کورتی باریک، زەرد، لەسەر گۆشتی ڕووتی پشتی دەجولا، دەجوولا و کچە وەک هیچ نەبووبێ، سمتەکانی بادەدان، بادانێک وەک سەمازانێکی شارەزا، من دەمزانی ئەوە سەمای مەرگە، لەوە بەداخ بووم کچێک کە باوەشێکی خۆشەویستی نەدیوە بمرێ و مارێک کە لە جەستەی مەلایەک هاتە دەر بیکوژێ، بۆیە ڕووم تێکرد و گوتم:

**– خۆت مەجوڵێنە، ئێستا ڕزگارت دەکەم.**

ئەو زۆر گاڵتەجاڕانە گوتی:

**– بۆ لە جووڵەی ئێمە دەترسن!**

دەمدی مارەکە وەک ڕەگی دارمێو، لە بن کراسە نەرم و تەنکەکەیەوە دەجوولا، جووڵەی ئەو مارە لە هەموو ئەو ئایەتانە درێژتر بوو کە بەیانیانی تاریک و ساردی زستان بۆی دەخوێندین، نەپڕژابوومە سەر ئەوەی ئەو هەموو ڕەنگانە ببینم و لە ڕیشاڵی فەرشەکەوە دەڕژان و وەک جۆگەلە و جوانەوی ڕەنگ بەپشت و سەر سمتی کچەدا دەهاتنە خوار، من مارێکم دەدی لەنێو جوانەوی ڕەنگدا سەمای دەکرد، مارێکی خەتابار و ڕیاکار، مارێک جوانییەکانی بوونی خۆی و ئایەتە درێژ و پڕ حیکمەتەکانی ون کردبوو، مارێک ئەوەندەی ژەهر پێنەبوو سەمای کچێک ڕاگرێ، ئەو مارە

تەسلیمی لەزەتی ئەو ڕەنگانە ببوو، کچە تێپەڕیوو ڕەنگەکانی لەگەڵ خۆی برد، کچە تێپەڕیوو سەمای لەگەڵ خۆی پێچاوە، دەبینم تەنها لە بن ئەو پایەی مەلا هەمیشە دەرسە دوور و درێژەکانی پێدەگوتم، توێژی مارێکی زەردی کورت کەوتووە، ئیشک و بریقەدار، هەمان بۆنی ئەو گۆرەویە بێ ڕەنگانەی بۆنی مەلای لێدێت کە سەردەمانێکی زوو دەبوو بیانشۆم، دواتر هەر لە شێوەی لە پێکردنیدا لە بن دارەمەیتە پێکورتەکە فڕێدرابوون. ناکرێ بەدیار مارێکی تۆپیوو، کیفێکی بۆگەنەوە دامێنم و واز لە کتێبێک بێنم شارێک دێنێ، گەڕامەوە سەر پلیکانەکانی میحرابەکە و بەغیرەتێکی بێ ئەندازەوە بەرەو تاقی کتێبەکە چووم.

گوێ نادەمە شوێن خەتوو هێڵی دەستم لەسەر کتێبەکە، ئەو مێروولانەش نابینم کە ناوی «سوشین» بەسەد جۆر دەڵێنەوە و چاوەڕێن پاشایەتی مێروولەکان زیندوو بێتەوە. ئەو گەنجانەی لە پەنا دیوارەکە دەستڕێژیان لێکرابوو، خوێن و زیندوویەتیان ڕژابووە سەر سواغی قوڕی دیوارەکە و لاشەشیان خیزبووە بن دیوارەکە.

چەند ژنێکی کامڵ وەژوور کەوتن و پەلاماری مەیتەکانیاندا و وەک شێت لە باوەشیان کردن و مەیتەکان بەشێوەیەکی سەیر چاویان مۆڵەق ڕاگرتبوو، وەتدەزانی دەسووڕی یان تێتدەڕوانن، ژنەکان ترسان و دەستیان بەلەخۆدان کرد و ڕوومەتی خۆیان ڕەش و شین کردەوە و پرچە درێژ و هۆنراوەکانیان هەڵقەندن و لە مەچەکی خۆیان ئالاندن و هاواریان دەکرد، **من دەمزانی ئەو ژنانە لەو پرچە درێژ و قورسانەی خۆیان بێزار بوون کە بەعومرێکی درێژ، هێندەی شەوێکی ژنە قەرەج بۆنیان لێهەڵنەستاوە**. گریانێکی درێژمان لە پێش بوو، نەدەکرا کتێبێک لە بیرکەم و بچم ژنێکی بەسەرچوو ژیرکەمەوە کە تەنها دەزانێ بگری.

دوای تاوێکی دیکە شار شەهید دەکرێت و دڵێکی تێدا نامێنێ لێبدات، ماڵ و دیوار و مزگەتی ڕووخاو بەبێ هەناسەی مرۆ بۆنێکیان لێ نایە بەفر بیناسێتەوە، با شار لە گریانی خۆیدا غەرق بێت و من کتێبێک





لەبیر نەکەم نهێنییەکانی هەموو تێدان، تۆزی سەر بەرگەکەیم تەکاند و، پەڕۆ سەوزەکەی لێپێچرابوو هەر ئەوەیە مابوو، تەنها من دەمزانی ڕەنگی ئەو کیفە سەوزە، دەنا خۆڵ و هەوا سڕیبوویانەوە، نەمدەویست بیر لەوە بکەمەوە کە چۆن با ڕەنگەکان دەسڕێتەوە، لە کوێیان دەشارێتەوە، **«با»ی بێ ڕەنگ و بێ چاو و بێ بۆن،** «با»ی بێ هەناسە و تەزوو و عەشق، شار وەک ژنێکی سک پڕ هاواری دەکرد و دەگریا، شار شانەکانی دەتەپین و تۆزیان لێهەڵدەستا، مۆرانەی بەڵایەک هەناوی دەخوارد، ئەوەتا بوخچەکانی خۆی دەپێچێتەوە و ئاسن و تەختە و فەرش لەگەڵ خۆی دەبا، شارساڵەکان و هەناسە و شەوەکانی نێو کۆڵان و جادەکانی بۆ ناچێت و بەڕەنگی زەردەوە بەجێیان دەهێڵێ، کتێبێک کە ژیانی شار دەکرێتەوە لە بیر دەکات یان فڕێی دەدات، من دەبێ ئەو کتێبە بەرم و ئەو فەرشەی ژنە لوولی دا، دەست خەم. تاکە فەرشێکە ئاو لە ناویدا شەپۆڵ دەدات، تاکە فەرشێکە لە تاوڵێک بەجێماوە دنیا لەوێدا وەگاگۆڵکە کەوتووە.

***

6

# سی و نۆ ژووری دنیا یان ژووری چلەم

بەشێک لە ژوورەکانی دنیا

ئەو ڕۆژەی دنیا سەری لەو تاوڵە هێنا دەرێ، من جارێ لەسەر ئەو فەرشە خەوتبووم، جارێ بەنێو تاکە ڕەنگێکیدا دەخوولامەوە، تازە بیابانەکانم بڕیبوو، تازە کلیلێک نەخشی خۆی لەسەر بەرە دەستم کردبۆوە، دەمویست **دەرگای چلەهەم ژوور بکەمەوە**، هەموو ژوورەکانم کردبۆوە، هەموو ژوورەکان ئاوالآ بوون پیاو دەیتوانی تێیاندا بگەوزێ، ژووری یەکەم سەر ڕێژ لە خواردن و نان، ژووری دووەم شیر و هەنگوینە، ژووری سێیەم شەڕاب و خواردنەوە، ژووری چوارەم زێڕ و یاقووتە، ئەو هەموو ژوورانە و ئەو هەموو لەزەتە، لەزەتی ژن و باوەش، لەزەتی نێو نوێن و ڕاکوشێن، من دەمزانی ئەو ژوورانە ژووری من نین، دەشێ تا قورگ، پیاو، لەو ژوورانەدا غەرق بێت، با ئەوانە ژووری ئەو پیاوانە بن بەزەبری شیر دەرگای دنیایان کردۆتەوە، با ژووری ئەو پیاوانە بن ژەهریان لە چاودایە و جادوویان فڕێداوەتە سەر دیوارەکانی دنیا، با ژووری ئەو پیاوانە بن مستی پڕ ئاگریان بەچاوی دنیادا کردووە، من دەزانم ئەوانە ژووری من نین، **ئەو سی و نۆ ژوورە بەجێدەهێڵم و سی و نۆ لەزەت لە بن پێ دەنێم**، سی و نۆ دەرگا بەکراوەیی بەجێدەهێڵم و بەهەیکەلێک و دڵێکی پڕ تامەزرۆی غەریبەوە، لەبەر دەرگای ژووری چلەهەم دەوەستم، دەوەستم و دڵم بێ دەنگ و چاو تاساو، ئەو دەرگایە سیحری پەنجەمی بردووە، ئەو دەرگایە جەستەی تالآن کردووم و ئەو دەرگایە ڕەنگی چاومی گرتووە، بۆم پێدەکەنێ، بەسنگینی بەردێکەوە بۆم پێدەکەنێ، دەرگایەک پڕ ڕەنگ و پڕ سیحر، سیحر بۆ منداڵێک و سیحر بۆ جادووبازێک، سیحر بۆ زانایەک و سیحر بۆ گەمژەیەک، ترس بۆ بێ دڵێک و بێ هومێدێک، **چ سیحرێکی پڕ میهرە** بۆمن، من تەنها وێنەی گوڵەکانی فەرشەکەم لەسەر ئەو دەرگایە ناسییەوە، من ڕۆژێک خۆم تەسلیمی ئەو گوڵانە کردبوو، من ڕۆژێک لەنێو ڕەنگە پڕ عەشق و پڕ خەوەکانی ئەو گوڵانە نووستم، دڵی گەنج و براوە و هەڵبژێردراوم پێشکەش ئەو ڕەنگانە کرد، لە شەوێکدا پیاوە بەهەیبەتەکان حەسوودیان پێ دەبردم، بەسەر بۆسەکانیاندا تێپەڕیم، تێپەڕیم و تەسلیم





ئەو ڕەنگانە بووم، ئەو ڕەنگانە، گوڵی ئەو دەرگایە بەنەوازشەوە تەماشایان کردم، من قسەی ئەو جادووبازەم بیرکەوتەوە کە وتی:

– ئەوە کلیلەکان، کلیلی هەموو ژوورەکان تەنها و تەنها ژووری چلەهەم مەکەوە.

**بەڵام دەرگای ژووری چلەم وەک کانییەک لە یاقووت و مێرگێک لە زمڕووت بانگی کردم،** من بەڵێنم دابوو نەی کەمەوە **پشتم تێکرد و هەستێک داگیری کردم، ڕووم لێ وەرگێڕا و بایەک هەڵیکرد و بایەک دڵمی دەرهێنا و وەک گاشەبەردێک، وەک تۆپێک بەدەرگای چلەمی دادا، دڵم بێ ئەوەی لێک بێتەوە لەسەر دەرگای چلەم ژوور لێی دەدا،** لافاوێک چاوەکانمی لوولدا و بەدەرگاکەیەوە نووساند، من تازە بێ دڵ و بێ چاو وەعد و پەیمان بۆ کوێ بەرم، من تازە بێ هەست و سۆز و عەتف عەقل بۆ کوێ بەرم، بەڵێن چۆن ئاوا دەپارێزرێ، ئەو دەرگا پڕ سیحرە لەبەر چاوم وا ڕوون بۆوە، ئەو دیویم دەدی.

**تەیرێک** لەسەر چڵەدارێک چاوەڕێ بوو، تەیرێک لە چاوەڕوانیدا، من چوومە ژوورەوە تەیرەکە منی نەدی، تەیرەکە لە ئاوێکی دەڕوانی، من، ناکرێ لەو ژوورەدا بپرسم، ڕووکاری ئاوەکە وردە شەپۆڵی لێ بەجێمابوو، وەک ئەوەی یەکێک تازە بن ئاوی لێدابێ، ئەو تەیرە بێ ئەوەی چاو بتروکێنێ لە شوێنی شەپۆڵەکانی دەڕوانی، چاوەڕێ بوو یەکێ سەر بنێتەوە دەر، ئەو **تەیرە زەردە خێرا پیر دەبوو**، دارەکەی بن پێی ئەستوورتر دەبوو، دەبینم دارەکە وشک دەبێت و تەیرەکە پیر، پیری ئەو تەیرە لەسەر ئاوەکە مەلەی دەکرد، سەدەفی دندوکی تویخی هەڵدەدا، ڕەنگی چاوەکانی دەگۆڕان، پێستی پێی ئەستوور دەبوو و قڵشی دەدا، نەمدەوێرا لە ئاوەکە نزیک ببمەوە، نەمدەوێرا ڕووی خۆم لە حەوزەکەدا تەماشا کەم، بزانم زەمەنی نێو ژووری چلەم چۆن پیرم دەکات، **من لە زەمەنی پڕ ڕیا هەڵاتووم،** من لە پیری و کەسیفی هەڵدێم، بەڵام ئێرە ئەو ژوورەیە کە زەمەنی خۆی هەیە، بەڵام ئێرە ئەو ژوورەیە کە مرۆ خاوەنی تەمەنی خۆی نییە، لە بیرتان

بێ ئێرە ژووری چلهەمە، **چلەم ژووری نێو هەموو حیکایەتەکان**، چلەم ژووری نێو ئاگر و چلەم ژووری تەمەن، لەوەتەی من تەماشای ئەو تەیرە دەکەم کە چرکە ساتێکە ئەو **تەیرە هێندەی سەد ساڵ پیر بووە**، پێڵوی داچۆڕاون و پەڕی وەریون و قجی بوونە بزمار، هەستم کرد چاوەکانی بۆ ناتروکێن و پێڵوی ڕەق بوون، دڵم لێک هەڵدەبێ و دەست لێک بەردەدا، دنیا وردە وردە ڕەنگی دەچێتەوە، من دەمزانی چلەم سیحرە، پێش ئەوەی لەو سیحرە بگەم، لە دوا هەناسەکانی پیری بگەم، دیتم شەپۆلە ڕەنگ سەر ئاو دەکەون، **لە بنی حەوزەکەوە ڕەنگ، ڕەنگ هەڵدەقوڵێ**، لە ڕووکاری ئاوەکە بەسەدان ڕەنگ دەدرەوشاوە، تەیرەکە چاوی گەشایەوە پەڕەکانی پڕ ڕەنگ بوونەوە، زەردایی لالێوی گەش بۆوە و، دندووکی سەدەفی ساف و پێستی قاچی پەمەیی و گەردنی خاڵ خاڵ، دارەکەی بن پێی کەسک و، ڕەنگ و جوانی و گەنجییەک لەنێو هەموو گەڵا و بەرد و ئاو و دارەکان تەقیەوە.

من چاوەکانی خۆم نەدەدی، **بەڵام پێستم پڕ ڕەونەق و نینۆکم پڕ شۆق و دەماغم پڕ فڕین و دڵم پڕ عەشق ببوو**، نەک ژووری چلەم... ئەو کائینەی لە بنی حەوزەکە دەهاتە دەر، ئەو کائینەی کاروانی ڕەنگی لە پێش دەڕۆی... نەک ژووری چلەم... **منی کردبۆ دنیایەک سەدان دنیام ئاوەدان دەکردەوە، ژیان لە بنی پێم چۆڕا و، گەردوون کڕنۆشی بۆ دەبردم**، ئەوەم لەبیر چووبۆوە زەمەنی چلەم ژوور زەمەنی پیربوون بێ، تەیرەکە ببووە تۆپەڵە تیشکێک، چلەم ژوور ژووری تەواو نەبوونی زەمەنە، دیتم تەیرەکە ملی بەسەر ئاوەکەدا شۆڕ دەکاتەوە، تا دێ ملی درێژ دەبێت و دندووکی باریک، دارەکان سەر بۆ حەوزەکە دەچەمێننەوە، من لەودیو گەڵا چڕەکانەوە نیگام دەڕژێتە سەر حەوزەکە، توێی سەرێی ئاوی حەوزەکە دەبێتە مۆرێکی هێند تۆغ خەنجەر نەیبڕێ، بۆ چرکەیەک خۆرێک لەنێویدا دەتەقێتەوە و ڕووناکییەک کە چاو لەبەری هەڵنایە لەسەری هەڵدەستێ و پەرش و بڵاو دەبێ، چ دەبینم؟ چ لەبن ئاوەکە دێتە سەرێ، تا ئێستا بیرم لەوە نەکردبۆوە





**ژووری چلهەم دەنگی تێدا نییە**، با بێ دەنگ و دارەکان بێ دەنگ دەقەڵشێن و تەیرەکە بێ دەنگ پیر دەبێ و دڵم بێ دەنگ خوێنی لێ دەچۆڕا، هەناسەم بێ دەنگ تێدەپەڕی، لەگەڵ **دەنگی ئاوەکە**، هەوا بەخەبەر هات و تەیرەکە خوێندی و گەڵا لەریەوە، شڵپەی ئاو چووە نێو مۆخی جلەم ژوور و زمانی پژا، ژنێک تا نیوە لە نێوەڕاستی حەوزەکە سەری وەدەرنا و **دنیا لەوپەڕی گەشاوەیدا مەییی**.

تەیرە لەوەختی خوێندن و با لەوەختی گەشت و چاوم لە بریسکانەوەدا مەیین، بۆ یەکەمجار مەیینی ژیانم دی لەوپەڕی مەستیدا، نازانم ئەو مەیینە چەند ساڵی خایاند.

لەگەڵ جووڵەی ژنە ژیان جارێکی دیکە ئازاد بۆوە، من ژنەم لە پشتەوە دەدی، پرچی تەڕی وەک هەنگوین بەسەر پشتی وەک شووشەیدا ڕژابوو، هەستم دەکرد پرچی بێ وەستان دەڕژێ، وەک ڕاوی هەنگوین لەسەرخۆ و یەک نەوا دەڕژێ، هەستم کرد چیدی سنگم بەرگەی تەپە و گرم و هۆڕی دڵم ناگرێ و دڵم چۆتە بن دارێک وەک داری وەنەوشە لەوێ بەکەیفی خۆی لێدەدا، دڵم لەبن داری وەنەوشە لێ دەدات و هەناسەیەک بێ ئەرک بەگەرومدا دەڕا، ژنەی نێو حەوزەکە وەک ئەوەی تازە بمەیێ، وەک ئەوەی تازە ڕەونەقەکانی تێکەڵ بن، دارەکان دەست لەسەر سنگ ڕادەوەستن و گەڵایان پڕ دەبێ لە تیشک و قەدیان لە شیلاو، ناتوانم بجووڵێم و ڕوو لە ڕووخساری بکەم، تیشکێک کە کەس نازانێ لە کوێوە دێ لەسەر پێستی پشتی دەدرەوشێتەوە، ئەو تیشک و ڕەنگانە چاوم دەگرن و هەست دەکەم چاوەکانم وەک دوو کەلا بەسەر پشتیدا گلۆر دەبنەوە، گلۆر دەبنەوە و پێش ئەوەی بگەنە سەر ئاوەکە، کچە ئاوڕدەداتەوە و ڕوویەک وەک ئەوەی لەو دو کۆلکە زێڕینەوە وستابێ، وەک ئەوەی ئاو دەورەی دابێ، دەدرەوشێتەوە، هەستم کرد لەو ژووری چلەمە دەبێ چل ڕووح و چل چاو و چل دڵ و چل هەناسەت هەبێ، ناکرێ بەدوو چاوەوە لەو ژنە بڕوانی، ناکرێ بەهەناسەیەکەوە ڕوو لەو ئاگرەکەی، دەزانم پێستم دەکشێ و بینینم فراوان

دەبێ، دەزانم هەموو لەشم دەگۆڕێ دەنگێک پێم دەڵێ:

**– تەماشا چاوی کە، بڕۆ خۆت لە ئاوەکە هەڵکێشە.**

بەڵام بینینی ئەو، دیوار نییە بیبڕی، تەماشاکردن و هێزی چاوەکانی شتێک نییە بەنێویدا بڕۆی، هەستم کرد برسیمە کۆخێک خۆی هێنا بۆ پێش، لێم کردەوە لە زارم نا، هێندە بەنەزاکەت توایەوە، چاومی هێند ڕوون کردەوە، ئارەزووم بوو، بەو چاوانەوە، بەو ڕوانینەوە دەتوانم تەماشا کەم و ڕەونەق و تیشکی ڕووی ببڕم و خۆی ببینم، هەستم کرد نەک چل چاو، چوار سەد چاوت دەوێ لەو دیو تیشک و درەوشانەوە و تەماشای ڕووی کەی و لە چاوی بڕوانی، شانازیم بەوەوە دەکرد چاوم لەسەر کوڵمی هەڵدەخلیسکێ و هەناسەشم هەر نەوەستاوە، تەیرەکە بەدەنگێکی پڕ میهرەبانی و چاوێکی پڕ ڕیاوە پێی گوتم:

**– ئەی ئادەمی نەسەل... تەماشای ئەو پەیکەرە خەڵوزانەی دەورت کە چۆن لە ڕوانیندا سووتاون.**

نەدەکرا ڕووم وەرگێڕم، چاوێک کە لەو دیو پەردەکانی ڕووناکییەوە گیرابوو بیسوڕێنم، با بمە پەیکەرێکی خەڵووز، **ئەوەش خۆشترە لە پەیکەرێکی گۆشت لە دەرەوەی ژووری چلەم**، چاوەڕێی نیگایەک بووم و گڕ بگرم، گڕ بگرم و لەنێو عەشقێکدا بسووتێنم، جگە لە لەزەتی سووتان چیدی نەداومێ، دڵم لە بن دار وەنەوەشەکە بێ پەروا لێیی دەدا، بەزەیم بەو دڵەدا هاتەوە کە تاوێکی دیکە بۆ جەستەیەک لێی دەدا بەنیگای ژنی نێو حەوزەکە گڕ دەگرێ و دەبێتە ڕەژوو.

***

ژنە چاوەکانی کردەوە و پەردەی تیشکەکان تێپەڕین و ڕەونەقێک لە گوڵی ئەو فەرشەی تەسلیمی ببووم، ڕەنگێک لە گوڵی سەر دەرگای چلەم، پێشوازی نیگاکانمیان کرد و بەنهێنی زەردەیان هاتێ، بۆنی ژنە قەرەج ژووری چلەمی پڕ کرد و دڵم لە بن دار وەنەوەشەکە پژمی، لە یەکەم هەنگاومدا، لە ژووری چلەم، بەسەر چل خەنجەردا تێپەڕیم، چل خەنجەری





لە موو باریکتر، چل خەنجەر بەچل فێڵ و داو نرابوونەوە، من بەسەر هەر چلیاندا تێپەڕیم و تەلیسمی چل خەنجەرم شکاند و غەزەبی دێوەکان و غیرەی کانی بۆگەن و ئێشی بیابانی دڕکاویم تواندەوە و هاتم و مێرگەکانی ژووری چلەم پێشوازییان کردم، بارانی شیری بەسەرمدا باری و هەوای بەهەشتی پێستی نوێکردمەوە، دەبینم ژنەی نێو حەوزەکە، لەگەڵ ئاو و با و نیگای تەیرەکە و گەڵای دارەکان بۆ لام دەسوڕێن، من زانیم تێپەڕی و ئیدی ئەگەر نەبمە پوشوو ئاگر نەگرم دەشێ دڵم وەک بەردێک بۆ هەتا هەتایە لە بن ئەو دار وەنەوشەیە بسرەوێ، من دەمویست پێش ئەوەی ببمە بەرد نهێنییەکانی ئەو ژوورە بەرمەوە، پێش ئەوەی ببمە بەرد سیحری ئەو ژوور هەڵگرم، بەتاکە دڵێکی دوور و دووچاوی پڕ ڕەونەقم و هەناسەیەکی چاوەڕوانی ڕامام و ویستم بزانم پێش ئەوەی ببمە بەرد چۆن ڕووی ئەو ژنە دەبینم، پێش ئەوەی بێتە سەر ئاوەکە دنیای مۆرکرد و دواتر ڕۆژێکی لە بن هەر دڵۆپە ئاوێک و هەر گەڵایەک داگیرساند.

من دەمگوت «**نیاگایەکی ئەو ژنە ئەوە دێنێ نەک من دنیای بۆ ببێتە بەرد**».

ڕوویم دەدی بۆ لام دەسووڕا، بەرچاوم ڕوون دەبۆوە، من هەر لەوەوە زانیم ئەو ژنە، ژنیش پێش ئەوەی توڕەیی خۆی بەسەر دنیادا بڕێژێ ژیان بەرپا دەکات، نیگایەکی هێند ئاشنا، لێوێکی هێند دۆست بەڕووم، تەماشای کردم و تەماشاکردنی ڕژایە سەر ئاوەکە و هەوای داگرت، تەماشاکردنی ڕژایە نێو دارستانەکە و تەیرەکانی مەست کردن، تەماشاکردنێک بەسەر منی بەردا ڕژا و بەژیان ئاشنای کردمەوە، تەیرەکە پێکەنی و بەوە دڵخۆش بوو کە دەشێ جارێکی دیکە نەچێتەوە نێو ئاو و ئەویش لە چاوەڕوانیدا پیر نەبێت، دارەکە گەشایەوە و بەو نیازەی هەر تەڕ دەبێ و بۆن شێیی لێ دێت، با لەنگی بەو هیوایەی پێویست نییە لەسەر ئاوی حەوزەکە لە چاوەڕوانیدا بمەیە، نیگایەک بێ ئەوەی بچوولێ، لێوێک بێ ئەوەی لێک کرێتەوە، پێی گوتم... ترسام ئەو پێ گوتنە بەدەنگە دنیا تێیدا بەیەکجاری

بتاسێ و ژیان شەق بەرێ و ئاسمان درزی تێبێ بەڵام بێ ئەوەی لێوەکانی بکرێتەوە گوتی:

– **وەرە باوەشم وەک شا حوکمم بکا.**

من نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە، ئەو گوتی:

– **مێرگەکانی تەمەن تێر ئاوکا.**

من لێوم نەجووڵاو، ئەو گوتی:

– **بمکوشە بەخۆتەوە... با سیحری دنیا لە دەممەوە بچێتە دەرێ.**

با یەک جلەکانی لەبەردەکاندم و گیایەک پێیەکانی ڕاکێشام، پەنجەکانی، ئەو پەنجانەی بەڕەنگی ئەو تەمەی لە شیر ئاڵابێ بۆ درێژکردم و پەنجەکانیم ماچ کرد و دواتر مژیمن، چوومە باوە شییەوە، هەستم کرد لە دەمی ئەوەوە هەناسە دەدەم، هەناسە دەدەم و سنگی لە بن سنگم دەجوولێ و وەک چاوی دنیا خەریکە تازە دەپشکوێن، پێش ئەوەی لە سیحر و لەزەتی ئەو کائینە تێبگەم، پێیەکانم کە تا ئەوکاتە لەسەر ئاوەکە بوون ڕۆدەچن و لە باوەشیدا وردە وردە بۆ بنی ئەو حەوزە شۆڕ دەبنەوە، کە ئەوەی تێیدایە هەر شتێک بێت ئاو نییە، ئەو دەمەی توند دەمکوشی و سنگی لە مووەکانی سنگمدا ون ببوون، بێ ئەوەی لێوی بجوولێنێ پێی گوتم:

– **ئەوە ئەو گەشتەیە کە گەڕانەوەی نییە.**

ئەو جارە نەمدەدی تەیرەکە چۆن لە چاوەڕوانیدا پیر دەبێت، دنیا پیرییەکی بەسەردا دەکشێ کە هەرگیز نەیدیبوە، چیدی نابینی نەسیمی بایەکی گەنج بەنەوازشەوە سڵاوت لێ بکات و نەغمەی کچێکی بۆ هێنابی، بایەکان بەتووندوتیژی تەمەنەوە، بەڕەقی پیرێکەوە خۆ بەلا چاوت دادەدەنوو، باران دەفڕێن و زرم خۆ بەدیواری دڵدا دەکێشن، تازە تەمەنی گەنجی گەڵا بەسەرچوو، دارە پیرەکان لەبەر حیکایەتە پڕ خوێنەکان عەشقێک نابینن ناوی دڵدارەکەی لەسەر قەدیان هەڵکەنێ، تازە بەسەرچوو ژنە نۆبەرەکانی وڵاتی ئێمە گەنجیەتی خۆیان ون کرد و ناسکی و





لەزەتی ئافرەتیان تێدا پیر بوو. هەموو گەنجی و جوانی دنیا لەدەمی ئەو ژنەوە ڕژایە بن لێوەکانم و لە ئاوداتوایەوە.

***

7

# پیاوه پێ مسەکان



ئەو پیاوەی پێی گوتم بڵێم گووم خوارد لە گووی سەگ

من لەو گەشتە نەگەڕامەوە و یادگار و دنیای ئەو گەشتەم بۆ نەگەیشتەوە ئەو دیوی تاوڵی ژنە قەرەج، وەختێکی دنیا سەری لەو تاوڵە دەرهێنا و منی لەو ڕەنگانە دەرکێشا، دەکرا من کتێبەکە تاودەمێ و بڕۆم و شار بۆ وێران بوون جێبهێڵم، ئەو کچە قەیرەی فەرشەکەی برد، ئەو قەیرەیەی کە تازە ڕەنگەکانی فریای ناکەون، ئەو فەرشەش شتێک نییە لە من ون بێ، گوڵەکانی بانگم دەکەن و ئاوی ناو ڕەنگەکانی بۆم دەبریسکێنەوە.

**شار بۆتە تۆپێک** لەنێو هەوا دا لەهەر ساتێکدا بڵێیی بەر شاخێک دەکەوێ و دەتەقێتەوە، ئەو کتێبە لەو تۆپە دێنمە دەرێ و با نەبێتە تۆز، ئەو دوکان و ئاپارتمان و مەیدان و بازاڕ و گەراجانەی خەڵکی کۆکردبۆوە و کردبوونیە شاری ئەوە بەسەریەکدا دەڕمێن و خەڵکەکەش بلاوەبن و جێگایەک نامێنێ کۆیانکاتەوە، هێزێکی لە وێرانکەر توونتر، هێزێکی نەناسراو نادیار قامچی لە ملی خەڵکەکە دەدا و ڕاپێچی دەکردن و شار و ناو و نازناوی لێدەستاندنەوە، ئەو ڕۆژەی دنیا سەری لە تاوڵی ژنە قەرەج دەرهێنا و من لەنێو ڕەنگی گوڵەکانی مەست ببووم، بەنێو ڕەنگی گوڵێکدا چوو بوومە نێو ژووری چلەم، ئەو ڕۆژە **دنیا بەخۆی و سەرێکی پڕ عەقڵ و لاقی پتە و هەیکەلی بەهەیبەتی هاتە نێو شار و جاڕی ئەوەیدا کە ئێرە ناوەندی دنیایە** و دەبێ هەموو بێنەوە ئێرە و ناوی منی وەک ئەو سەرسەریانە برد کە گوارەی داکیان دەدزن و دەیدەن بەسۆزانییەک ماچێکیان داتێ یان لا ڕانێکیان پێشاندات، من ئەو ڕۆژە زانیم دنیا چەند بێ وەفایە، چونکە پێش ئەوەی سەر لەو تاوڵە بێنێتە دەرێ، دەستەکانی کوشیم و گوتی:

**- سوپاس کوڕی گەنج بەو هەناسە گەرمانەی تۆ نەبا، هەرگیز خەبەرم نەدەبۆوە.**

من گوتم:

**- دەزانم لەودیو تاوڵەکە ڕوویەکت نییە لەگەڵی بدوێم، بەڵام ئەوانە هەناسەی من نەبوون خەبەریان کردیەوە، هەناسەی خەنە بوون.**





ئەو گوتی:

**- پێش ئەوەی تۆ بێی هەناسەی خەنە لێرە هەبووە.**

من گوتم:

**- بەڵام تۆ لووتت نەکردبۆوە.**

دەستەکانی بەنەوازشەوە کوشیم، **دەستی دنیا هەرچەند دەزانی پڕ فێڵە بەڵام سیحرێکە گران دەست بەرداری دەبێت،** بۆم پێکەنی و گوتی:

**- هەر کاتێک هاتیتەوە وەک پەیامهێن و سەرکردە پێشوازیت دەکەم.**

من دەمویست بڕوات و تەنها بم، لە دەرەوەی دنیا لە تاوڵێکدا تەنها بم. دەمویست بڕوات ژووری چلەم بکەمەوە، دنیا ویستبووی بەوەفابێ، هەوای ئەودیو تاوڵەکە فکر و بیری گۆڕی بوو، هاتە نێو شار و شار چۆکی لەبەردەم دادا و لێی پرسی بوو:

**- ئەو هەتیوەت نەهێنایەوە.**

ئەویش گوتبووی:

**- باسی ئەو خیانەتکارە مەکە.**

شار لە دوا ڕستەی وەفایدا پرسی بووی.

**- ئەدی بەبێ ئەو شار چۆن ئاوەدان دەکەیەوە؟**

بەنیگایەکی بەسووک زانینەوە تەماشا شار دەکات و دەڵێ:

**- ئەو ژنە قەرەجێکی پێ لە نامووسی شارێک باشترە.**

شار ئەو ڕۆژەی بیرکەوتبۆوە کە تێیدا چوومە نێو تاوڵەکە و شارم بەجێهێشت، ئەو بەحیکمەی ئەفلاتوون و تەمەنی نوحەوە بۆو ژنە گریا، نەیویستبوو دنیا شەرمەزار کات بۆیە پێی دەڵێ:

**- من پیر بووم و وەرە بەکەیفی خۆت لە شاردا بگەوزە.**

دنیا منداڵ بوو، دەنا بەرە دەستی شاری دەخوێندەوە دەیزانی ئێرە چەقی دنیا نییە و دەبێ وێران بێ، بەرە دەستی کەس هێندەی بەرە دەستی شاری ئێمە بێ نهێنی نییە.

***

**شاری ئێمە وەک ئاو سادەیە**، پیاوەکانی دەنەڕێن و ژنەکانی هەمیشە دەگرین و کچەکانی تا پێیان بکرێ لە نائومێدیان دەتریقێنەوە، بەڵام کوڕە گێلەکانی ئەو سادەییە نابینن و وەک شێت بەنێو کۆڵان و جادەکانیدا دەگەڕێن تا پووزی کچێک یان نیگایەکی کە چ ببینن. دنیا ئەگەر لە هێلەکانی دەستیشی نەگەییبا دەبوو لە خۆڵی ئەو شارەی ڕوانیبا و بیزانیبا گڵی ئەو شارە یەکدی ناگرێ و مێژوویەکی بۆ دروست ناکرێ بنووسرێتەوە.

من پێش ئەوەی دنیا ببینم شەرمم لێ دەکرد و لێی دەترسام، دەمزانی چاوەکانی هێندە بەپێچ و فراوانن، دڵی هێند پڕ کەڵەکە، بەبێ قسە و دەنگ هەموو نهێنییەکانم کەشف دەکات و وەک تەماشای شووشە لامپایەکی تەنک کات کەشفم دەکات و هیچم نامێنێ نە بەدنیا و نە بەژنە قەرەجی بڵێم، ئەو ڕۆژەش کە سی و نۆ ژووری پڕ لەزەت و خۆشم دایە، ژووری چلەمم بۆ خۆم هەڵبژارد چاوی لە چاوەکانم بڕی و گوتی:

**– بۆ وازت لە سی و نۆ ژوور هێنا بۆ من؟**

**– بۆ ئەوەی بەئازادی لە ژووری چلەمدا ببمە بەرد.**

دنیا دەستی بۆ لاملی برد و بەنیگایەکی سەرسەری و چەقۆکێشانەوە بۆی ڕوانیم و گوتی:

**– تەمەن ڕێگای دابام، یا ئەگەر بمتوانیبا لەو تاوڵەدا چەقۆ هەڵێشم، سی و نۆ جار و بەسی و نۆ چەقۆی جیاواز و لەبەردەم هەر سی و نۆ ژووردا سی و نۆ جار سەرم دەبڕی.**

من بێ ئەوەی تەماشای کەم گوتم:

**– سوپاس بۆ تۆ و بۆ تەمەن، سوپاس بۆ و تاوڵەی تۆی زۆڵ ناتوانی چەقۆی تێدا هەڵکێشی.**

سی و نۆ ژوورم دا بەدنیا و بەرەو چلەم تێپەڕیم، **من هەرگیز نەمویستووە بۆو سی و نۆ ژوورە، بۆو سی و نۆ درۆ و ڕیا و لەزەتە بگەڕێمەوە**، دنیا سی و نۆ دەستی هەیە و دەتوانێ چارەنووستان تاسی و نۆ جار بگۆڕێ،





دنیا سی و نۆ ژووری پێیە بەبێ ئەوەی نهێنییان تێدابێ، سی و نۆ ژووری ئاوالا، **جوانترین ژووری دنیا ژووری فاحیشەیە، قۆشمەترین ژووری دنیا ژووری شەرابە، پڕ حیکمەترین ژووری دنیا ژووری عەقڵ** و **زانستە**، تووتیەکانی ئەو ژوورە بێ جیاوازی دەرسەکانیان بەپیاوە خوێندەوار و دنیادیدەکان دەڵێن.

لەوەتەی دنیا هەیە ئەو تووتیانە ئەو دەرسانە دەڵێنەوە و پیاوە بەهۆشەکان ئەزبەریان دەکەن، کەچی شارەکان هەر دەتەپن و ڕێگاکان هەر کوێردەبنەوە و خوێن هەر دەڕژێ و ژن هەر تاڵان دەکرێ، دنیا بەخۆ و ژوورێکی پڕ لە شەرابەوە بەنێو شار دادێ و پێ لە سنگ و تەوێڵی شار دەنێ و ناز و منەتیان بەسەردا دەکات و شووشە شەڕابی مل باریک و ڕەنگاوڕەنگ هەڵدەڕێژێ و هاور دەکات.

**–دەوەرن بخۆنەوە، هێندەم عەقڵ دانێ گێژ بوون، مێشکتان ساف کەن.**

ئەو شووشە ڕەنگاوڕەنگانە بەجۆرێک کەوتنە دەست مێرمنداڵ و گەنج و پیاوی مەعقوڵەوە ئیدی نەدەکرا بۆ ژووری عەقڵیان بهێنیەوە، پیاوە بەدەماغەکان هێندیان لەو شووشە ڕەنگیانە بەتاڵ کرد، سەریان سووک بوو، دەستیان کرد بەگێڕانەوەی حیکایەتە بێ سەروبن و بێ حیکمەتەکانیان، ئەو شەرابە لەگەڵ هەموو خراپەکانیشی، دەرگای ژوری نهێنییەکانی تەمەنیانی دەکردەوە و کلیلێک پێویست نەبوو بۆ کردنەوەیان، واکرابوونەوە شەراب و حیکایەتە کۆنەکانی تەمەنیان وەک یەک و لەیەک دەم لێدەڕژا، شەرابیان تێکەڵ گۆرانی و نازی کچەکانیان کرد و لەنێو تاق و شووشەبەندیماڵەکانیان دانا.

دنیا لەو سی و نۆ ژوورەی هەڵیبژاردبوو، ژووری شەرابی لە هەمووان زیاتر خۆشەدەویست، دنیا ژوورەکانی خۆی یەکە یەکە هەڵدەڕشتە نێو شار و خەڵکی پێ سەرسام دەکردن، ژوورەکانی دنیا زۆر بوون و فێڵ و داوی یەک ژووری بەس بوو بۆ ئەوەی شار ئاوەدان کاتەوە و مەردومەکان ڕازی کات.

بەڵام ئەوەتا ئێستا دەبێ دنیا بارکات و ژوورەکانی خۆی بپێچێتەوە، شار ویران دەبێ و تەیرەکانی نێو دەوەنەکان دەبێ برۆن و پووش و پەلاشی بن سنگی مریشکی کورک و مەمکدان و ستیانی سەر تەناف و ڕستەی ماڵەکان دەبێ بەهەواداچێ. تەیرەکان فێری کۆچن و باڵەکانی خۆیان دەدەنە دەم با، باران هەر لێرە دەبارێ و با بەسەر شاری ویراندا هەڵدەکات و دنیا ژوورەکانی خۆی هەڵدەگرێ.

من دەبێ ئەو کتێبە بەرم و نهێنی ئەو کتێبە نابێ ببێتە تۆز، نهێنی ئەو کتێبە بەمن ناگێڕدرێتەوە، ئەو کتێبە تاقانەیە و هەوێنی شار و دنیایە، بێ ئەو کتێبە ئیشی شار پێکەوە نانووسێ و دنیا ژوورەکانی بۆ ڕێک ناخرێتەوە، ڕوانیمە کتێبەکە و چاوەکانم ڕەونەقی منداڵیان تێکەڕایەوە، هەستم کرد قامکە باریک و ڕەق و چەرمنەکانی مەلا دەیانەوێ بە لەباری و بێ دەنگ بەرگەکەی هەڵدەنەوە و بۆ چرکەیەک دەوەستێ و گوێم لێیە دەڵێ:

**- تۆ دوا قوتابیمی، پەڕەی ئەو کتێبە بەکەسێک هەڵنادرێتەوە مردنی سێهەمم نەبینێ، تۆش دەبێ مردنی سێیەمم ببینی. بۆ خۆت کفنم کە.**

***

من دەبێ بڕۆم پێش ئەوەی شار وەک هێلکەیەک بەدیوار دادرێ، دەبێ لێرە نەمێنم و ئەو کتێبەش لەگەڵ خۆم بەرم، ئەو مردنی سێیەمەی مەلا پێیەکانی گرتم و پەنجەکانی قوفڵ داوم، من لەمردنی یەکەمی تۆقیم و هەناسەم گیرا، ئەو دەمەی گۆرەویەکانی لە شێوەی پێیە بارێک و درێژەکانی کە شێوەی گرێی پەنجە گەورەی لەسەر هەڵتۆقی بوو لە پەنا تاتە شۆرە نیو پێیەکە کەوتبوون.

سەرم سوڕا و هەموو ئەو پیاوە عفریت و دەم و چاو مسانەی لە خەوی قوڵ بەخەبەریان دێنام و پێیە وەک ئاسنەکانیان لە پێیە ناسک و بێ خوێن و وەک کاغەزەکانی من دەنا، دێن و ئێشیان لەنێو بەندم هەڵدەستاند، ئەو پیاوە بێ هەناسە و دەست کوتکانەی، ڕایاندەکوشیم و قژیان ڕادەکێشام





وەختێک من ئایەتە دوور و درێژەکانی پشت مەلام دەکوتەوە، پێیاندەگوتم:

**- بگری، بگری با فرمێسکەکەکانت بۆت بپارێنەوە.**

منیش لچم شۆڕ و خوار دەبوو، فرمێسکەکان هەڵدەڕژان، لەو بەیانیە ساردانە وەک پشکۆ دەکەوتنە سەر ڕوومەتم و دواتر دەخزینە سەر دەستەکانم کە لەسەر ناوکم توند گرتبوون. بەتێکەڵ و پێکەڵی دەمگوت:

- خوا...یە... داک و بابم بۆ بپارێزی...

دواتر دەمگوت:

- خوایە... بابم پشتی چاک بێتەوە...

- خوایە... برا بچووکەکەم گەورەکەی.

- خوایە... دەرچم...

دواتر دەمگوت:

- خوایە لێم خۆش بی.

من نەمدەزانی ئەو شتانە چین کردوومن کە دەشێ خوا لێم خۆش بێ لەسەریان، هەرگیز بەدایکم نەگوتبوو درۆدەکەی، تەماشای ماڵی جیرانەکەمانم نەکردووە، دەرسەکانیشم هەموو نووسیوونەوە، یەکێ لەو دەموچاوە مسانە کە لە من حاڵی ببوو، گوتی:

- کەرە، ئەو گوناهانەی کە جارێ نەتکردوون.

من زۆر بەکوڵ گریام و گوتم:

- هەرگیز نایانکەم.

یەکێکی دیکەیان گوتی:

- هەمووتان دەیکەن

گوتم:

- بابزانم ئەو گوناهاهانە چین.

گوتی:

- فیڵ و تەڵەکە لە خوا.
گوتم: نایکەم.
گوتی: دزی.
گوتم: نایکەم.
گوتی: ماڵی هەتیو خواردن.
گوتم: نایکەم.
گوتی:
- تەماشاکردنی ئافرەتی نامەحەرەم.
گوتم: نایکەم... گوتی... گوتم...
گوتم:
**- خوایە لە مەلا و پیاوە گەورەکان و زانا مەعقولەکان خۆشبە.**
ئەوان پێم پێکەنین و من گوتم:
**- خوایە لەو گوناهانەم خۆشبە کە دەستی موبارەکت لەنێو چاوات نووسراوم.**

یەکێ لە پیاوە پێ مسەکان لێم هاتە پێش و هەردوو پێی خستە سەر پێم و چاوە بێ جووڵە و بێ ڕەونەق و قوڵەکانی لە چاوم بڕی و گوتی:
- بلێ گووم خوارد.
گوتم:
- گووم خوارد.
گوتی:
- بلێ لە گووی سەگ
گوتم:
- لە گوی سەگ
گوتی:
- بگریە... بگریە سەگێکی وەکو تۆ بچووک نازانێ بەزمانی بپارێتەوە با فرمێسکەکانت بۆت بپارێنەوە.





لەو بەیانیە سارد و پڕ تەمومژ و غەمباردا تەنها **فرمێسکەکانم گەرم بوون**، تەنها ئەوانیش بوونە هاوڕێ و هاودەمی سەردەمێکی درێژم وەختێک مەلا سەلامی دەدایەوە، ئەو پیاوە مسانە دەخزینە نێو کەلێنە دیوار و بن حەسیرەکان و جگە لە من کەس نەیدەزانی چۆن خۆیان پەنا دەدەن و بەپەنجە وەک شووژنەکانیان هەڕەشەیان لێ دەکردم و دەیانترساندم.

دووەم جاری مردنی مەلا لەهەمان ڕۆژدا، کە سەربازەکان بەخۆیان و تفەنگە قورس و ئەستێرە مردووەکانی سەر شانیان و هەناسە تووندەکانیانەوە هاتنە ژووری مزگەوت و مەلا سنگی گرتن و ڕایوەشاندن، ئەوان ئەو تۆزە توێکڵ و هەستە ئینسانیەی پێیان مابوو لێیان هەڵڕژا و مەلایان وەبن پێیان دا. دواتر مەلا بووە کورتە مارێک و چووە نێو فەرشێکی لوولکراو، ئەو مارەی لەسەر سمت و کە فەڵی کچە سەمای کرد و ڕەنگەکانی فەرشەکەی لەخۆ هەڵسوو، ئەو مارەی لە هەمان جێگای گۆرەویەکانی، کاژەکەی، کەوتبوو.

جارێکی دیکە دەست بۆ کتێبەکە دەبەم، بەو نیازەی هەڵیگرم و بڕۆم، خەتایەک بەسەر شاردا دەکشێ بۆنی شاری لێ دەستێنێتەوە، **خەتایەک** بەسەر شاردا دەکشێ مرۆڤەکانی لێ زەوت دەکات، خەتایەک دێتە نێو شار مزگەوتەکانی دەکاتە خۆڵەمێش و خانووەکانی دەتەپێنێ و کانیەکانی دەکاتە چاڵی مەرگ، پێش ئەوەی دنیا ژوورەکانی بدۆڕێنێ و ببێتە مێرگی زەعفەران شارەکەم وێران دەبێ و ژوورەکانی دنیا پڕ تۆز دەبن.

حیکمەتەکانی دەبنە هیچ و مێژووی دەبێتە زبڵدان، چ خلودێک بۆ وێرانە دەنووسرێ، من دەمویست خلودی ئەو شارە هەڵگرم، دەمزانی ئەو کتێبە نهێنییەک دەگێڕێتەوە ژیان دەڵێتەوە و تەلیسمەکانی وێران بوون دەشکێنێ.

***

8

# پەنای شەیتان

کتێبەکەم تاودایە و پەنجەکانم لە قوماشی سەر بەرگەکەی دا ون بوون، تاقەکەی لەسەری دانرابوو لەرزی و دەستی بەهەڵوەرین کرد، مێرووە زەردە سمێڵ باریکەکان لەنێو تۆز و خۆڵدا بزر بوون، ئومێدێکیان نەما بۆ ئیمپراتۆریەتی بەسەرچوویان، خەیاڵەکانیان بۆ سوشین سڕانەوە و دارستانەکانی گەنجی سوشین و مێرگەکانی تەمەنی چیدی نابنە حیکایەت و ئەو حیکایەتە کۆنانەیان بۆ تەواو نەکرا کە تیمنداس چۆن نامەی نێو تاجەکەی دیوەتەوە، مێرووەکان چیدی خەون بەوەوە نابینن باڵندەکانی باغی تەمەن بکەونەوە باڵە فڕێ، پەیکەرە ماسیەکانی جۆگەلە وشک بووەکان بجوولێن و هەوای نێو باخ بکەوێتەوە شنە.

سوشین دارستانی تەمەن و مێرگی لەزەتی لە وەختی هەناسەدان نەدیت و بەسەر وشک بوونەوە و مردنیاندا تێپەڕی، سوشین وەختێک لە باخی تەمەنی خۆی وەڕزووركەوت و ڕەنگی گوڵەکان توابوونەوە و درەختە بڵند و سەرکەش و پڕ ڕەونەقەکانی گەنجی بێ ئەوەی ڕۆژێک هەستی بەگەنجی و جوانی خۆی کردبێ شەق شەق ببوون، ببوونەکا.

دەبوو گوێ نەدەمە مێروولەکان، ئەوان لەنێو تۆز غەرق بوون و منیش دەستم وەک بەنێو گردە تۆزێکدا بڕوا، لەخەنە وردتر، تۆزێک لووتی گرتم و من نەمزانی یان بۆم نەکرا بکۆخم، گوێم لە کۆخەی مەلابوو وەک لەنێو قەبر و خاک و خۆڵ هاتبێتە دەر، کۆخینێک بواری نەدەدا بێتە قسە، دەمزانی شتێک دەڵێت و چەند دەنگێکی پچڕ پچڕ بەنێو کۆخین و هەناسە تووندەکانیدا دەهاتنە دەر و بەر دیواری گوێم دەکەوتن، دەمدی مەلا ڕەنگی مۆر هەڵگەڕاوە و بەنیوە هەناسە بەنێو گەرداوی تۆزدا تێدەپەڕێ و پەنجە درێژ و باریکەکانی کە نینۆکەکانی هێندەی پەنجەکانی درێژ بوون، لێم ڕادەوەشێنێ و دەیەوێ چەند شتێکم پێ بڵێ، من وەپێشی دەکەوم و دەڵێم:

– بەڵێ. من دوا قوتابیتم.

بێ ئەوەی لێی تێبگەم هاوار دەکات و من دەڵێم:





– هەرچی وتووتە نەخشی بەردە.

ئەو سوور دەبێتەوە و من دەڵێم.

– ئەوەتا شارێکم پێ گرنگ نییە دەسووتێ، بەدوای کتێبەکەی تۆ کەوتووم.

پەنجەی شەهادەی ڕادەوەشێنێ و دەنگی ناگاتە من و من دەڵێم.

– بەبێ دەنگی تێت دەگەم، هاوار مەکە، دەتوانم هەمووی بخوێنمەوە، پەراوێزەکانیشی.

ئەو دەیزانی خەمی هەرە گەورەم پەراوێزەکانی کتێبەکەیە، ڕۆژگارەکانی شار بەپاڵەوان و سەرسەرییەکانیەوە، بەڕوودا و کارەساتەکانیەوە لەو پەراوێزانە نووسرابوون. ئەو پەراوێزانە ژیانی ڕاستەقینەی شاربوون، ماڵەکان لێرە تالان دەکران و جەردەکان لێرە دارکاری دەکران، پیاوە گەورەکان لەنێو ئەو پەراوێزانەدا مێزیان دەڕازاندەوە و حاکم وەک قەرەقوش هەڵدەپەڕی، ئەو پەراوێزانە لە کتێبەکە درێژتر بوون، من دیبووم مەلا بەقەڵەمێکی باریک ئەو حیکایەتانەی زۆر بەوردی دەنووسیەوە، لەگەڵ نووسینەوەیان ڕەنگی دەگۆڕا و چرچەکانی ڕوومەتی قۆپاو و بێ گۆشتی قوڵتر دەبوون، پشتی کۆماوی نەویتر و دەرپەڕیوتر دەهاتە بەرچاو، دەمویست ئەو پەراوێزانە سەد جار نەک هەر بۆ خۆم بۆ خەڵکی شارەکەم بخوێنمەوە، بەتایبەتی بمزانبیبا داخۆ مەلا ئاگای لەو پیاوە سەر ئاسن و پێ مسانە هەبوو کە پێیان لە پێیەکانم دەنا، دەمزانی مەلا نهێنی هەموو ئاغا و خانمە مەعقوولەکانی شاری نووسیوەتەوە، دەمزانی ناوی هەموو ئەو کچانەی تێدایە کە لەسەر وشەیەکی عەشق کوژران و ئەتک کروان.

مەلا پیاوێک بوو چەند بەرگ، چەندان کەس بوو وەک بەرگ بەسەریەکدا هەڵکشابوون، ڕۆژێک قەڵەمی دەستی دەدایە ئەو شۆڕشگێڕەی کە تەنها من دەمزانی بەرگی پێنجەمی مەلا بوو، ئەو مەلا شۆڕشگێڕە هێندە بەحەماس پاڵەوانەکانی نێو بەفری بەشەهیدبوون دەدا، لاپەڕەکان حەماس دەیگرتن و دەلەرزین، ئەو ڕۆژەی یازدە تەرمی وەک

گوڵیان هێنایەوە نێو شار و لە هەلیکۆپتەرێکەوە فڕێیاندانە نێو زیلێک و بەنێوەندی بازاڕیاندا هێنان، **ئەو ڕۆژە جادەکان گوڵڕێژ بوون و دووکانەکان سوور هەڵگەڕان و خەڵکەکە زەرد،** ئەو مەیتانە بەخۆیان و برینی سەرسەنگ و گوللەی پشتە سەریان و جەرگی سەد زامیانەوە چوونە نێو پەراوێزەکانی کتێبی مەلاوە، تەنها من بەو بەرگەوە مەلام دیوە، وەختێک هەستی منی دەکرد، خێرا دەگۆڕا و بەبەرگی یەکەمیەوە کە بەرگی ڕەسمی بوو، دەیگوت:

– هەستە کوڕە... هەتا ساز دەبم پێڵاوەکانم بۆ بەرە بەر دەرگا.

من لەگەڵ ئەو **پێڵاوە** زستانیانەی مەلا دۆستایەتییەکی کۆنم هەبوو، **نەمزانیبوو پێڵاوێکی لاستیک هەیە بەو جوانیە**، پێڵاوی، پاتەی، ڕەنگ قاوەیی، ڕۆژانی باران لێوارەکانی و بنکەیم زۆر جوان بەقامکە باریکەکانم، کە دەتگوت بۆو کەلێنانە کراون، بۆ دەشت و دەمبردن لە تاقێکی تایبەتم دادەنان، ئەو پێلاوانەی مەلا چەندە لەناوێرا شکل و شێوەی پێی مەلایان گرتبوو، لە دەرێرا هێندە شێوەی دەستەکانی منیان گرتبوو، وەک شووشەم بەدەستەوە بێ پێڵاوەکانم لەبەر دەرگا دادەنان و بەدیاریانەوە دادەنیشتم، ژمارەی هەموو هێڵ و نەخشەکانی سەریم دەزانی، هەر پێڵاوەی دەکونی قەیتانیان تێدابوو، بەهەردووکیان بیست دانە کون، ڕۆژانی شەختە بۆم لە نزیک سۆبەوە دادەنان تا بەگەرمی لە پێیان کات، **یادگار و مێژووی من لەگەڵ پێڵاوەکانی مەلا زۆر لە دۆستایەتیم لەگەڵ مەلا و هاوڕێکانم زیاترە، گفتوگۆم لەگەڵ ئەو پێلاوانە زۆر لە وانەکانم دوور و درێژتر و پڕ حەماستر و ئینسانی تر بوون، ئەو پڵاوانە بۆن و شکل و بەسەماتی دەستی منیان هەڵدەگرت وانەکان بەهیچ شێوەیەک شتێکی منیان هەڵنەدەگرت،** ئەگەر ئەو پێڵاوانە قەڵەمیان هەبا دەیانتوانی هەموو حەسرەت و فرمێسک و هەناسە تەنهاکانی منیان دەنووسیەوە. جوانترین هەست و نەستیش ئەوەیە کە پێڵاوێک بیگێڕێتەوە. وەختێک مەلا بەدوعا دوور و درێژەکانی یان نووسینەوەی پەراوێزەکان دوا دەکەوت و منیش





ماندووی ڕۆژوگرتن، چاوم لەو پێڵاوانە دەبڕی، داخۆ کەنگێ مەلا دێت و لاقە پڕ زانست و حیکمەتەکانی تێهەڵکێشێ و بڕوات و منیش بەخۆم و کتێبەکەی مەلاوە لە تەنیشتی بڕۆم، چاوەڕوانی بەدیار پێڵاوەکەوە، لە هەیوانی ئاوالایی مزگەوت، کاتێ هالاوی خواردن و کوبە و هەڵمی سەر پلاو و جزەی ناو ساجی نەرم و شل وەک پەیامی ژیان و زیندووبوونەوە دەگەیشتە بەر لووتم. ئاو دەرژایە ناو دەمم و سەرمایەک گەمارۆی دەدام، دەمدی، هەر هەموو شارم دەدی لە دەوری مەنجەڵە سەری بەهەڵمەکەیان وروکاون و پاروی گەورە گەورە لە دەمیان دەئاخنن و پێدەکەنن و لەنێو تەم و بوخار سەری یەکدی ناناسنەوە، تەنها **من و ئەو جووتە پێڵاوە** وەک دوو هاوڕێی هاوسۆز و تەنها چاوەڕێ بووین، ئەو پێڵاوانە نەبان هەرگیز نەمدەتوانی هەرگیز نەمدەتوانی ئەو ماوە دوور و درێژانە چاوەڕێ بم، ئەو پەراوێزانە لەچاوەڕوانی من نووسراون، ویقاری بەرگی پێنجەمی مەلا شتێک نییە، بەرگەی بگری، شەوە قورسەکانی پێشمەرگە و شڵەژانی شار و خوێنی منداڵ و ژنی گوندەکان هەموو لەو پەراوێزانەدا نووسراونەوە.

***

ئەوەی منی سەر شێت کردبوو بەرگی دووەکی مەلا بوو، ئەو بەرگەی مەلا بەرگی ژن بوو، مەلا کە بەو بەرگە دەردەکەوت خەندەی دەبەشیەوە و غەزەلە درێژەکانی نالی بەدەستکاری خۆیەوە دەنووسیەوە، مەلا لەو بەرگەدا ناوی ئەو ژنانەی نووسیبوو بەدزی بۆی دەهاتنە پشت پەرژینی باخەکە و من ئەو کاتانە ناچار دەبووم خۆم بەتەماشاکردنی مانگ و ژماردنی ئەستێرە بخلافێنم. دارەمەیتەکان دەکەوتنە بەرامبەر پەرژینی باخەکە، ئەو دارەمەیتانە مقۆمقۆیان تێدەکەوت، ئەو مەیتانەی ڕۆژێک چووبنە ناوی، سەریان لەناویان دێنادەر و لاقە باریک و درێژ و ڕووتەکانیان بەسەریاندا شۆڕ دەکردەوە، منیش وەک ئەوەی ملم بەسەدان زنجیر بەئاسمانەوە بەسترابێتەوە نەمدەسووڕاند، لە ترسی ئەو مەیتانە هەموو جەستەم ڕێک دەهات و بەپخەیەک دەکەوتمە سەر یەک و تێکدەشکام.

دەمزانی ئەو پەراوێزانە بەخەتێکی وردتر و باریکتر نووسراونەوە، ئەو بەرگانەی مەلا بەرگی شاریش بوون، شار بەبەرگی ڕەسمییەوە پێشوازی قایمقام و بەڕێوەبەرەکانی دەکرد و بەبەرگی ویقار و ترس و نهێنییەوە خۆی پیشانی لادێیی و هەژار و دەستکورتان دەدا و ئەوانیش بەترس و شەرمەوە دەهاتنە ناوی و پێڵاوی پینەکراو و جلکی چڵکن و کۆنی خۆیان لە دەشتێ دەشاردەوە و جا بەچاوێکی پڕ سەرسامبوون و دوودڵییەوە دەیانڕوانیە چرای سەد ڕەنگ و خانووی بۆیە کراو مەستی شار. بەلەکی ڕووتی کچە شارییەک چ ئاگرێکی لەو لادێییە بەستەزمانانە بەردەدا، **تەنها من دەزانم بەرگی دووەمی مەلا چ بەرگێکی پڕ خولق و تەڕ و بەئولفەت بوو،** نەمدەتوانی باوەڕ بکەم ئەو ڕووخسارەی بەرامبەر ئەو ژنە تەڕ و داوێن شۆڕە وەستاوە ڕووخساری مەلایە، هەرچی خوێنی دنیا هەیە بەگوژم هەڵدەگەڕانە سەرێ و مەلایان وەک سێو سوور دەکردەوە، مەلا بەگوفتارێک دەدوا هێند شیرین و پڕ شەوق و عاشقانە، نەمدەتوانی هەست بکەم ئەو ڕووخسارە شیرینە هەر هەرمان ڕووخسارە بەردینەکەیە بەیانیان ئایەتی دوور و درێژمان بۆ دەخوێنێتەوە، ڕووخساری بەیانیانی تیری لێ نەدەڕۆیی و خەنجەر نەیدەبری، ئەگەر مەلا بەبەرگی دووەمیەوە وانەکانی پێ گوتبام دەستی فەلەکی پێگوتبام ئەزبەرم دەکرد، نەمدەزانی ئەو هەموو ئایەتە نەرم و پڕ سۆز و ڕەحمانەی لە کوێ دەردێنا، بە چ گوفتارێک ئایەتە پڕ لێ خۆشبوونەکانی بۆ و ژنانە دەخوێندەوە، ئەوە وەختێک من دەمویرا خۆمیان لێ بگرم کە ئەو کچ و ژنانە دەهاتنە ژووره تایبەتییەکەی و بەو نیازەی بەختە ون بووەکانیان بۆ ئاشکرا کا.

شەوقی ڕوو و هەوەسی سەرچڵی ئەو ژنانە لە ناخم ڕۆدەچوون و پەنایەکیان ڕووناک دەکردەوە و **من هەرگیز نەمدەوێرا تەماشای ئەو پەنا ڕووناک بووەی ناخی خۆم بکەم و هەستم دەکرد ئەوێ پەنای شەیتانە.**

هەستکم دەکرد لەوێ شەتیان بەپەلە و بەڕووتی بانگم دەکات و چاوە پان و پڕ مانا و غەرەزەکانی لە هەموو لەشم دەبڕێ و دەڵێ:





– خێرابە.

بێ پەروا هەوڵم دەدا ئەو پانەیە نەبینم، ئەوە پەنای حەیاچوونە، هەر جارە و ژنێک دەچووە بەر ئەو تیشکەی ئەو پەنایەی ڕووناک دەکردەوە، بێ شەرمانە بانگیان دەکردم، منیش سوور هەڵدەگەڕام، پێم سەیر بوو ئەو ژنە گەورانە، کە من شەرمم لێدەکردن، بۆ بانگی منداڵێکی باریک و بنێسی وەک من دەکەن، ڕۆژێکیان فەقێیەکی لە خۆم با خۆشتر پێی گوتم:

**– ئەتۆش باڵق بووی، ئەو هەموو زیپکە چییە بەڕومەتتەوە.**

من لە قسەکەی تێنەگەیشتم، ئەو گوتی:

**– شەیتانت پێ پێکەنیووە؟**

من ئەو پەنا شەیتانی و پڕ شەرمەم هاتەوە یاد و لەو ڕۆژەوە نەمتوانی ئەو پەنایە لە خۆم دوورخەمەوە، یان تاریکی کەم، من لە شێخ و سەیدە هەرە گەورەکانم بیستبوو کە ئەو پەنایە هەرچەندە بتەوێ تاریکی کەی، یا لە خۆتی دوورخەیەوە و وەدەری نێی، **ئەو پەنای شەیتانە جارێکی دیکە تاریک نابێ و کەرتێکی دیکە مەحف ناکرێتەوە** و لە ناوەندی زیکر و تەهلیلەی دابی و بەسەر تەحیاتەوە بگری، مردووت لەبەر دەست بێ، ئەو پەنای شەیتانە چرای خۆی پێ دەکات و بانگت دەکا، دەتبات و خەجاڵەتی زکر و تەحیات و مردووت دەکا، ئەو پەنایە هێندەی دۆزەخ منی ترساندبوو، نەک خۆی ترسەکەی داگیری کردبووم، **من شارێک بووم بەجادە و کۆڵان و مرۆڤی و دوکانی شووشەبەندیەوە ترسی ئەو پەنایە وێرانی کردبووم،** ترسی ئەو پەنایە پاسەوانەکانی تۆقاندبووم، جادەکانی گرێ دابووم و مرۆڤەکانی دەست بەست کردبووم، پاسەوانەکانم، سەرباز و ئیشکگرەکانم چەکێکیان پێنەمابوو بەرگری پێ لە خۆیان بکەن، من ناتوانم باسی سەربازەکانی ئەو شارەتان بۆ بکەم کە سەردەمێک، ئەو شارە من بووم، مەلا بێ ئەوەی ئاگای لێ بێ ئەو سەرباز و پاسەوانانەی کوشت، مەلا لە تاریکیدا کوشتنی، کوشتنێک زیندوو بوونەوەی نەبێ، من وەکو شارێک لە سەرباز و پاسەوانی وریا بەسەر جادە و کۆڵاناندا تێدەپەڕیم،

هەتا ئەو ڕۆژەی کچە کامڵ و ئاغرەکەی شێخ وەیس بانگی کردم و گوتی:

**– فەقێ سوورە هەتا ماڵی مەلا لەگەڵم وەرە.**

منیش بەلووت بەرزی عالمێکەوە پێشی کەوتم، بەڵام بۆنێکی بێ وەسف تێکەڵ بەبۆنی مێخەک و ڕیحانە لەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا وەک لافاوێک بەر پشتم دەکەوت و نەرمی دەکردمەوە، چەند ئەو بۆنە هێرشی دێنا من هێندە هێواشتر دەبوومەوە، ئەوە بۆنی کچی کامڵ بوو کە منی گێژی نێو بۆنی مزگەوت و پێڵاوی مەلا نەمدەناسی و دەیگرتم.

دەمویست ئەو ڕێگایە نەبڕێ و من بزانم ئەو بۆنە دەمگەیەنێتە کوێ.

نەمزانی سەرەتا چیان باسکرد، نەمزانی مەلا چۆن بەرگەکانی فڕێ دا و بەرگی ژنی پۆشی، لەو دیو چیخی نێوەندی حەوشەی گوێم لێ بوو مەلا دەیگوت:

**– ئاخر نابێ، ئەو پەنایە ئەمری خوای لەسەرە و دەبێ ئاوەدان بێتەوە. نەفس کوشتنیش قەتڵە.**

**کچە وەک کۆخێکی سوور بێت** و دەم بکاتەوە، یان ئاوێک دەردا، ئاوێک هەر دڵۆپەیەکی وەک کریستاڵ بدرەوشێتەوە، دەیگوت:

**– چۆن! ئەوە پەنای شەیتانە شەیتان لەوێ بانگم دەکا.**

مەلا بەدەنگی زانایەکی هەوەسبازەوە گوتی:

**– ئەدی! سەر زەوی مە ئاخنراوە بەشەیتان، دەبێ ئەو شەیتانانە دەستەمۆ کرێن تا بگیرێن.**

**– بۆ بیان گرین.**

**– تا بیانبەستینەوە.**

**کچە بەشەرمی کۆخێک، کە لەزەتی کچی کاملی لێ دەڕژا**، وەک هاشووهوشی هەناسە گوتی:

**– قوربان هەر بچمە ئەو پەنایە، ئەو شەیتانانە پەلبەستم دەکەن، پەلبەست.**





دەگەڵ ئەو قسانە کچە لە ترسی شەیتانەکان نیوە بوراوە کەوتبۆ سەر دەستی مەلا و مەلاش بەئولفەت و خۆشەویستی پیاو چاکێکەوە، گرتبوویەوە، تەنها بۆ ئەوەی ئەو کۆخەی لە شووشە ناسکترە نەکەوێ و نەشکێ، سەری بەسەر سنگیدا شۆڕ کردەوە و بانگی کرد، هەناسە ڕژایە سەر مەمکەکانی، ئەو مەمکانەی وەک کۆخێکی گەیوو، ئەو مەمکانەی دەیانویست وەک خونچەیەک بکرێنەوە و شەق بەرن، شەق بەرن و بەبۆنێک کە تەنها لە دەمی ئەوانەوە دەڕژێ دنیا سەرخۆش کەن، مەلا بەزەوقی زانایەکی عاقڵەوە، گوتی:

**– هۆشت بێ، ئەی بۆنی ڕیحانە هۆشت بێ، من لە تەمەنی، تۆ نا، منداڵتر. کچە چاوی بەمەستی و خوماری عاشقێکەوە، نیوە کراوە ڕاگرت...**

مەلا بەردەوام بوو.

**– لە تەمەنی تۆ نا، منداڵتر... شەیتانێک لە شێوەی ژنێکی تەڕ، تەڕ وەک خەیار،** ژنێکی خزمی خۆم، ئەمما جوان و زەریف هاتوو، نەمزانی چۆن هات، لەو پەنایەی تۆ لێی تۆقیوی، من سەد هێندەی تۆ ترسام، لەو پەنایە دنکە شقارتەیەکی هێندەی مووەکی قژی خۆی باریکی داگیرساند، گەنج بووم، تازە بالق دەبووم بەفوویەک کوژاندمەوە...

کچەی شێخ وەیسی چاوێکی خەواڵوی هەڵبڕی و بەدەنگێک پڕ لەزەت و ژیان، پڕ عەشقێک بۆ و پەنایە گوتی:

– گوژاندتەوە!

مەلا گوتییەوە

**– گەنج بووم، دواتر هەر ئەو ژنە توند و پڕە لەگەڵ کچێکی ئامۆزام، لەو پەنایە پیدابۆوە و مۆمێکی هەڵکردبوو، کچەش وەک مۆمەکە دایسا، مۆمەکەم لەدەستمدا پان کردەوە، مۆمەکەم کوژاندەوە**

کچە بەچاوێکی خومار و تەسلیم بوونەوە گوتی:

**– کوژاندتەوە!**

مەلا بەزمانێک لە هەنگوین، هەنگوینێک ئاگری لەسەر کرابێتەوە، گوتی:

**– گەنج بووم، ئەو ژنە پڕ جنسە بەرەوە کچی دێنا و لە پێشیانەوە چرای هەڵدەکرد، منیش بەردم تێدەگرتن و چراکەم ورد و خاش دەکرد و دەمکوژاندەوە. کچی شێخ وەیس بەچاوێکی خومار و پڕ شەهوەتەوە گوتی:**

**– دەتکوژاندنەوە!!**

مەلا دیسانەوە بەزمانێک لە ڕاوی هەنگوین، زەرد وەک ئاگر گوتی:

**– گەنج بووم، بەبێ چرایەکان، کچەکان دایسان، چرایەکان زیادیان کرد و چرای هێندە گەورە چاوم لەبەریان هەڵنەدەهات، دواتر شێت بووم، شێت.**

مەلا لە کاتێکدا مووی سمێڵی بەئاستەم وەسنگی کچە دەکەوت، دەیگوتەوە.

– **شێت بووم**... خەوم نەماو لە ژیان و خێزان دوورکەوتمەوە و لە شار تەرە بووم، وەختێ زۆر ماندووبووم لە بن دار توویەک خەوم لێکەوت... **ئەو ژنە سەر سەختە پەنایەکی ڕووناککردبۆوە و نەمزانی ڕوناکیەکە لە کوێوە دەڕژێتە ئەو پەنایە،** چرانەبوو تا بیشکێنم، مۆم نەبوو تا پانی کەمەوە، شقارتە نەبوو تا فووی لێکەم، دیتم هەردوو **مەمکی وەک دوو ئەستێرە، وەک دوو ڕۆژ داگیرساون**، بەهەموو هێزم دەستم خستنە سەر بەو نیازەی بیانکوژێنمەوە و پانیانکەمەوە، **بەڵام ئەو دوو مەمکە وەک ئەو میوانەی بەهەشت کە ناویان نازانین دەستیان پێشوازی کردم و لەنێو خۆیاندا شاردیانەوە،... چ ئاوەدان بوو ئەو پەنایە، چ نوورانی!!!**

کچە وەک مەستێک هەناسەی دەدا، مەمکەکانی وەک تۆپەڵە پشکۆیەک، بۆ سۆیان لە دەستی مەلا هەڵدەستاند.

مەلا چیدی قسەی نەدەکرد و دەنگی نەدەهات، منیش لەو دیو چیغەکەوە، کە قامیشەکانی سوورکرابوون، سەرم بەئەژنۆم کردبوو، چاوەکانم توونت نووقاند بوون، لەو باوەڕەدا نەبووم جارێکی دیکە بکرێنەوە. دواتر گوێم لێ بوو ژنە بەدەنگێکی عادەتی، دەڵێ:





**– چی بکەم، شەیتانەکانی ئەو پەنایەی ئێمە ژن نین، پیاون، پیاوی بەلەسە.**

مەلاش بەڕەنگ و دەنگێک کە هەرگیز ناتوانم بەهیچی بچووێنم، گوتی:

**– لێیان مەترسە.**

**– وەحشین، دەمخۆن.**

مەلا بەلوتفی زانایەکەوە، گوتی:

**– ئەو ملوانکە سوورە بگرە. هەر کە ترسای لە ملی کە، من بەخۆم و مۆمێکەوە لەو پەنایە چاوەڕێت دەکەم. مەترسە، ئەوێ پەنای منە، من شەیتانێکی ڕووح سووکم ئەی کچی عەیار.**

***

9

## شكانی شووشه چراكان



کچە هەستا و بەلامدا تێپەڕی و تەماشایەکی کردم و وای زانی نووستووم، دوای کەوتم و بۆنەکە نەدەهاتە پێش و دوور دەکەوتەوە، هەر ئەو ڕۆژە ئەو شارەی کە سەردەمانێک پڕ ئازایەتی بەرگری بوو، **ئەو شارە کە من بووم،** هەموو سەرباز و پاسەوانەکانی تەسلیم بوون و پەنایەک ئاوەدان بۆوەکە کە پەنای شەیتان بوو، بەکۆتایی تەمەنیش تاریک نابێتەوە.

دنیا تێک دەچێت و گوڵەکان هەڵدەوەرن، وەرزەکان دەگۆڕێن و باڵندەکان کۆچ دەکەن، دڵەکان دەپوکێنەوە و چاوەکان کوێر دەبن، تەنها و **تەنها ئەو پەنایە تاریک نابێ و تەواو نابێ. دنیا بەخۆی و سی و نۆ ژوورەکەی و، شار بەخۆی و سیحر و فێڵەکانی و مرۆ بەخۆی و عەقڵ و لووتبەرزیەوە، هەر هەموویان بەبێ ئەو پەنایە تاریک و نۆتەکن، وێران و بێ ڕەونەق و مردوون.**

***

دەمزانی سرڕی ئەو پەنایە لەو پەراوێزانە دایە، دەمزانی چرای ئەو پەنایە ئەو پەراوێزانەی ئاوەدان کردۆتەوە، دەمویست ئەو پەراوێزانە، ئەو هەموو ڕستانەی لە بن دێڕەکانی کتێبەکە نووسی بوونی کۆ کەمەوە و سەرلەبەریان بنووسمەوە و **پڕ بەهاترین کتێب لە دنیادا چاپ بکەم. بەو کتێبە دەبمە گەورەترین ساحیری کتێب**، دەست بەدەست دەگەڕێت و دەبێتە ئەو کتێبەی سەدان حیکایەتخوان بیگێڕنەوە، هەزاران حیکایەتی تێدایە و هەر حیکایەتەی کەسێکی دەوێ تەواوی کات، دەبێ ئەو کتێبە هێندەی سەرژمێری دنیا چاپکرێ تا هەر کەسە حیکایەتی خۆی تەواو کات و پەراوێزەکانی پڕ کاتەوە.

من بەپەلە بووم زوو دەست دەمە کتێبەکە و بیبەم، چم لە شارێک داوە کە هەر تۆپەڵە قوڕێکە، با کتێبێک بەرم کە شەوقی دنیایە. تۆزی سەر کتێبەکە نیشتبۆوە، دەکرا بێ سێ و دوو پەلاماری دەم و بڕۆم، دەنگێک لە ناخی کتێبەکەوە گوتی:

**– دەبێ مردنی سێیەمم ببینی ئەی زەندیق، گوێت لە هەناسەم نییە.**





هەر کەسی دیکە با گوێی نەدەدا ئەو خورافاتە و تاوی دەدایە و دەڕۆیی، بەڵام من لەو کاتەوەی چوو بوومە نێو تاوڵی ژنە قەرەج و وێنەی خۆم لەسەر ئەو تاوڵە دیوو، لەو کاتەوەی دەرگای ژووری چلەمم کردەوە و لە پشت هەر دارێک و لەو دیو هەر کانیاوێک دەنگێک بانگی دەکردم و ڕایدەگرتم.

من سەرەتا دەبوو ئەو دەنگانە شەق کەم و بەنێویاندا تێپەڕم، من بە حەوسەلەی لقەدارێکەوە بەدیار کانییەکەوە دانیشتووم و حیکایەتی هەڵقوڵینی خۆی و سەفەرە سەیر و بێ پەساپۆرتەکانی بۆ گێڕاومەوە. من بەحەوسەلەی هێلکەیەکەوە دانیشتووم و گوێم بۆ حیکایەتی تەیرێک گرتوو، کە پێڵوەکانی هێندەی پێڵوی سەد پیرێژن بەگنج بوون، من بەسەبری بەردێکەوە گوێم لە حیکایەتی پڕ شەوق و بەنرخی دنکە مرواری نێو دەریا گرتووە، ئەو حیکایەتانە زۆر لە حیکایەتەکانی مرۆ درێژتر بوون، زۆر جیاوازتر و پڕ حیکمەتتر بوون، دوای ئەوە نەدەکرا لە جریوەی چۆلەکەیەک تێنەگەم، دوای ئەوە نەدەکرا لە ورشە و وەرینی گەڵاکان تێنەگەم، من لە هەموو ئەو شتانە گەیشتم تەنها لەوە نەگەیشتم کە لە هەوام پرسی:

**– بۆ دێیە ناخمەوە؟**

ئەو زۆر منەتبارانە گوتی:

**– بۆ ئەوەی بژی.**

من پێش ئەوەی بێتە ناخمەوە پێمگوتبوو:

**– بۆ دەبێ بژیم؟**

ئێستا ئەو پرسیارەم پێ گرنگ نەماوە چونکە دەشێ بۆ ئەوە بژیم تا ئەو کتێبە ئازادکەم، جارێک مەلا پێی گوتم:

**– «ئەگەر چاوەکانت لێکەوت ئەو کتێبە بەرنەدەی و نەیخەیتە خوار».**

دواتر گوتی:

**– ئەگەر دنیات بەدەستێکەوە بوو ئەو کتێبەش بەدەستەکەی دیکەوە، کە**

**ماندووبووی دەشێ دنیا بەردەیتەوە، با سەد پارچە بێ، بەڵام نەکەی ئەو کتێبە بەردەی.**

من گوتم:

**– ئەگەر دنیا تێکبچێ، ئێمە چ کارەین.**

ئەو گوتی:

– دنیا تێکبچێ بەو کتێبە ئاوەدان دەکرێتەوە، بەڵام ئەو کتێبە بچێ، دنیا تازە کتێبێکی وای پێ نانووسرێتەوە.

بەبێ ئەوەی بتوانم تەماشایکەم **کتێبەکەم دەستم دایە و هەڵمگرت**، بۆ خارێک وەک دوکەڵ و تەم دەوری گرتم و هەناسەم تەنگ بوو، لە پلیکانەکان هاتمە خوارێ، بەلای ئەو پایەی مەلا لە شێوەی مارێکدا لەوێ وشک بۆوە، تێپەڕیم، گەیشتمە حەوشەی مزگەوت و گەنجەکان کە بەدیوارەکەوە گوللەباران کرابوون، کەوتبوون. هەریەکەیان وێنەیەکی سریالی لەسەر دیوارەکەی دوای خۆی بەخوێن دروستکردبوو، من ئەو گەنجانەم ناسییەوە و شەرمەزاری ئەوە بووم کە دەرفەتی ئەوەم نییە بۆیان بگریەم و بیانلاوێنمەوە، ئەو گەنجانە زۆر بەبێ وازی و بێ هومێدانە لە شوێنێکیان دەڕوانی، ئەوەیان لەبیر چووبۆوە کە گوللە باران کراون، ئەوان، بەخوێنی خۆیان، دەیانویست شار خاپوور نەبێ و ژوورەکانی و سیحرەکانی نە تەقێنرێنەوە، **دەشێ ئەو گەنجانەش وەک من زانیبێتیان کە شار بێ وەفایە و کۆڵان و جادەکانی هەرگیز بیری ئەو گەنجانە ناکەنەوە کە هەموو ژیانی خۆیان بەڕۆژەکانی ئەو بەخشیوە،** دەترسام پێم بکەوێتە نێو یادگارەکانیانەوە و خۆم پێ ڕزگار نەکرێ.

لەناکاو یەکێ لەو ژنانەی بێ پەروا لە خۆی دەدا بەدوو چاوی سوورەوە سنگی گرتم و گوتی:

**– ئەی برای تەنگانە. ئەوە برادەرەکانت لە خوێنی خۆیاندا کەوتوون، بۆ کوێ هەڵدێی؟**

هەستم دەکرد کتێبەکە وەک کێوێک بەدەستی ڕاستمەوە بەستراوەتەوە،





لە بن کراسەکەمەوە مێروولە بەرەو سەر دەکشێن، ڕووم لە ژنەکە کرد و کە دایکی نزیکترین هاوڕێم بوو، کە ئێستا بەدوو چاوی بەتاڵ تەماشام دەکات، گوتم:

**– دایە خان وا بزانە منیش کوژراوم.**

یەکێکی دیکەیان لاقی گرتبووم و ڕایدەکێشام، گوتی:

**– ئەوە نییە زیندووی، بریا تۆ بای لە جیاتی ئەوان.**

هەستم کرد ئەو گەنجانەی لەوێ کەوتبوون، چاویان نەرمتر و ڕوویان ساردتر دەڕوانن، زۆر بەبێ وازی گوێیان بۆ قسەکانی من ڕاگرتبوو، منیش کە چاوم هەر لەسەر ئەوان بوو بەژنەکانم گوت:

**– پەلەم لێ مەکەن خوێنی منیش شلەو بەنووکە چەقۆیەک دەڕژێتە سەر زەوی.**

بەرەو دەرگای دەرەوە تێپەڕیم و گوێم لێ بوو، ئەو ژنە ڕەشپۆشەی، دایکی هاوڕێ هەرە نزیکەکەم بوو، دەڵێ:

**– دەڕژێ، دوای ئەوەی هێندەی پیرە سەیەک دەژی.**

وەختی ئەوەم نەبوو ئاوڕ لە هیچ شتێک بدەمەوە، خوێنی چەند گەنجێ دنیا بەمن کوێر ناکاتەوە، دەمدی شار وەکو هێلکەیەکی نێو هەوا هەڵدراوە و لەهەر دەقەیەک بەشاخێک دەکەوێت. پێش ئەوەی زرمەی لێ بێت دەبێ بڕۆم و هەوێنی دنیا لەگەڵ خۆم بەرم، ئەو ژنانە منیان باش دەناسی و بەچاوە درەوشەکانیان هەموو پێست و لەشیان کون کون دەکردم، ئەو ژنانەی سەردەمێکی زۆر ئامۆژگارییان دەکردم و لەو خراپانە دووریان دەخستمەوە کە خۆیان پێیاندا تێپەڕی بوون،من شانازیم بەوەوە دەکرد کە بوومە جێگای باسی ئەوان و بەقسەم دەکردن و دەستە قەڵە و بەگەنجەکانیانم ماچ دەکردن و بۆیان دەنوشتامەوە، دواتر گوێم لێ دەبوو دەیانگوت.

**– بەخوا کەرە.**

کچەکانیان کە منیان چاتر دەناسی پێدەکەنین و دەیانگوت:

**– سادە و ساویلکەیە.**

***

ئەو ڕۆژەی جلە جوانەکانم لەبەرکرد و هاتمە بەردەرگا و پێم خستە سەر بەردێک تا قەیتانی پێڵاوە قاوەییەکانم توند کەم، تۆزی شار لە خۆم بتەکێنم و بچم وێنەی خۆم لەسەر تاوڵی ژنە قەرەج ببینم، هەر ئەو ژنانە وەک ڕەوە زەردەواڵە پێشیان پێگرتم، قسە نەرم و دایکانە گوتیان:

**– تۆ منداڵێکی. کوڕی خۆمانی. ئەو پیاوە عاقل و پڕ حیکمەتانە لە خۆت مەڕەنجێنە، بۆ ژنە قەرەجێ.**

من پێکەنیم گوتم:

**– دایکانی ئازیزم، من تەنها دوای خەونێک کەوتووم.**

ئەو ژنە دەم گەرمانە بێ ئەوەی هێشتبێتیان کچەکانیان بێنە بەر دەرگا و سڵاوێکم لێ بکەن، تەنها لە کونی دەرگاکانەوە تەماشایان دەکردین، گوتیان:

**– وەرە وە باوەشی خۆمان. تۆ لەسەر سنگی ئێمە گەورە بووی ئەو خەونانە فڕێدە.**

بەتیلەی چاو تەماشام کردن و پێکەنیم و گوتم:

**– نەجارێک وەک منداڵێک شیری مەمکەکانتان دامێ و نەجارێک وەک گەنجێک هێشتان بیانمژم.**

ئەوان وێکڕا تفیان لێکردم و تووڕە بوون گوتیان:

**– دەبڕۆ... ئەی زۆڵی حەرامزادە.**

من تێپەڕیم و گوێم لە دەنگی شکانی شووشە چراکان بوو بەدەستی کچەکانەوە، گوێم لە دەنگی پێکدادانی پەنجەرەکانی بوو، مشتومڕی پیاوەکانم دەگەیشتە گوێ. بۆنی عەترێکم لە خۆم دابوو کە بەتایبەتی لە کوڵۆکی دار پرتەقاڵ دروستکرابوو، کچەی دراوسێم پێش ئەوەی بیگوازنەوە بەدزی لەسەر دیوارەوە دایە دەستم، ئەو کچە لەوەتەی شووی کردبوو بەچاوێکی پڕ سۆز و ئولفەتەوە تەماشای دەکردم، جارێک لە درزی





دیوارەوە پێی گوتم:

**– هەر بێمەوە واتگەرم دەکەمەوە بسووتێی.**

دەبوو ئێوارەیەکی درەنگ بگەمە تاوڵی قەرەجان، زوو شەو بەسەر شاردا کشا و چرایەک نەمابوو بسووتێ، بەڵام بۆنی کوڵۆک منی بەوان دەناساند. من بەو بۆنەوە شارم بەجێهێشت و هەر ئەو بۆنەش بووە یادگارم.

***

قسەیەک نەمابوو بکرێ، ئەو ژنانەش دەیانزانی شار وەک شووشەی دەم با دەبێ هەلا هەلا بێ، هەستم کرد لە دوامەوە دێن و کوڕەکانیان بەو مێشە شین و زەرد و قورسانە سپاردوون کە دەبنە دوا زیرووحی ئەو شارە، ئەو تۆز و بوخارەی لە وەختی تاودانی کتێبەکە ڕژایە نێو میحرابەکە خەریک بوو هەموو مزگەوتەکەی دەتەنی، ئەو شارە زەبەلاحەی مرۆڤەکانی لەڕەودا بوون، ئەو شارە پڕ ئولفەت و هەناسە بەجێماوانە، ئەو شارە پڕ هەرا و زەنایە، ئێستا شتێک نەبوو ماڵەکان پێکەوە بەستێ، شتێک نەبوو جادەکان پێکەوە ئاشنا کا، گەڕەکەکان بکاتەوە هاوڕێ، شار بێ رایەڵی مرۆڤ دەڕما، **شار دوای ئەوەی مرۆڤەکانی کۆچیان کردبوو، لە توێکڵی ئەو هەنار و پرتەقاڵانە دەچوو تازە فڕێدرابن.**

ژنەکان دوام دەکەوتن و تارمایی کوڕە کوژراوەکانیان لە دواوە بانگیان دەکردن. هاڵاو و تۆز و بوخاری نێو مزگەوت لە حەوشەی مزگەوتەوە سەری وەدەرنا بوو، بۆنی شاری چۆڵی دەکرد، مردن، بێ ئەوەی شتێکی لە چاواندا بخوێندرێتەوە، گەنجە کوژاوەکانی حەوشەی مزگەوتی بەجێهێشت و لەگەڵ بوخار و هاڵاو هاتە دەر، بۆنی شاری چۆڵیان دەکرد، تۆزێکی ڕەش وەک تۆزی مردوو وردە وردە گەڕەکەکانی شاری دەتەنیەوە، ڕەنگەکانی شاری دادەپۆشی، ئەو سەگ و پشیلانەی هێندەی بۆیان کرابوو بۆنی مرۆیان هەڵگرتبوو بێ ئەوەی کەس گوێیان بداتێ یان ڕێنماییان بکات لە شار دوور دەکەوتنەوە و کولانە و کوختەکانی خۆیان بەجێدەهێشت. ئەو سەگ و پشیلانەی لە کون و کەلەبەر و کەلاوەکانی شار دەهاتنە دەرێ و

دوای تۆز و بۆنی مرۆ دەکەوتن، ئەوان نەیاندەتوانی یادگارەکانی خۆیان لەگەڵ ئەو شارە بنووسنەوە، هەتا چاو و نیگایان سیفەتی گیانداری خۆیان پێوە نەمابوو، وەک نیگا و چاوی پیاوە پیر و ژنە سەرەکان خەمخۆرانە بەڵام پڕ فێڵ و عەیارانە لە دەوروبەریان دەڕوانی. ئەگەر گلێیییەکیان بکردبا هەر ئەوە بوو کە ئەوەتا چەند نەوەیە لەو شارە و لەنێو ئینسانەکانی هەست و سۆزێک بەسەریاندا نەگریا و هاوخەمێکیان نەبوو، ئەوانە دوا ئولفەت و بۆنی مرۆ بوون لە شاردا هەناسەیان دەدا.

هالاّ و بوخاری نێو مزگەوت بەسەر شاردا کشا، پەردەیەکی تەڵخ و چڵکن و ئەستوور شاری دادەپۆشی، ژنەکان پێکەوە زریکەیەکیان لێدا و پیاوەکان لە ناخەوە قرچەیان هات و شکان. سەگەکان چاویان لە ئاستێک مۆڵەق بوو و دوای وەڕین.

من دەمدی شار لە ئاستی خۆی ڕۆدەچێ و تەمتوومان و هەڵم و تۆزێکی نەفەس کوژ لەسەری بڵند دەبێ. لە یەکەم ئاوڕدانەوەمدا بۆ شار ژنەکان خۆیان گەیاندەوە من و بەموحیبەت و پەنادانەوە تووند لاقیان گرتم، هەستم کرد لەگەڵ ڕۆچوونی شار چاوەکانم ڕۆدەچن و دوکەڵێکیان لێ بڵند دەبێ، بەڵام ناکرێ من تەسلیمی ڕمانی شارێک بم و کتێبێک لەبیر کەم کە دنیای پێ ڕێکدەخرێتەوە، قورسی کتێبەکە دەستمی بۆ خوار ڕادەکێشا و گەرمی دادێنا، من دەیان جار ئەو کتێبەم لەبن هەنگڵ ناوە و بردوومەتەوە ماڵێ هەرگیز هێندە قورس و ئێسک بڕ نەبووە، دەتوانم شتێک لە بابەت و ڕستەکانی ئەو کتێبە بنووسمەوە بەڵام دەترسم بەوشە و گێڕانەوەی من سیحرەکەیان بەتاڵ بێت و زمانەکەی تێکچێ. **دەمەوێ ئەو کتێبە بکەم بەموعجیرەیەکی کوردی**، لە هەموو دنیاوە خەڵک بێنە سەیری و ژیان و شارستانیەتی خۆیانی لەسەر ڕێکخەنەوە، دەمزانی ئەو کتێبە مەجرای ژیان دەگۆڕێت.

بیرم لەوە دەکردەوە لە شوێنێک خۆم پەنا دەم و بەکەماڵی ئیسراحەت بیخوێنمەوە و هەموو لەزەت و خۆشی و تێگەیشتنەکانی تەنها بۆ خۆم





بێت، دەمزانی ئەو کتێبە تەمەن درێژ دەکات، **ئەوە بۆو کەسەی کە پێش تەمەنی سی و سێ ساڵی بیخوێنێتەوە**، تەلیسمی سی و سێ ناشکێنرێ و **گەنجی و کەماڵێک نییە لە دوای سی و سێ.** دەبێ هیچ نەبێ لاقەکانم لەو ژنانە ڕزگار کەم، ڕستەیەکی ئەو کتێبە سەد هێندەی لاقەکانم گرنگە، بەڵام بەبێ لاق بۆم ناگاتە چ جێیان، بەژنەکانم گوتی:

**– پێیەکانم بەردەن، ئێوە نازانن چ خەتایەک دەکەن.**

ئەوان بەچاوە دەرپەڕیوەکانیان و دەنگە فودراوەکانیان گوتیان:

**– کوڕەکانمان لەگەڵ شار نغرۆ بوون.**

شار وەک پانتاییەک لە بوخار و هەڵم و تۆز لەبەر چاوم غەرق دەبوو، وەک قەڵایەک لە مۆم بەسەریەکدا دەتەپی، من بە توانای یەزدانەوە خۆم ڕاگرتوو، گوتم:

**– ساڵەکانمان و شکست و خۆشی و لەزەتەکانمان، تەمەنی نێو کۆڵان و پەنایەکانی شەیتانی بوونمان، هەر هەمووی لەگەڵ شار غەرق دەبێ.**

ژنەکان هەستانە سەر پێ و هەموویان دەستە درێژ و وەک شمشێرەکانیان لە یەک سات و بەیەک نەوا بەرەو شار درێژ کرد و وێکڕا گوتیان:

**– ئەی شاری تەمەن وریای دڵەکانمان بەلەگەڵ خۆت بردن.**

زریکەیان منی تاساند و هەستم کرد لەسەر لێواری قەبرێک وەستاوین، بەرەو لای من ئاوڕیان دایەوە و گوتیان:

**– تۆ ئەی کوڕی ناسک، بەبێ شار و کوڕەکانی ئێمە و هەناسەکانی تەمەن چ لەو کتێبە دەکەی؟**

**وەک بەردێک دەم بکاتەوە**، وەک مردوویەک بدوێ، بەبێ دەنگی گوتم:

**– نازانم ئەو کتێبە چ لە من دەکا.**

***

ئای ترسناکن ئەو مرۆڤانەی شارێکیان لە دەس داوە، ئای زەلیلن ئەو مەردومانەی کراونە ئەو دیو شورەی شارەکان، ئێمە هەموو دەمانزانی منداڵیمان و ڕۆژە پڕ نهێنییەکانمان لەگەڵ ئەو شارە ڕۆچوون، زەمەنێک

لەگەڵ ئەو شارە پێچرایەوە کە تەنها لە زەهنی ئێمەدا ماوە، زەمەنێک هەتا جوگرافیای ئەو شارەش کە ڕۆچووە لەبەردەم دنیادا لە وەهمێک زیاتر نییەو کۆڵانەکانی منداڵیمان و کانیە بەرەو نەقەکانی بەشەیتانی بوونی خۆمان تێدا دەشاردەوە، سەربانە پڕ خەوەنەکان و هەوای پڕ نامەی دڵداری و نیگای پڕ عەشقێنی هەر هەمووی ڕۆچوون. ئەگەر ئەوانەی نەبردبا ڕمانی شارێک هەر هیچ نەبوو. ئەو مرۆڤە رووتانەی شاریان لە دەست داوە دڵیان بەو وەهمە خۆشە کە شاری تێدا دەژی. ئەو مرۆڤانەی لە هەموو دەمێ روونترن، لە لێواری شارەکان و کەنارەکانی دنیا کەوتوون، ئەوان دەیانزانی **هەر کەسێک کە شاری منداڵی لە دەست دا تازە شارێک نابێتە ماڵی و کۆڵانێک نابێتە خولیا و پەنای.**

تازە منداڵەکانیشیان تووشی کەتن و شەڕ و هەرای بابیان نابن کە بەمێرمنداڵی لە پەنا و پەسیوان کردویانە.

من دوور لەو سەرگەردانیانە دەڕۆیشتم و دەمویست ئەو کتێبە بگەیەنمە جێگایەک بتوانم بیپارێزم و دواتر بیخوێنمەوە، گوێم لێ بوو ژنە ڕەشپۆشەکان بەرامبەر پیاوە بریندار و گەنجە تێکشکا و سەرگەردانەکان وەستابوون و پێیاندەگوتن:

– دڵنیابن ئەو کتێبە نهێنی شاری ئێوەی تێدایە.

– هەموو ڕابردووتان لەوکتێبەدا زیندوو دەبێتەوە.

– تەنها لەو کتێبەدا شاری خۆتان دەست دەکەوێتەوە.

پیاوەکان وەک ئەسپی سەرشێت و سەرمەستی بێ لغاو تەماشایەکیان دەکرد، **گەنجەکان بەهومدێکی هیچەوە پارچە شکاوەکانی خۆیان دەخستەوە سەریەک**، کچان بەبۆنی ئەو هەوا پڕ عەشقەی لە دەستیان چوو بوو گەشبوونەوە. سەگەکان بەحەسرەتی ئەو کولانە وکۆختانەی دەیان جاری تێدا بەفاڵ هاتبوون گرژینەوە. لاقیان بڵند و میزێکی چەور و خەستیان بەگڵی وشک داکرد.

***





من دەمزانی ئەوانە هەموو سحرێکن، ئەو ژنانە هیچیان لەو ژنە سیحربازانە کەمتر نییە لە ژووری چلەم هاتنە ڕێگام. ئەو ژنە سیحربازانە بەزمانێک دەدوان باوەڕ و توانا لەبەردەمیان دەتلیسایەوە، شتێک نەدەما بەناوی زهن و قەناعەت، ئەو ژنانە هەر بۆ خۆیان سیحری ژن بوون و هەموو خانە و دەمارەکانی پیاوەتی شارەزا بوون، بەکەیفی خۆیان ئەو دەمارانەیان دەردەکێشان یان گەمەیان پێ دەکردن، ئەوان بەمنیان گوتبوو:

– **پیاو بێجگە لەو دەمارانە هیچی دیکە نییە.**

– **بەبێ ئەو دەمارانە پیاو داوڵێکە بۆوە نابێ لووتی پێ بسڕی**. ئەو ژنانەی لە ڕێگای ژووری چلەم تووشیان بووم هەموو دنیایان بەتۆشەوە دەکردە هێلکەیەک و لە باخەڵیان دەنا. هەر بەدوو قسە و نیگایەک کردیانمە دڵی چۆلەکەیەکی هەوەڵ بەهار و لەسەر بەرەدەستیان دانام. بەرە دەستێک هێندەی کەفەڵی سەد ژن، پیاو گیرۆدە دەکات. **من ناڵێم وەک پاڵەوانێک وەک دڵی ئەو چۆلەکە ترسنۆکانە لەنێو دەستی ئەو ژنانە لەرزیم**، جواناوی ژن تا قوڕگم هات، سڕێک لەو جواناوە گەورەتر تەلیسمی ئەو ژنانەی پێشکاندم شەوقێک، ئەفسوونێک بۆ گەیشتن بەژووری چلەم منی لەو ژنانە ستاندەوە.

ئەوانە ژنی سیحر بوون، بەڵام ئەو ژنە ڕەشپۆشانەی بەنیازن مەردوم گەلی شارێکم لێ بەخەبەر بێنن، فێڵی دنیان. فێڵی دنیاش **تەلیسم نییە بیشکێنی**، قەلا نییە بیگری. هەستم کرد دیسانەوە دڵی چۆلەکەیەکی ترسنۆکم و خەریکە لە بن پێی قورس و بێ ڕەحمیان بتوێمەوە. پیاوەکان وەک هەناسەیان لێ وەرگیرابێتەوە ڕوو لەو ژنانە دەکەن و سەد پرسیاریان لە چاو دەڕژێ، ژنەکان دیسانەوە وەک زریکەیەک دەڵێن:

– **شارەکەتان نغرۆ بوو بەڵام ڕووحی شارەکەتان ئەوە لەو کتێبە دایە.**

ئەوان چاویان مۆلەقە و ژنەکان دەڵێن:

– **لەزەتی ژنەکانتان و بۆ نێرینەی خۆتان لەو کتێبە دایە.**

ئەو ژنە شەیتانانە لە کوێ بەو نهێنیانەیان زانی، **ژن گەرای نهێنییە** و

دنیا بەبێ ئەو گەرایە نهێنییەکی تێدا نامێنێ بۆی بژی. ئەو پیاوانە بە چ نهێنییەکی ئەو کتێبە ڕازین. هەمو دنیایان بدەیە جێگای شاری نغرۆ بوویان بۆ ناگرێتەوە. سەرەتا پیاوەکان زۆر گێلانە و سەرەڕۆیانە پێییان گوتم:

**– تۆ شیری خیانەتت خواردوە، چ کەتنێکت لە بن سەرە؟**

بەچاوێکی نەرم و پڕ سۆز بۆم ڕوانین و دەنگم لێ نەهات، ئەوان گوتیان:

**– تۆ، کە هەموومانت بەشەوی ژنە قەرەجێک گۆڕیەوە، چ وا پیرۆزی کردی؟**

هەناسەیەکم بۆو شەوە و سەدم بۆ ژووری چلەم و حەسرەتێکم بۆ ئەوان هەڵکێشا و ئەوان گوتیان:

**– چ هێلکەیەکی پڕ نهێنی و چ ژیانێکی پڕ شەرمت هەیە!**

من دەمویست تەنها کتێبەکە بپارێزم، دەمزانی ئەو ڕەشە خەڵکە نهێنی ئەو کتێبە تێناگەن و لە سیحری زمان و وشە و ڕووحی حاڵی نابن. کتێبەکەم بەخۆمەوە نووساندبوو، بەحیرسەوە دەمویست لێیان دوورکەومەوە، ئەوان هاواریان دەکرد:

**– بۆ ئێمە نازانین شارت بە چ خەفەتێکەوە کوشت، هەی ناڕەسەن.**

نەمتوانی بیر لەو فەرشە نەکەمەوە کە گوڵەکانی وەک لەسەر ئاوبن دەجووڵان. من نەمتوانی پێیان بڵێم کە ئەو ژنە سەد هێندەی ئەوان و هەزار هێندەی شار بەوەفایە. من نەمتوانی ئەوەیان بەبیر بهێنمەوە چۆن یەکە یەکە ئەو پیاوە سمێڵ بابڕانە بەسەر پێڵاوەکانمدا کەوتن بۆ ئەوەی ئەو شەوەیان بدەمێ، یان بەشێک لە حیکایەتی ئەو شەوەیان بدەمێ. بێ ئەوەی عەقڵی ئەوەیان هەبێ یان بزانن کە **قەدەری ئەو شەوە من دابەشم نەکردووە**. بێ ئەوەی بزانن کە خەونی ئەو ژنە بەکەس ناکڕدرێ. هاواریان کرد:

**– سی و نۆ ژوورت بەجێهێشت و دوای ڕەنگی مۆری ئاوێکی جادووباز کەوتی.**





ئەوان نەیاندەزانی ژووری چلەم هەزاران کەس بەدواییدا دەگەڕێ و یەک کەس تاکە یەک کەس، کە سەد جار دەبێتە بەرد دەیکاتەوە، ئەوان نەیاندەزانی گوێ لە حیکایەتی ئەو ژوورە بگرن.

پیاوێکی کەتەی بازۆڵە ئەستوور، کە سەردەمێک مجێوری مزگەوت بوو، دواتر بووە دەڵاڵی خانوو، بەسەرمدا هاواری کرد و گوتی:

**– هەر تۆ نەبووی حیکایەتی سوشینت بۆ گەنجەکان دەگێڕایەوە، هەی حەرامزادە، بۆ ئەوەی گەنجەکان دەرگاکانی باخی تەمەن بکەنەوە و کاولی کەن. ئێمەش ڕسوا.**

**– هەر تۆ نەبووی سوشینت هەڵدایە نێو دوکەڵی پیاوێکی بەڕەنگ کوتراو.**

**– هەر تۆ نەبووی ماینە بەفاڵەکانت وەئاگا هێنا، تا گەنجەکان شەرمزارکەی.**

ژنێکی کامڵ هاواری کرد و گوتی:

– با هەر ئەو بوو شەو تا بەیان لەگەڵ کچان دەتریقایەوە.

گوێم لێ بوو پێیانی دەگوت:

**– ژیان جارێک بەلاتاندا تێدەپەڕێ، هەموو میوەکانی تامکەن.**

**– سێوەکانی بخۆن و لیمۆکانی هەڵمژن.**

بەچاوی خۆم دیومە

**– کچانی فێر دەکرد بۆن و عەتر لە بن باڵ و سنگی خۆیان دەن و بیاندەنە بەر با.**

ئەو کچەی شەوێک بۆنێکی دابوومێ کە لە کولۆکی دار پرتەقاڵ دروستکرابوو، چەند هەنگاوێ هاتە پێشەوە و گوتی:

– من ئەوە بۆ خوا دەڵێم: «تەماشایەکی زۆر عەیارانەی کردم، زەردەخەنەیەکی فێڵبازانەی هاتێ بەباڵای هەڵڕوانیم» گوتیەوە:

**– من ئەوە بۆ خوا دەڵێم، ئەو کوڕە لە کچان شەرم دەکا و لە ژنان**

**دەترسێ، بەسەد حاڵ هەتا شووشە بۆنێکم دایە، ئاخرنە دەکرا لە شار بچێتە دەر و بۆنی کوڵوکی لێ نەیا.**

بەڵێنی کۆنی ئەو کچەم بیرکەوتەوە، کە هێندەم گەرم کاتەوە بسووتێم، هەستم کرد سەرمامە و لەبەر خۆمەوە گوتم:

**– بریا، بسووتابام.**

کچە بەتوڕەبوونێکی پڕ وەفاوە گوتی:

**– هەر دەسووتێی، ئەمما لە دۆزەخدا.**

هەستم کرد جارێکی دیکە ئەو کچە خەریکە پێیەکانم بەخەڵکەوە دەبەستێتەوە، لەنێو ئەو ڕەشە خەڵکەدا کەسێک ناتوانێ ئەو کتێبە هەڵگرێ و کەسێک ناتوانێ بیخوێنێتەوە، بۆیە بەپاڕانەوەوە گوتم:

**– ببوورن ئەی پیاوە بێ گەرد و پاکەکان، ناتوانم لەنێو ئێوەدا بژیم، سامان و ژن و شەرەفمەندیەکان بۆ ئێوە ئازایەتی و پیاوەتی بۆ ئێوە، خۆشنوودی و بەهەشت و سەرفرازییەکان بۆ ئێوە، من دەڕۆم و هەموو خیانەت و حەیاچوون و ڕیسواییەکان لەگەڵ خۆم دەبەم، من دەڕۆم و هەموو بەزین و شکستیەکان لەگەڵ خۆم دەبەم، هەموو بوغز و غەرەزەکان دەبەم، دۆزەخ بەهەموو تاوانەکانیەوە لەگەڵ خۆم دەبم و ئێوە لە بەهەشت و لە عەشقدا بژین.**

ژنە ڕەشپۆشەکان لەبەر پێم کەوتن و گوتیان:

– مەڕۆ، ئەی گەنجی نهێنی شار بەوانە بنیاد نانرێتەوە.

– مەڕۆی ئەی جادووباز، ئێمە چیمان لە شەرەفمەندی و ئازایەتی داوە.

کچەکان بەدەنگێکی بەئەمەکانە و دوو دڵانە گوتیان:

– مەڕۆ ئەوانە پاڵەوانی سامان و ئازایەتی و پیاوەتین، بەڵام پیاوی عەشق نین.

– مەڕۆ با کەسێک هەبێ بۆنمان کات و ڕەنگەکانمان لێک جیاکاتەوە.

گەنجەکان بێ هومێدانە گوتیان:





– دەوەرە و با گوێ لە حیکایەتەکانی سوشێن بگرین.

– دەوەرە با دەرگاکانی باخی گەنجی بشکێنین.

– دەوەرە و ژنێکمان بۆ بگێڕەوە وەک خەنە.

– دەوەرە و حیکایەتی چلەم ژوورمان بۆ تەواو کە.

***

من ترسام و لەناو خۆمدا تێکشکام، لەو پیاوە بێ ڕەحمانە ترسام، لە هەڕەشەکانی چاویان و زەبری دەستیان ترسام، تێکشکام بۆو ژنانە تێکشکام کەوتوونە دەم لافاوی پیاو، بۆو ژنانە ڕامام کەسێک نییە ماڵیان بۆ دروست کاتەوە، کەسێک نییە ماڵێکیان لە ئولفەت بۆ پێکەوەنێ، بۆ ئەو کچانە گریام کەسێک نییە بۆنیان هەڵمژێ، بۆ ئەو کچانە گریانم هەموو خۆشییەکانیان پێش ئەوەی بۆ خۆیان بیناسن بەدەستی نەشارەزا و توندی توخمی نێر مەحف دەبنەوە. بۆ هەموو ئەو گەنجانە ڕمام کە دەرگاکانیان بۆ ناکرێتەوە، تەمەنیان لەو دیو ژیانەوە کەڵەکە دەکەن.

بەقوڕگ و دەنگی بەرازیکەوە پێم گوتن:

**– ئەوانەی شاریان لە دەست دا، تازە نابنەوە خاوەنی هیچ شارێک.**

بەدەنگی نووساوی خەساوێکەوە بەکچەکانم گوت:

**– ئێوەن بۆنەکان و ئێوەن ڕەنگەکان و ئێوەن ڕەنگە کریستالییەکانی شار، ئێوەن پەیامی عەشق.**

ڕووم لە گەنجەکان کرد و گوتم:

**– هەتا دەرگاکانی باخی گەنجی نەکەنەوە، هەتا ئەو باخانە نەبینن، گوڵی ئەفسون نابینن و نازانن گوێ لە سیحری ژووری چلەم بگرن.**

من سی و نۆ ژوورم دایە دنیا و دنیا بەو سی و نۆ ژوورە مرۆڤی هەڵغەڵەتاند و ئادەمی ئیغرا کرد.

سی و نۆ ڕووباری سەهۆڵم بڕی و بەسەر سی و نۆ شاخی وەک هەساندا سەرکەوتم و سی و نۆ دێوم بەزاندن و دڕک و داڵی سی و نۆ بیابانم گێرەکرد و سی و نۆ مەتەڵی سی و نۆ پیاوی سی و نۆ سەر و جادووبازم

زانی، سی و نۆ جار سەنگ باران کرام و سی و نۆ قەڵام گرت.

وەختێک هەمــوو تەلیســمــەکــانم شکاندن و مــرۆڤــە بەبەردبووەکــانم زیندووکـردنەوە و هەمـوو فـێـڵـەکـانم زانی و تەڵەکـانم بەتاڵکردنەوە، چل کلیلیان، دامێ و گوتیان:

– چل ژوور لێرە هەیە، سی و نۆیان بکەوە و چلهەمیان واز لێبێنە

– سی و نۆ ژوور حەڵاڵی خۆتە و چلەمیان حەرام.

– ئامان! سەد ئامان!! چلەم ژوور نەکەیەوە.

– چلهەم ژوور مردنە.

یەکـە یەکـە ژوورەکـانم کـردنەوە، ئەو هەمـوو هیـوا و لەزەتە بەندانەم ئازادکردن، نهێنی ئەو ژوورانە سەرسامیـان کردم، بەڵام سیـحرێک نەبوو بمگرن. تەنها ژووری ژن، سیحرێک بوو لە ناخمدا تەقیـەوە و شاگەشکەی کـردم، تەلیسـمی ئەو ژوورە ناشکێ و تەواو نابێ. بەسـەریدا تێـپـەڕیم، بەبورکانێکەوە تێپەڕیم، هەموو ئەو ژوورانەم دانە دنیا و گوتم:

با بەسەر زەویدا بڵاوبنەوە، با بڵاوبنەوە و پیاوانی گەندە خۆر تێر بخۆن، دەمزانی من تەنها دەتوانم، سی و نۆ ژوور بکەمەوە، تەنها سی و نۆ ژوورم بۆ دەخرێتە سەر پشت، لەگەڵ کردنەوەیان سیحری هەموو ژوورەکان بەتاڵ بوونەوە، من نەمتوانی لە سی و نۆدا بمرم، گوتم:

«ئاخ! ئەفسـوون، ئەفسـوونی ژووری چلەم، دەرگـای ژووری چلهەمم کردەوە و تەنها بۆ ئەوەی دەرگای ژووری چلهەمتـان پێ بناسێنم دەبێ چل ساڵی دیکە بژیم، چل کتێبی دیکە بنووسم، من جارێکی دیکە باسی ئەو تەیرە زەردە ناکەم لە چاوەڕوانی ژنێکدا پیر دەبوو، چۆنیش گەنج دەبۆوە، **ئەو ژنە بەخۆی و دوو چاوی سەد ڕەنگەوە کە دنیا هەموو جوانیەکانی لەو چاوانە دزیوە، ئەو ژنە بەخۆی و سنگێکی پڕ عەشقەوە کە دنیا هەموو عەشقەکانی لەو دزیوە، ئەو ژنە بەخۆی و دوو دەستی پڕ شیفاوە کە دنیا دەرمان و شیفاکانی لەو دزیوە، ئەو ژنە بەخۆی و دوو ڕانی پڕ نەوسەوە کە دنیا هەموو نەوسەکانی خۆی لەو دزیوە.**





ئەو ژنە تەنها بۆ خۆی بەئاوێکدا ڕۆچوو، کە کەس ناتوانێ ناوێکی دیکەی لێ بنێ جگە لە ئاو، ئاویش نەبوو.

من جارێکی دیکە باسی ئەو ژنە ناکەم، من جارێکی دیکە ژووری چلەم هەڵنادەمەوە، من جارێکی دیکە پێتان نالێم چۆن چوومە باوەشی ئەو ژنە، من هەگیز باسی ئەو سەفەرەتان بۆ ناکەم، کە پێکەوە و لە باوەشی یەکدیدا بەئاوێکدا ڕۆچووین، سەفەرێک گەڕانەوەی نەبوو، بۆ ئەوەی باسی ژووری چلەمتان بۆ بکەم دەبێ چل جاری دیکە بژیم، چل جاری دیکە بە ئیزرائیل بڵێم:

– گەورەم، مۆڵەتمدە، حیکایەتی چلەمم ماوە.

بڵێم:

– گەورەی ئازیزە، ببوورە باخاتری ژنەی نێو ئاوی مۆڕبێ.

بڵێم:

– گەورەم، با تەیری زەرد گەنج بێتەوە.

بڵێم:

– گەورەم، ژنێک لە دڵمدا خەوتووە، چاوەڕێبە.

بڵێم:

گەورەم، باسی حەوزی مۆرم ماوە.

بڵێم

– گەورەم، تۆ زۆر پەلەی، فەرموو بمبە، با دڵم لە بن داری وەنەوشە هەر لێ بدات.

***

ژنە ڕەشپۆشەکان هاتن،ماڵی و هێمن، بەڕووی دۆستانە و خەمخۆرانە بەڵام پڕ فێڵ و عەیارانە، دایکی کوڕەی هاوڕێم بەزمانێکی وەک هەنگوین گوتی:

10

# ئیبلیسی پەناکان



من دەموبست پێش ئەوەی ببمە بەرد

– شیرینەکەم، باسی ژووری چلەم مەکە، حیکایەتی تەیری زەردمان بۆ مەگێڕەوە، تەنها و تەنها لەو کتێبەمان مەکە.

سەرم نەوی کرد و گوتم:

– پیاوەکانتان بخوێننەوە ئەوان کتێبی دنیان.

دەستی چەپی گرتم و گوتی:

– ئەو کتێبانە تەواو بوون، ئەوانە پیاوی نێومالّ و کۆلانەکانی نێو شار بوون.

من نەمتوانی ڕووی تێبکەم گوتم:

– هەر ئەوان بوون پیاوی جەنگەکان و جوامێردی ژن.

– بوونە وێنەی سەر دیوار و پەیکەر و یادگاری ڕێگا.

ژنەکان گوتیان:

– ئەوان پیاوی نێومالّ بوون، ئەوانە شەڕی بەردەرگا بوون، ئەوانە نوێنەری توڕەیی و دەنگی گڕ و چاوی سوور بوون، ئەوان ڕەشەبا و بلێسەی دەنگی گەنج بوون ئەوان بکوژی عاشق و دلّی کچ بوون.

من ئەو پیاوانەم ناسی بوو، ئەو پیاوانە هاتن و گوتیان:

– شار بەکچ و لەزەتیەوە هەمووی بۆ تۆ، شار بەبۆن و خۆشیەوە هەمووی بۆ تۆ.

ڕووم لە ژنەکان کرد و گوتم.

– پیاوەکانتان چاوەڕێن، پیاوی بێ شار دەبێ ژنێک بیگرێتەوە، ژن شاریەتی، ژن مالّ و کۆلان و پەنایەتی، ژن بازاڕ و دوکانیەتی.

ژنەکان بێ هومێدانە گوتیان:

– بێ ئەو کتێبە ناڕۆینەوە.

من پێم گوت:

– کتێب سووتا، وابزانن کتێب لە دوکەلّدا خنکا.

من دەمزانی ناتوانم شارێک بۆ قامچی پیاو زیندووکەمەوە، من دەمزانی





شارێکیش نییە قامچی تێدا نەبێ، شارێک بەهەموو نهێنییەکانیەوە مەحف ببۆوە، هەناسە و تۆز و ئاواتەکانی وەک یەک ڕۆچوو بوون، **سیمرخێک** نییە مالّەکانی شار لەسەر پشتی دانێ و بیانگەیەنێتەوە سەر زەوی. سیمرخێک نییە شار بکاتە کۆلّی و ڕزگاری کا، تازە شار لە بن پێی دێو و عەزیاکاندا پلیشاوەتەوە، سیمرخێک بالّەکانی هێندەی ئەو سالانە درێژ بێ کۆلانەکانی کۆن کردووە، هێندەی درۆ زۆرەکان و عەشقی درۆ و ناکامەکان زەرد، سیمرخێک گەرووی جێگای ڕەشەبای شێت و چاوی هێلانەی تووڕەیی خەلّکەکەی بێ. کوا سیمرخێک گەردنی ئەو هەموو خوێنە بگرێ لە شار ڕژاوە.

ئەو کچەی بۆنەکەی دابوومێ کە لە کولّوکی پرتەقالّ دروستکرابوو، گوتی:

– گوێت لێبێ، بەلاّم بەدلّێک نا لە بن دار وەنەوشەیەک جێت هێشتووە. تەپەی بێت.

– گوێت لێبێ، بەلاّم بەسەرێک نا تەسلیم ڕەنگەکانی قەرەج بووە.

– گوێت لێبێ، بەلاّم بەعەقلّێک نا هەموو لەشی کوتراوە و سوشێن لە باوەش دەکا.

– گوێت لێبێ، بەلاّم بەچاوێک نا تەنها ژووری چلەم ببینێ.

– گوێت لێبێ بەو عەقلّەی لە پەنجەی مەلاوە ڕژایە نێو سەرت، بەو فرمێسکانەی لە خزمەتی ڕژان.

ئارامم نەما و گوتم:

– جگە لەو شتانە هیچی دیکەم نییە.

کچە بەزمانێکی شیرینتر بەلاّم پڕ حیکمەتتر گوتی:

– نا... زۆری دیکەت هەیە، ئەو سیمرخەی لێی دەگەڕێ بەدەستتەوەیە کێتبەکەم تووندتر گرت و پاڕامەوە و گوتم:

– تکایە، ئەوە تەنها کتێبێکە.

زۆر لەوە عاقڵانەتر کە چاوەڕێم دەکرد، کچە گوتی:

**– ئەو کتێبە، ئەو سیمرخەیە شاری لەسەر پشتە.**

***

ترسام **ئەو کتێبە بداتە شەقەی باڵ**، قسەی ژن تەنها لە فڕێک و قسەیەک نییە بۆ گوتن، **قسەی ژن بەردێک لە پرخەی خەودا دەکاتە تەیر و درەختێک دەکاتە گاکێوی**. من دەمێکە دەزانم ژن دەتوانێ بەچرایەک بلێ ببە پەپوولە و بفڕە، چرا لەوەختی زکر و تاعەت بێ دەبێتە پەپوولەیەکی ئاوس بەبۆنی ژن و دەفڕێ، ژن بەهەر باڵندەیەک بلێ وەرە و ببە کوڕێکی دەست گەرم و نەرم وەک هەتاو پێیەکانم بۆ بشێلە باڵندە ئەگەر هەڵۆ بێت و ئەگەر ئاویلکە دەبێتە کوڕێکی وەک هەتاو، بەدەستێک لە مێوو، هەناسەیەک لە نزا دەیانشێلێ... من هەموو ئەو شتانە دەزانم، بەڵام هەر هێندەی تەماشای چاویانم کرد، هەموو ئەو شتانەم لە بیر دەچێتەوە، دەبێ لە بەریان بپاڕێمەوە و دەستیان ماچ کەم هەتا ئەوەندەم عەقڵ بدەنێ ژنێک ڕازی کەم.

ئەو کچانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان وێکڕا شووشە چراکانیان لە دەست بەربۆوە و **شارێکیان لە تاریکدا خنکاندبوو** تا بۆ خۆیان ڕووناکییەک ببێنن. گوتیان:

**– چەندەم جارە بەجێمان دەهێڵێ، ئێستا کە سیمرخت پێیە دەبێ سوارمان کەی.**

هەموو یادگارەکانمان لەگەڵ ئەو کچانە لە تاریکیدا بوو، من تەنها بەهەناسەکانیان دەمناسینەوە، من دەمتوانی لەگەڵ هەناسەکانیان بنووم و دەست بازی بکەم، من دەمتوانی لەگەڵ هەناسەکانیان بێ دەنگ پێبکەنم، دەمتوانی لەگەڵ هەناسەکانیان بێ ئەنداز بگریم، من لە شەوە هەرە تاریکەکاندا لە بن دارە گەورە و ئەستوور و پیرەکان یەکە یەکە دەمدیتن، پشتمان بەدارەکانەوە دەدا و دەستی یەکدیمان دەگرت، بۆ یەکدی دەدواین، من هەرگیز ڕووی ئەو کچانەم نەدی و لە باوەشم نەکردن، ژنە پیر و سەر





ئاسنینەکان وەخێک ڕێچکەی فرمێسکی ڕوومەتی کچەکانیان دەدی بێ ڕەحمانە پێیان، دەگوتن:

**– بۆ کوڕ دەگرین، مەگەر تەنها لە گۆڕدا لە باوەشیان کەن.**

جەخاری ئەو کچانە لە هەناوی مندا بوو، ئەو شارانە تۆڕێک بوون بۆ ڕاوی کچ، تاکە لەزەتی ئەو کچانەش ڕاوکردنیان بوو، ئەو ئێوارەیەی هەموو شووشە چراکانیان لێکەوتە خوار و شار بووە باوەشی تاریکی، زانیم لە پشت ئەو تاریکییەوە چەند دڵ خەریکە بتەقێ و ڕووناکییەک لە دنیادا نەماوە فرمێسکەکانی ئەوان ببینێ.

دەمویست لە پشت دەرگاکانەوە قسەیان لەگەڵ بکەم و لە کەلێن و کونی دیوارەکانەوە دەست بەرم و دەستیان بگرم و نامەیەکی گەرم بەتەزووی پێستیان و پەشۆکانی خوێنیاندا بۆ دڵیان بنێرم. یەکە یەکە دڵنەواییان بکەم و پێیان بڵێم کە ئێوە ئەو گەوهەرەن کەوتوونە نێو لیتاوی کۆمەڵگا و پیاوەکان و کوڕە گەنجەکان بەلیتاوەکە ڕازین و گەوهەرەکان نادۆزنەوە. پێیان بڵێم تاکە ڕووناکی دنیا ئێوەن. من دەمویست پەنجەی هەرە چوکەڵەیان ماچ کەم و ڕاسپاردەی خۆم بۆ یەکە یەکەی تاڵە قژەکانیان بنێرم.

من دەمزانی قسەی ئەو پیرێژنانە چ بەرانێکی غەم لە دڵیاندا سەر دەبڕێ. ئەو دەم من دەبوو بۆنێکم لێ بێت، بۆنێک بۆ هەموو کەس.

**ئێستا نەمزانی چۆن کتێبێک لەبەر چاوی ئەو کچە بێ مرادانە بۆتە سیمرخ**، ڕووم تێکردن و بەچاوێکی زۆر گەش و فراوانەوە لێم ڕوانین، لە نیگایان سەمای سەدان کۆترم دیت لە کاتی پێکانیان و کوژرانیان. تەقڵە و بازبازێنی چەندان کەروێشک و ئاسکم بینی لە کاتی ڕاوکردن و سەربڕینیان.

من بێ ئەوەی لەو نیگایانە بسڵەمێمەوە ویستم بێمە جواب و ئەوان گوتیان:

– پێش ئەوەی وەک پاڵەوانێک نهێنی دروستکردنەوەی شار ئاشکرا

کەی، پێش ئەوەی کتێبەکەت وەک سیمرخ بدا لە شەقەی باڵ، **نهێنی ئەوەمان بۆ ڕوونکەوە چۆن هەموومان دەناسی و بۆچی وێنەت لە ئاوێنەی هەمووماندا هەیە.**

ئەوان نەیاندەزانی من هیچیان ناناسم، ناوەکانیان لێک جیاناکەمەوە، ئەوان نەیاندەزانی کە من تەنها کەسەرێک و گەرای غەریبی لە چاوانیاندا دەبینم. لە چاوی هەر هەموویاندا گەرای کەسەر و غەریبی. من ئەو گەرایانەم دەدواند و بەدەستی بێ پەنا و نازنەگیراویان تەزووی گەرمی ئینسانی و نامەی پڕ سۆزی هاو خەمیم دەنارد، ئەوان نەیاندەزانی من لەوە نابووترم وێنەکەم بچێتە ئاوێنەی تاکە کچێکەوە.

پیاوەکانی ئەو شارە بێ مۆڵەت ژن و کچەکانیان دەشێلا و هەرگیزیش نەدەچوونە نێو ئاوێنەی کچ و ژنەکانیانەوە. ئەوان چیدی نەیانهێشت بتاسێم و گوتیان:

**– قسەمان بۆ مەکە، با سواری سیمرخ بین، گۆشتی ڕانی خۆمانی دەدەینێ.**

گوتم حاشا لەو سالانەی تەنها بۆ دیتنی دوور بەدووری ڕانێکم بەسەر بردن. گوتم حاشا لەو سالانەی هەمیشە تێیاندا دەنووستم تا خەون بەڕانێکەوە ببینم. گوتم حاشا لەو هەموو پارە و کات و تەمەنە و سەرئێشەیەی لە سینەماکاندا بۆ دیتنی بەژنێکی ڕووت بەسەرم بردن. **من ئەوەندەی پێ ئاسنەکان و سیما مسەکان و وتارە دوور و درێژەکان ئازاریانداوم بیرەوەریم بۆ ڕانێک سەد هێندەی ئازار داوم.** بێ دوو دڵی ڕووم تێکردن و گوتم:

**– تەنها دەمەوێ بزانم چی کتێبێکی لێ کردوونە سیمرخ؟**

ئەو پرسیارەیان زۆر پێ سەیر بوو، ئەو کچەی یەکەم کەس شووشەی چراکەی شکاند و شاری تەسلیم بەتاریکی کرد گوتی:

– ئەو شتەی شار لەو نغرۆبوون و وێرانیە ڕزگار بکات سیمرخە.

من نەمدەویست ئەوەیان بیرهێنمەوە کە ئەو زەمەنەی ئەوان تێیدا دەژیان





ڕۆچوو، یان شار هیچ نەبوو جگە لەو زەمەنە، ئەو زەمەونە بەنێو کۆڵان و جادەکانی شار وەربوو، ئەگەر ئەو پەنایەی ناخیان کە شەیتان ئاوەدانی دەکردەوە هێنابێ چاکە، دەشێ هەموو تەمەن و هەموو ئاوەز لەبیر کەی بەڵام ناکرێ ئەو پەنایە جێبهێڵێ، بەکچەکانم گوت:

**– دەکرێ، ئێوە هەریەکەتان شارێک ئاوەدان کاتەوە.**

پیاوەکان کە تا ئەو دەم، پەنجەیان لە خۆڵ وەردەدا، هێواش قیت بوونەوە و پشتیان ڕاستکردەوە، بەچاوێک نە چاوی بەرگری و ترس بوو، نە چاوی حرس و خەفەت بوو، نەچاوی لە دەست چوون و مردن بوو، نە چاوی دۆڕانی شار بوو، تەنها چاوی ڕاوکردنی ژن بوو گوتیان:

**– تف لەخۆت و قسەت. شارێک پیاو ئاوەدانی نەکاتەوە سەگیش لێی ناتۆپێ.**

**– شاری ئێمە لاپەڕەیەک بوو لە شکۆی پیاو.**

– بازاڕ و دوکانی پیاوان، هوتێل و باخچەی پیاوان، کتێب و نووسینی پیاوان.

دواکەسیان کە پیاوێکی کوێر بوو، ورگی ڕووتی گەیبووە سەر زەوی گوتی:

**– ئەو شارەی پیاو ئاوەدانی نەکاتەوە زبڵخانەیە.**

چ گوێ بدەمە ئەو قسانە و چیان بیر خەمەوە، ئەو کچەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ترسی ئەو پەنایەی لە ناخی ڕووناک ببۆوە هاتبۆ کن مەلای، ئێستا سەرە ژنێکی کامڵ و توند بوو، گوتی:

**– فەقێ سوورە لێی گەڕێ با ئەو کتێبە باڵەکانی بکاتەوە.**

من ترسام جوانی ئەو کچە بمگرێ و تەسلیم بم من دەترسام. ژنی کامڵ غەرقم کا و نەفەسم بخنکێ. زەینم دایە دەستم و زەینم دایە کتێبەکە، **دەمزانی مەلا خەریکی پۆشینی بەرگی ژنە و هەر بینە فرتەی کرد و لە کتێبەکە هاتە دەرێ و دای لە شەقەی باڵ. حەزم دەکرد بێتە دەر و نهێنی دنیا لە من بستێنێتەوە،** هەستم دەکرد ئەو نهێنیە ماندووم دەکات و

خەریکە بڕمێنم. بێزاریش بووم لەوەی بەخۆی و تاکە بەرگێکەوە. بێتە دەر و بەرگەکانی دیکە بۆ من بەجێهێڵێ.

**– دەی فەقێ سوورە باڵەکانی وەکە**

ئەوان حەقیان بوو، نەیاندەزانی شار چ بەڵایەکە، نەیاندەزانی لە شاردا چ پیاوی سەر ئاسن و پێ مس خۆیان حەشارداوە، ئەو پیاوە پێ مسانە پێ لەبەرد نێن دەیکەنە ئاو، وەک هێلکەیان لەبن پێ بێت دەیفلیقێننەوە، نەک ئەو لەشە ناسک و هەستە ئاویەی ئەو کچانە. ئەگەر کچە شێخ یەک جار مەلای بەبەرگی ڕقەوە دیبا، یەکجار ئەو پیاوە سەر ئاسنانەی دیبا کە وەک کوللە لەدار و دیوار دەهاتنە دەر وەختێک مەلا ئایەتە دوور و درێژەکانی دەخوێندەوە، کچە شێخ مەلای تەنها بەبەرگی ژنەوە دیبوو، تەنها پەنای شەیتانی پێشانی مەلادا بوو، ئەو پیاوە پێ مسانە دەیانووسیت هەموو دەم شووشەی چرا و فانۆسەکان بەربنەوە و بشکێن، دەیانویست تەنها خۆیان لە تاریکیدا بدرەوشێنەوە، بەخۆیان و ددانی درێژ و چاڵی چاوی ڕەشەوە گەنجییەتی بتاسێنن و کچیەتی لە شار بستێننەوە، ئەوان ئەو حەرف و وشانەشیان دەخنکاند لەمێ چووبان یان بۆنی مێیان دابایە.

ڕووم لە شێخ زادە کرد و گوتم:

**– خانمی شێخ، بۆچی شارێک ئاوەدان کەینەوە، کە تەنها پەنایەکی ڕووناکی تێدایە.**

شێخ زادە ئەو دەم زانی من لە پەنا شەیتانیەکەی ناخی ئاگادارم، بەچاوێکی وەک ئاگر بۆی دوانیم و گوتی:

**– ئەی ئیبلیسی پەناکان... تۆ ئێمەت لە شار وەدەرنا.**

**لە خۆم نەترسام و ترسام نیگاکانی کتێبەکە بسووتێنێ.**

گوتم:

– پیرۆزی پیاوە فرشیتەکانتان بن، ئەگەر ئەو پیاوانە ڕووناکیەک لە ناختاندا داگیرسێنن، ئێوە هەرگیز پێویستان بەشەیتانێک نابێ.

***

11

# ئەو کتێبەی بووە سیمرخ



دەمویست پێیان بڵێم، با هەموو دنیا بۆ ئێوەبێ، من جارێک سی و نۆ ژوورم بەدنیا بەخشیوە، دەتوانن لە هەر سی و نۆ ژووریدا بگەوزن، دەتوانن دە ساڵ، لە ژووری شیر خۆتان بشۆن، شیرێک لە جێی پیاو و لە جێی نان، سەد ساڵ لە ژووری ئاوێنە خۆتان جوان کەن، میوەی ژووری بەهەشت بخۆن و ئاوی حەیات بمژن، هەزار ساڵ لە ژووری لەزەت وەرکەون، وەرکەون و نەنوون، ئەو ژوورانە تەمەن تێیدا کۆتایی نایە، **مرۆڤ تەنها بۆیە لێیان هاتۆتە دەر و سنووربەندی کردوون و کردوونی بەحەرام و عەیبە تاکو پیر بێت.**

کچێکیان کە تانەیەکی سپی لەسەر چاوی ڕاستی بوو، ئەوەندەی دیکە خوماری کردبوو، بەسنگی پڕ بەرەکەتیەوە، سنگێک لە ناکاو قوت ببۆوە، هاتە پێش و گوتی:

– تۆ... تا ئێستا دڵی تاکە کچێکت خۆش نەکردووە.

ئەو کچە نەیدەزانی لە دڵی مندا تاکە خۆشییەک نییە، سنگم دڵێکی پیاوی تێدا بوو کە تەسلیمی خەجاڵەتیاکانی خۆی ببوو، ئەو کچە نەیدەزانی دڵێکی دیلم هەیە، دڵێک بەرامبەر حەوزی مۆر و لەبن دار وەنەوشەیەک تەپە تەپیەتی، دڵێک لە باوەشی کچی ژووری چلەم بە ئاودا ڕۆچوو، **ئەو دڵەی بۆنی کچی ژووری چلەمی کردبێ هەرگیز بۆنێک دڵخۆشی ناکات، هەرگیز ڕەنگێک نایگرێ، هەرگیز کچێک پێی شاد ناکرێ.**

من لەو ڕۆچوونە ئەوەندەم لەبیرماوە، بەنێو تیشکی ئاسۆدا ڕۆچووم، ئێوارەیەک کە تیشکی ڕۆژ سەد لەت و سەد ڕەنگ و سەد سیحر دەبێت لە باوەشی کچی چلەمدا خەوم لێکەوت، ناخەونا، لەزەتی باوەشی گرتمی و بۆنی قژی شاگەشکەی کردم، تەمێک لە باوەشی کردبووین، هەڵمێک پێستی داپۆشیبووین، تەمێک ڕژابووە سەر بەرە دەستی ئەو باخەی گیای وەک مووی سەری منداڵێکی تازە تاشراو لووتی وەدەر نابوو، دڵم لەو سەفەردا نەگەڕایەوە، ئەو سەفەرە گەڕانەوەی نەبوو، کەس ناتوانێ ئەو





وڵاتانە باس کات پێیاندا تێپەڕیم، ئاوی سەد ڕەنگی ئەو لەزەتانەی خواردمنەوە، لە باوەشی کچی ژووری چلەم، ئەو وەختانە خۆر وەک خوێنی لێ دێت، دوا لەتی خۆر قووتی داین، خۆرێک بەو هەموو گەورەییەوە لە چاوی ئێمە کەوتە خوار، لەو سەفەرەدا کچەم تووند گرتبوو دەموچاوم بەلاملی کردبوو، قژی بەسەرمدا ڕژابوو، لووتم لە سەفەرێکی هەرە سیحری بۆندا غەرق ببوو، هەناسەم دەکەوتە سەر لاملی و دەبووە دیل، هەناسە دیلەکانم بەسەر پشتیدا شۆڕ دەبوونەوە، هەناسە دیلەکانم بەختەوەربوون لە زیندانی سنگمەوە کەوتبوونە سەر ڕووکاری پشتی بێ وەسفی، ڕژابوومە سەر سنگی، لێوی هەنگوینی جووڵاو وەک دەنگێک لە سێوێکی سوورەبێ، کچەی ژووری چلەم سەری بۆ سەر شانم لارکردەوە، وەک ئەو سێوە سوورە درزێکی تێبێ و بڵێ:

– **نزای ئەو مۆمانەت لەبیرە کە دامانگیرساندن.**

من گوتم:

– ئەو نزایەی لە پێستمانەوە هاتە دەر، کە پێک کەوتن شریخەی هات.

ئەو گوتی:

– **خوایە عەشقمان وەک ئەو مۆمانە تا ئەبەد بسووتێ.**

مۆمەکان شانیان وێکدابوون، دەسووتان لەنێو یەکدا دەتوانەوە، ئێمە بەئاوێکدا ڕۆچووین وەک مۆم توابۆوە، وەک تەمێکی خەست کەوتبۆ سەریەک، تەم لە جەستە و لە ڕوومان ئاڵا، تەم لە قژی دەتکا و دەکەوتە سەر لێوم، هەناسەیەک هەڵیگرتم و باران وەک چاوی کۆتر دەهاتە خوار، وەکو نێرگز هەموو حیکایەتەکانی بۆ دەگێڕامەوە، باران بەگوڕ دەباری گوێم بۆو حیکایەتانە گرتبوو، هاتمە دەر و دوای دڵۆپە بارانێک کەوتم، بەنێو گیا و گرد و گۆڵاوەکاندا تێپەڕیم، تێپەڕیم و لە پەنایەک گوێم لە دەنگت بوو، تەڕم وەک ئاو، ساردم وەک بەفر بانگت کردم و لەبەر ڕووناکی چرایەک دەدرەوشایتەوە، لەبەر ڕووناکی چرا کوڵمەکانت سوور ببوونەوە، باوەشت بۆ کردمەوە و هاتمە بەردەمت، دڵم نەهات بەو لەشە تەڕ و ساردەوە

بێمە باوەشت، پەنجەیەکی دەستت گرتم و لەشکری لەزەت و گەرما وەک مێرووله ڕژانە نێو پەنجەم. حەزم دەکرد بێمە باوەشت و بسوتێم، بسوتێم لە هەموو ئەو ساڵانە پاکبمەوە کە لێت دووربووم، بسووتێم و بەختەوەربم لە چاومدا تۆ هەی.

من لەسەر سنگی کچی چلەم خەوم لێکەوتبوو، لەنێو تاڵی قژی دەدوام.

ببووره ئەی بەرائەت و جوانی، ببووره ئەی دڵسۆزی و وەفا... ببووره... من دەفتەری گوناهەکانم پێکردیەوە، من هەموو لاپەڕەکانم پڕ کردی لە خەتا، من ئەلبومی تەمەنتم پڕ کرد لە وێنەی عەشقی پڕ گوناهە، من بەختەوەرم بەو عەشقە پڕ خەتایەم، من شادمانم بەو عەشقەوە بسووتێم، با بسووتێم و عەشقم هەناسە بدا... تۆ ئەی شاژنی چلەم ژوور، ئەی لوتف و نزا، دەبینم لەنێو تەم و ئاونگ، دەبینم لەنێو گیای تەڕ و تاریکی، لە عەشقدا غەرق بووین و فریشتەکانی ئاسمان نزامان بۆ دەکەن، با مۆمەکانی نزا بۆ ئەبەد بسووتێن... با ئەو دوو عەشقەی نێو تەم و هەڵم تا دنیایە لە ئامێزی یەکدا و بەبۆنی یەک سەرخۆش بن.

لەو دیو هەزاران دیوار و هەزاران چاو، لەو دیو هەزاران چاو و گوێ و مرۆڤ، لەو دیو دنیاش هەر دەتگەمێ و لە باوەشت دەکەم، هەر دەتگەمێ و هەناسەت دەمژم، دەتوانی فرێمدەیە نێو دەریا، دەتوانی بمدەیە دز و پیاوانی خەتا... بەهەمان ڕێگادا دێمەوە، بەعەشقدا دەگەڕێمەوە، بەخۆشەویستیدا بەسەر دەکەوم، بەسەر دەکەوم و بەتەڕی و سەرما بردووی دێمەوە باوەشت، تۆش... پێیە ناسکەکانت لە گوناه و خەتا و حەرام دەنێی و وشکم دەکەیەوە، وشکم دەکەیەوە و بەپەنجە سپی و ئاشناکانت دەردی ڕووم دەسڕی، وێنەکانی خۆت لە چاومدا ماچ دەکەی، من شەهید دەبم و زیندوو دەبمەوە.

خەتایەکانم بەئاوداده و خەتایەکانم بسووتێنە، تۆ بگەڕێ لەسەر جەستەی عەشقان بگەڕێ، بێجگە لە جوان و پیرۆزی و خواپەرستی هیچی دیکە لەسەر جەستەمان نابینیەوە، تۆ بگەڕێ لەسەر جەستەی عەشق و





ئەڤینمان بگەڕێ پڕە لە ئایەتی پیرۆز و عەشقی بێ ریا، ئەوە نزای پیاوێکە دوای چاوی باران کەوتووە، تەڕە تەڕە ئەو پیاوە تەڕ و بێ پەنایە لەنێو تەم و باران بۆت دەگەڕێ... ڕەحمی پێ بکە و بیکوژە.

**کچەی ژووری چلەم، وەک کۆخێک لێو بکاتەوە**، گوتی:

- وەک کچانی وڵاتەکەت مەمدوێنە.

***

لەنێو ئاودا تەم، لە باوەشی تەم، سەفەرێک گەڕانەوەی نەبێ، گەڕانەوەی نەبێت و نەگێڕدرێتەوە، بۆ من نەهاتووە باسی دڵخۆشی ئەو کچە بکەم لە ژووری چلەم چاوەڕێم بوو، لەو سەفەری ڕۆچوونەدا بوومە مارێک بەسنگیەوە نووسام، ئەویش پێی گوتم:

**- تۆ لەوەتەی هەی دوو چاوی مارت هەبووە.**

من سەرە سێگۆشەییەکەم بەرزکردەوە و زمانم هێنا دەر، زمانێکی باریکی درێژ، بەئاستەم بەلێویمدا هێنا و هەستم بەگرنجی لێوەکان کرد، کە بەزمانی کوڕێک هەستم پێ نەکردبوو، من لە مەمکی ئاڵابووم و سەرم بەلێوەکانی کردبوو، ئەو گوتی:

- دەبێ حەوت ساڵی دیکە بڕۆین تا دەبیبەوە بنیادەم.

ئەو سەفەری چلەمە ناگێڕمەوە، ئەو کەسەی ئاوی ژووری چلەمی خواردبێتەوە هیچ ئاوێک تینوەتی ناشکێنێ، ئەو کەسەی باخی چلەمی دیبێ هیچ باخێک دڵخۆشی ناکات، ئەو کەسەی تەیری زەردی ژووری چلەمی دیبێ بەهیچ تەیرێک سەرسام نابێ، ئەو کەسەی چووبێتە باوەشی کچی ژووری چلەم هیچ باوەشێک گەرمی ناکاتەوە. هیچ باوەشێک لەزەتی ناشکێنێ. هیچ کچێک دڵی پێ داگیر ناکرێ.

من دەمویست بەو کچە بڵێم کە تانەیەکی لەسەر چاوی ڕاستی بوو،

**- سنگی تۆ سەد شاری پێ ئاوەدان دەکرێتەوە.**

ئەو گوتی:

**- من نامەوێ قسەی هیچم بۆ بکەی، ئەگەر دەتوانی سواری پشتی**

**سیمرخم کە.**

تازە ئەفسانەی ئەو کتێبەی بووە سیمرخ بەمن ڕەش نەدەکرایەوە، **هەموو کتێبەکانی دنیا کەڵکەڵەی فڕینیان کەوتە سەر، هەموو پەڕە تەنها و تەریکەکان دەیانویست بچنە نێو کتێبێک و بدەنە شەقەی باڵ.** گوێم لێ بوو خۆشخوانەکان، چوار مەشقی لە پەنا تەپۆلکە و بن دارەکان دادەنیشتن و ڕوویان لە خەڵکەکە دەکرد، بەزمانێک کە شاهیدی هەموو شتێ بێت، دەستیان پێکرد.

– سیمرخ، چ سیمرخ! سێبەری هەر باڵێکی دوو شاری دادەپۆشی، جاری حەڤدە بەرخی قووت دەدا، تەنها ئەو سیمرخە دەتوانێ شاری ئێمە ئازاد کا، ئەو سیمرخە بەناو ئاگردا تێپەڕی بوو، چ جادوویەک سیمرخی ڕزگاری مەی گرتبوو خۆی هاوێشتبوو نێو پەڕەی کتێبی مەلایەکەوە، ئەو پەڕانەی بەخوێندنەوە نەدەبڕان، سیمرخێک کە خوا بۆ ڕزگاری ئێمەی خەڵق کردبوو، دەبێتە بەندی نێو کتێب، جا ئەو سیمرخە دەداتە شەقەی باڵ، جا ئەو سیمرخە دەگاتە وڵاتێک شاخی ئاو دەبێ، داری ئاو دەبێ، بیابانی ئاو دەبێ، قەڵاو کۆشکی ئاو دەبێ، سیمرخ باڵێکی لە ڕۆژهەڵات و باڵێکی لە ڕۆژئاوا، حەوت ساڵان بەقوڵاییی ئاوێدا ڕۆدەچێ، وەک تیر دەڕوا، سەری حەوتەم ساڵی دندوکی دەگاتە ئاڵقەی شاری، تووندی دەگرێ، ڕایدەکێشێ، بەچوارده ساڵان دەگاتەوە سەر دنیایە، شار چۆن قم ببوو ئاوای دێنێتەوە دەر، بێ ئەوەی کلۆکی دارەکی بەربێتەوە، بەڵام خەڵکەکەی ببوونە بۆق و مارماسی، ببوونە ماسی جوڕە و قرژاڵ...

پیاوێکی کامڵی دەموچاو کونج گونجی شەدەخوار گوتی:

**– بەوەی چاکە، شاری ئێمە کە نغرۆ بووە کەسی دەگەڵ نییە.**

– ئاه... سیمرخ بیهێنابایەوە دەر.

یەکی دیکە گوتی:

– بریا هەموومان چووباین و شار نەچووبا.

کچەکان وێکڕا گریان، گریانێکی یەک نەوا، دەیانگوت:





– ئێمە شارێکمان دەوێ تێیدا بگەڕێین، ژوورێکمان دەوێ تێیدا بنووین، پشتیەکی نەرم و نۆڵمان دەوێ سەری پێکەین، دەبێ لە حەوزێکدا خۆمان بشۆین، کانیەکمان هەبێ، تەنافێکمان دەوێ جلەکانمانی لەسەر هەڵخەین، دەبێ ئەو شارە ژووری پەنا و تاریکی تێدابێ، **دیواری ئەستوور و نهێنی گر، ژووری وا بەرگەی گریانمان بگرێ**، شار بەبێ ئەو ژوورانە نابێتە شار، ماڵەکان چەند ڕوویان کراوەبێ، بۆیەی ڕەنگاوڕەنگتر بێ، دەبێ ئەو ژوورانە قووڵتر و پڕ غەمتربن، با بازاڕ و مەیدانی گەورەی نەبێ، با یاریگا و جادەی بەرینی نەبێ، وەختێک ئێمە نەتوانین لە ماڵ بچینە دەر، وەختێک هەموو شتێک لە ئێمە حەرام بێ.

من نەمدەویست وەڵامی ئەوانە بدەمەوە، قسە بایەک بوو تێپەڕی بوو، **ژیان ببوو خەونێک لە ئاودا شەڵاڵ**، ئیدی چ لەگەڵ سیغارێک دەکەی ئارەقە تلیساندبێتیەوە، بۆیە پێم گوتن:

**– ئەوە کتێبێکە لە شێوەی سیمرخدا، نە باڵی پێ لێک دەدرێ و نە دەکەوێتە نێو هەوا، نە کوندە ئاو دەخواتەوە و نە کاوڕ. ئێوە تەمەنێکتان ون کردووە و قەدرێکیش بەدواتانەوەیە،** شارتان تەسلیمی قەدرێک کرد کە لێی ناگەڕێتەوە، ئەوان بێهومێد و سەرسام، لێکیان دەڕوانی، وەک یەکەم جار بێ هەواڵی نغرۆبوونی شار ببیستن، ژنێک کە تیلماسێکی سەوزی لەنێو چاوانی بەستبوو، کراسێکی ئاودامان لەسەر بەدەنی دەلەرزی، تەماشای چاوەکانی کردم و گوتی:

**– تۆ بەبێ من ناتوانی ئەو کتێبە بخوێنیەوە، وشەی ئەو کتێبە منم.**

بەبێ وازی گوتم:

**– من تۆ ناناسم.**

بەچاوێک وەک دەریای قەرسیل تەماشای کردم و گوتی:

– درۆ دەکەی. ڕۆژەکانی هەرزەکاریت چەند بەدیارمەوە پاڕایەوە، خۆت لە نوێژ درێژەکان دەشاردەوە و لە درزی دیوارەوە تەماشای منت دەکرد، تەنها من دەزانم لە ناخەوە چەند لەتم کردووی.

من لە شنەی سەوزی چاوەکانیدا و کامڵی جەستەیدا ونبووم، ون بووم و تەونی خەمێک دڵی هەرزەکاری شەتەک دام، من شەوانی دوور و درێژ بەدیار وێنەی ئەو کچەوە زۆر گریابووم، وێنەی ئەو کچە هەرگیز لە چوارچێوەکەی نەهاتە دەر، هەرگیز لێوی نەجوولاند و چاوێکی لێ دانەگرتم، حەرفێکمان لە نێواندا نەبوو بۆ ناسینەوە.

بەسامی چیایەکەوە لێم هاتە پێش و کتێبەکەی نێو دەستم لەرزی، توانیم موچڕکەکانی نێو دڵم بشارمەوە، ئەو گوتی:

**– ئەو کتێبە بداتە شەقەی باڵ، سیحری گەشتەکانت و تەلیسمی وشەکان مانایەکیان نامێنێ.**

بەوازشەوە پێم گوت:

**– تۆ خۆشترین لەزەتەکانی دنیات دزیووە، واز لە داوی سیمرخ بێنە و، برۆ ئەو پیاوە ونبووانە چاوەڕێی حیکایەتەکانی تۆن.**

ئەویش بەزمانی فەرماندەیەک گوتی:

**– تۆش ئەو کتێبە بەرەڵاکە و دوای ژووری چلەم کەوە.**

هەستم نەکرد لە گەشتی ژوری چلەم گەڕاومەوە، جارێکی دیکە نایەمەوە بەر دەرگای باخە بێ حیکمەتەکانی سوشێن، هەناسەی ئەو پیاوانە نانووسمەوە کە بەخۆیان و چڵە نێرگزێکەوە لەسەر ڕێگای سوشێن پیر بوون، پیر بوون لە شێوەی ڕەگی دارمێو ئیشک ببوونەوە، جارێکی دیکە ڕێگە نادەم سوشێن یەخەم بگرێ و بڵێ:

**– ئەی ڕیاباز. تۆ بووی لە شێوەی پیاوێکی لەش کوتراو بەڕەنگی ژنان هاتیە لام و هەموو ویقارەکانی کچیەنیت لێستاندم.**

دواتریش ڕستەی فرمێسکەکانی بنێری و بڵێ:

**– توخوا با ئەو شارە بەجێ نەهێڵێ.**

ڕیزی کچەکان وەک بەتەوژمی نورێک درزی تێبێ، قەڵشی، ڕاستە ڕێیەک لە نوور بەنێویاندا دەهاتە خوار، سەرەتا ڕووناکییەک و **دواتر کچێک، کچێک وەک دنیای لە باخەڵ بێ،** بەهەنگاوی نەرم، بەبۆنی هەر سی و نۆ ژوور و ئەفسونی ژووری چلەمەوە هات و بەرامبەرم وەستا و





بەجۆگەلەی ڕوانینەکانی بانگی کردم، بەچاوێک بۆی ڕوانیم وەک گۆشتم لەبەر نیگای توابێتەوە، گوتی:

**– تۆ پەیمانی سەفەرێکی بێ گەڕانەوەت دابوو**

کچەکان هەناسە ڕاگیراو بێ هەست، هەموو بەیەک چاو بۆیان دەڕوانی، ئەویش هەر ڕوو لە من بوو، گوتی:

**– سەفەرێک نەبێتە حیکایەت.**

گومانی چاوەکانی خوێندمەوە و باسکەکانی هەڵکردن، **جێ ددانەکانم لە شێوەی نیوە سێوێک** لەسەر نەرمایی بازووی دەدرەوشاوە، من جێگای ددانەکانی خۆم لەسەر نەرمایی باسکی ناسییەوە، تەیری زەرد بەسەر سەرماندا تێپەڕی و هەوا بۆنی هەڵگرتینەوە.

دەستی برد کتێبەکەم لێوەرگرێ، ترسام بداتە شەقەی باڵ و خەڵکەکە بەبێ جووڵە و بەنیگایەکی ڕوح کوژانە گوتیان:

**– بیدەیە با سیحری شارەکەمان بۆ بشکێنێ.**

**– بابیخوێنێتەوە.**

ترسی سێیەم مردنی مەلا و ترسی کتێب و ترسی شار و ترسی خەڵک، لە دەروونمدا ڕەشببوونەوە و سەفەرێکم لە پێش بوو هەرگیز کەس ناتوانێ بینووسێتەوە.

وەک دەستێکم لێکەمەوە و بیدەمێ، کتێبەکەم دایە، ئەویش بەدەستێک وەک تیشک لە ناویدا خەوتبێ، لێی وەرگرتم، کیفە سەوزە ڕزیوەکەی داماڵی و داوای لێکردم بەرگەکەی هەڵدەمەوە، دەستم برد بەهەمان ئەو پەنجەیەی خوێن لە بن نینۆکەکەی ببوو خاڵێکی ڕەشی ڕەونەقدار، بەئاستەم لێواری بەرگەکەم گرت و **هەڵمدایەوە، سەرەتا چەند دنکێک و جۆگەلەی تۆز، دواتر لافاوی خۆڵ ڕژایە خوار و پەڕە و حەرفەکان وەک تۆز لەسەر کتێبەکە بڵند بوون، لاپەڕەکانی ببوونە خۆڵ و وەک دەریا لەو کتێبە دەڕژان، تۆز بەری ئاسمانی گرت، ڕۆژە بەسەرچووەکان وەک خۆڵ ڕژانە بەر پێمان، ساڵەکان هەڵوەرین و بەرگی ڕەسمی و بەرگی ژن و بەرگی مەلا پێکەوە ڕەش ببوون و پێکەوە ڕژان، تەمەن و زەمەنی نێو شاری هەزاران**

**کەس لە کتێبێکەوە بووە خۆڵ و هەڵڕژا.** بەکچەکان و پیاوە سەرسامەکانم گوت:

**– دەشێ مێژووناسێک قەدەری شارەکەتان لە خۆڵەدا بۆ بێنێتە دەرێ.**

قسەکەم لە هەوا بزر بوو، چونکە ئەوان بەخێراییەکی سەیر لە تۆز و خۆڵەکە دوور دەکەوتنەوە، ئەو خۆڵەی لە کتێبەکە دەڕژا ئێمەی لەوان جیا کردبۆوە.

ڕوانیم کچەی ژووری چلهەم وەک **باڵایەک لە عیشق** و **هەناسەیەک لە پەیمان** و **ئومێدێک بۆ سەفەر** دەستەکانی بۆ درێژ کردم. پەنجەکانی کە تیشکێکی وەک نوور لە ناویاندا خەوتبوو، پەنجەی ناوەندیم گرت و، ئەفسونی ژنەی بەخەنە سوور بوو، ئەفسونی سوشێن و کچانی ئەو دیو دەرگاکان دەمارەکانی هەموو جەستەمیان تواندەوە و، مار ئاسا بەسەر پەنجەیدا کشام و بەسەر باسکیدا تێپەڕیم و شوێن ددانەکانم لەسەر بازووی بێ تاریفی لستنەوەو بەسنگیەوە نووسام، **سەر سێگۆشەییەکەم** لە دەمی نزیک کردەوە و زمانە درێژ و باریکەکەم بەلێوی داهێنا، هەستم بە گنج و هێڵە هەرە باریکەکانی سەر لێوی دەکرد.

بێ ئاگا لەوەی بەناو چ ئاوێکی مۆردا غەرق دەبین و تەیری زەرد چۆن پیر دەبێ و دار و باخی ژووری چلەم ڕەنگیان چۆن دەگۆڕێ و دڵم لە بن دار وەنەوشەکە چۆن لێ دەدا خۆڵ و تۆزی شار لەنێو کتێبێکەوە چۆن هەڵدەرژێ، بێ ئاگا و مەست هەردووکمان لە ئانێکدا گوتمان:

**– سەفەرێک گەڕانەوەی نەبێ، سەفەریک نەکرێتە حیکایەت.**

جەبار جەمال غەریب

هەولێر

٢٠٠٢/١/٢٠ – ٢٠٠٠/٣/٢١